وارڤین وردەکاری مەرگی سایە فاتیح بڵاو دەکاتەوە

## بەر لەخۆکوشتن نامەیەکی بۆ هاوسەرەکەی جێهێشتووە

## عەلی کەلاری سێوە مێخەکرێژەکەی سەیوانی سوور کرد

# وارڤین


گۆڤارێکی ژنانەیە دەزگای (وارڤین) 15 ڕۆژ جارێک دەری دەکات
ساڵی یەکەم/ ژمارەی بیست و دوو / 68 لاپەڕە/1500 دینار/٥ـی جولای ٢٠١٠




## خرپن عاشقی بابە سەنفورە

## ئەمسا لە کوردستان بیرە بەرهەم دێنێت

## عومەر شێخموس:

## موحافزکارانی یەکێتی ڕێیان لە گۆڕان گرت

www.netaw.com

# WARVIN.ORG


وەزیری پێشووی ژنانی عێراق
(نەوال سامـــــــەرائی):
حکوومەتی نوێ ڕەوشـــــی ژن
باشتر ناکات 12

گومان لەراستی ڕاپۆرتەکەی
هیومان ڕایتس وۆچ لەبارەی
ختەنەوە دەگرێت 22

زۆربەی ژنانی کوردستان
هاندەری هەڵبژاردەی
بەڕازیلن 37

ئامادەبوونی پیاوان لەهۆڵی
منداڵبوون تەندروستە؟ 39

نازدار جـــوانترین
و دەنگخۆشترین
هـــونەرمەندی ژنە 54




عێراق - عەمارە ٢٠٠٩ خێزانێکی هەژار لە ئەهوارە وشکبووەکاندا فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی


**خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر:** لەنجە عەبدوڵڵا Lanjaebdulla@yahoo.com

**سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەوانی:** عەبدولڕەحمان عەلی ebdulrehmaneli@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر:** تەنیا کوردی tanya_kurdy@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نووسین:** بەهرە حەمەڕەش behre2009@yahoo.com

**ڕاوێژکاری یاسایی:** فەوزیە فەقێ ڕەشید

**ڕاوێژکاری دەروونی:** د. توانا عەبدولڕەحمان

**ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی:** م. هەتاو کەریم

**فایلەکان**

**تەندروستی:** شیلان یاسین shelan_yasen@yahoo.com

**کۆمەڵایەتی:** ئاڤان فارس جاف avanfarsjaf@yahoo.com

**وەرزش:** ئەرسەلان عەبدوڵڵا arsalansport@gmail.com

**هونەری:** ڕۆشنە عومەر roshnawarvin@yahoo.com

warvin.press@yahoo.com

**ناونیشان:** هەولێر - شاری خەونەکان

**بەڕێوەبەری کارگێڕی**
ڕێباز عەبدوڵڵا
07504624506

**نووسینگەکان**

**ئامەد:** دیلار سەولەدار

**قامیشلۆ:** لاڤە خالید

**بەغدا:** حەلا ناسر

**دوبەی:** سەنا کوردی



بۆ ریکلام پەیوەندی بەم ژمارە بکەن:
mob:07504624506
Normal: 0662647813



# تورکیا: لەماوەی ٦ مانگدا ١٢٥ ژن کوژراوە

وارڤین – ئامەد:

ڕێکخراوی ژنانی نوێ دیموکرات ڕایگەیاند کە لە ماوەی ٦ مانگدا لە تورکیا ١٢٥ ژن کوژراون.

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە ژنانی نوێ دیموکرات بڵاویان کردووەتەوە جارێکیتر لە تورکیا ڕاستیی ڕەوش، ئاست و کێشەی ژنان بۆ هەمووان ئاشکرا دەبێت.

ژنانی نوێ دیموکرات دەڵێن، توندوتیژی خێزانی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاد دەبێت. ژنانی نوێ دیموکرات ئەو ئامارەی ژنکوژییان لەنێوان مانگەکانی ڕێبەندان و حوزەیراندا تۆمار کردووە. بەپێی زانیارییەکانی ئەو ڕێکخراوەیە لەمانگی ڕێبەندان ٧ژن، شوبات ٢٦، ئادار٣٤، ڕەشەمە ٣١، گوڵان١٥ ژن، حوزەیران ١٢ ژن کوژراون. هەروەها ١٥ ژن بەهۆی توندوتیژییەوە بریندارببوون. ١١٤ ژنیش ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی و ئازاردان بوونەتەوە. هەروەها ١٥ ژن ڕفێندراون و ٣٦ ژنیش خۆیان کوشتووە.



# هەڵەبجە: دوو ژن خۆیان دەکوژن

وارڤین – هەڵەبجە:

هەفتەی ڕابردوو لەشاری هەڵەبجە لەماوەی دوو ڕۆژدا دوو ژن بەناوەکانی (ن.ع) و (ل.ش) بەدوو ڕێگەی جیاواز خۆیان کوشتووەو هاوسەری یەکێک لەژنەکان لەسەر سکاڵای ژنەکەی دەستگیرکراوە.

عەقید ئەنوەر عومەر بەڕێوەبەری پۆلیسی هەڵەبجە بە وارڤینی ڕاگەیاند: ئەو دوو ژنە لەدوو کاتی جیاوازو بەدوو ڕێگەی جیاواز خۆیان کوشتووە، یەکەمیان لەڕێگەی خواردنی حەبێکی کوشندەوە خۆی کوشتووەو پێش ئەوەی گیان لەدەستبدات سکاڵای لەدژی هاوسەرەکەی تۆمارکردووە، هەربۆیە بەبڕیاری دادوەرو بەپێی ماددەی ٤٠٨ هاوسەری ژنەکە دەستگیرکراوە، ژنی دووهەمیان خۆی سووتاندووەو پێش ئەوەی گیان لەدەستبدات گوتەی لێوەرگیراوە، بەڵام سکاڵای لەدژی هیچ کەسێک تۆمار نەکردووە.



www.netewe.com



# سووتان و خۆسووتاندنی ژنان بەردەوامە

وارڤین – هەولێر:
رۆژی٢٢-٦ـــی حوزەیران لە گەڕەکی مامۆستایانی شاری هەولێر، ژنێک بەرێژەیەکی بەرز سووتاو پاش گەیاندنی لە نەخۆشخانە گیانی لەدەست دا.

بەپێی زانیارییەکانی وارڤین دوێنێ ژنێکی تەمەن ٢٢ ساڵ بەناوی (سەیران فازل کەریم)، لەگەڕەکی مامۆستایانی هەولێر بە رێژەیەکی زۆر سووتاو دوای گەیاندنی بەنەخۆشخانە لەوێ گیانی سپاردووە.

تائێستا هیچ زانیارییەک لەبارەی هۆکاری سووتانەکەیەوە نەزانراوە.

هەروەها بەپێی زانیارییەکان لەشارەدێی کەسنەزان ژنێک و لە قەزای خەباتیش ژنێکی ١٩ ساڵەو لەهەڵەبجەش ژنێکی ٢٣ ساڵ سووتاوە.

لە ئاکرێ کچێکی تەمەن ٢٣ ساڵ سووتاوە.

پێشتر بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان، کوردە عومەر لە دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ وارڤین ئاشکرای کردبوو کە رێژەی سووتانی ژنان لە کوردستان بەرزەو نەیشاردەوە کە رێژەی١٠٪ ژنان لە هەرێمی کوردستان دەسووتێندرێن.



## رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی:
# زەینەب جەلالیان لە مەترسیدایە

وارڤین: رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی رایگەیاند کە ئەگەری لەسێدارەدانی زەینەب جەلالیان کە لەساڵی ٢٠٠٩دا سزای لەسێدارەدانی بۆ بڕابووەوە زیادی کردووە.

ئەو رێکخراوە داوای لەحکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران کرد کە جارێکی دیکە بەو سزایەدا بچێتەوەو بڕیارەکەشی هەڵبوەشێنێتەوە. وەک لە راگەیەندراوەکەی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیدا هاتووە، زەینەب جەلالیان بەتۆمەتی خودانەناسی سزای لەسێدارەدانی بۆ بڕاوەتەوە. لەو راگەیەندراوەی ئەمنستی ئەنتەرناسۆنالدا ئاماژە بەوەش کراوە کەلەسەرەتای ئەمساڵی زایینییەوە تائێستا لەئێران ١٢٦ کەس لەسێدارە دراون. رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی داوای هەڵوەشانەوەی سزای لەسێدارەدان لە بەرپرسانی ئێران دەکات، بەڵام بەرپرسانی ئەو وڵاتە تائێستا هیچ وەڵامێکی ئەوتۆیان بۆ ئەو بانگەوازە نەبووە.





www.netewe.com




عومەر شێخموس

فۆتۆ: رەفیق شوکری

## عومەر شێخموس بۆ وارڤین:

# موحافزکارانی ناو یەکێتی رێیان لە گۆڕان گرت

ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەهەڤپەیڤینێکی تایبەت لەگەڵ (وارڤین)دا ئاشکرای کرد کە هێزە موحافیزکارەکانی ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەکۆنگرەدا لەسەر بەرژەوەندییەکانیان رێککەوتوون و پاڵێوراوەکانی خۆیان پێشخستووە. عومەر شێخموس، دەڵێ کە ئەو هێزانە پێشتر لەناوخۆیاندا کێشەو گرفتیان هەبووەو لەسەر زۆر پرس ناکۆک بوون، بەڵام لەکۆنگرەدا بۆ ئەوەی رێ لە گۆڕانخوازان، بەتایبەت توێژی ژن و گەنج بگرن یەکیانگرتووە.

**هەڤپەیڤین: عەبدولڕەحمان عەلی**

سلێمانی

له کۆنگرەی سێی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا بۆ یەکەمجار ١٠ ژن چوونە ئەنجومەنی سەرکردایەتییەوە. پێشتر لەناو یەکێتیدا ژن ئەو پۆستە باڵایانەی نەبوو. هۆکاری ئەو گۆڕانە چی بوو؟

عومەر شێخموس: دوو سێ هۆکار هەبوون بۆ ئەوەی پرسی ژن لەناو یەکێتی نیشتیمانیدا بێتە پێش. یەکەم، لەکۆنگرەی دووهەمدا نە لەسەرکردایەتی و نە لە مەکتەبی سیاسیدا هیچ ژنێک نەبوو. پاش کۆنگرە لەسەر ئەو پرسە موناقەشەیەکی گەرم پەیدا بوو و گەلەک کەس لەسەری بەدەنگهاتن. بەتایبەت شەپۆل فاخیر مێرگەسۆری، چەند بابەتێکی لەسەر نووسی و هەڤپەیڤینی لەگەڵ من و گەلەک سیاسەتمەداری دیکە ئەنجام دا و مام جەلال، وەڵامی دایەوە. ئێمە ئەوەمان بەشەرمەزارییەکی گەورە بۆ یەکێتی نیشتیمانی دەزانی کە پارتێکی پێشکەوتوو و رادیکاڵ بوو، بەڵام نەیتوانیبوو ژن بێنێتە سەرکردایەتی. دووهەم، باڵادەستبوونی هزری پیاوسالاری بوو، چونکە هەندێک ژن خۆیان پاڵاوتبوو، بەڵام کەس ئامادەنەبوو دەنگیان پێبدات. لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا ئەو چینەی ناو کۆمەڵگا کە رەوشیان لاوازە هەموو کۆمەڵگا هاریکارییان دەکات، بۆ ئەوەی ئەو جیاکارییەی کە هەیە نەمێنێت. بۆ نموونە لەئەمریکا بۆ رەشپێست، ژن، کەمئەندام و هەندێک توێژی دیکە هەنگاوی جیاکاری ئەرێنی پێڕەو کرا، تا ئەو توێژانەش بتوان لەپرۆسەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا رۆڵی خۆیان بگێڕن. ئێستا لە سوید و گەلەک وڵاتی پێشکەوتووی تر وەهایە. بۆیە ئێمەش بەپێویستمان زانی لەم رەوشەدا یەکێتی ژن بێنێتە سەرکردایەتی. لەلایەکی دیکەوە بەبەردەوامی هەرکاتێک چ یەکێتی و چ پارتی دیموکراتی کوردستان لـەدەرەوە دانووستانیان دەکـرد، رەخنەی ئەوەیان لێدەگیرا کە بۆچی لەناو سەرکردایەتیدا ئەندامی ژنیان نییە. یەکێتی نیشتیمانیش چاوی لەوە بوو کە ببێتە ئەندامی ئەنتەرناسیۆناڵ سۆسیالیست. بەڵام پارتێکی سۆسیال دیموکرات بێئەوەی نوێنەری ژنی تێدا بێت چۆن دەبێت. ئێمە دەمانویست رێژەکە لەم کۆنگرەیەدا ٣٠٪ بێت، بەڵام لەسەر ٢٠٪ رێککەوتن هەبوو. ئەوە هەنگاوی سەرەتاییەو دواهەنگاو نییە. ئـەوەی مایەی دڵخۆشی بـوو چـوار ژن بەدەنگی خۆیان هاتنە سەرکردایەتی، پێویستیان بە کۆتا نەبوو. ئەوەی کە دڵی من خۆشتر کرد گەلەک ژن لە کۆنگرەدا هەڵدەستانەوەو لەدژی کۆتا دەوەستانەوەو دەیانگوت ئێمە لەپیاو کەمتر نین و پێویستمان بە کۆتا نییە. بەڵام ئەوەش ئاساییەو راستییەکەی ئەوەیە کە کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی نیمچە پیاوسالارییەو پرسی ئیسلام و دابوونەریت و کەلتوور و زۆر فاکتەری دیکە لەبەردەم هاتنە پێشەوەی ژنان رێگرن.

وارڤین: تۆ باسی سوید و وڵاتانی پێشکەوتووت کرد. ئایا ئەو سیستەمەی کە لـەوێ لەبواری مافی ژندا پێڕەو دەکرێ، کۆپیکراوەکەی لەگەڵ کۆمەڵگای کوردستان و پارتێکی وەک یەکێتی نیشتیمانیدا دەگونجێت؟

عومەر شێخموس: نـا. بـەتـەواوەتـی. دەتوانم بڵێم کۆمەڵگای سوید لانیکەم ٢٠٠-٢٥٠ ساڵ لە کۆمەڵگای کوردستان لەپێشترەوەیە. گرنگ ئەوەیە کە هیوا، داخوازی و پلان هەبێ و هەنگاو بۆ جێبەجێکردنی هەڵبگیردرێت. چونکە ئەوانیش هەر لەخۆیانەوە پێشنەکەوتوون بەڵکو رەنجیان بۆ داوە.

وارڤین: وەک بینیمان ژمارەیەکی بەرچاو لەمیوانانی ناوخۆ و بیانی لە کۆنگرەدا ئامادەبوون و پەسنی کۆنگرەکەیان دا. بەڵام ئەگەر سەیری هەیکەلی یەکێتی بکەی گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهات. بۆ نموونە ژن و گەنجی نوێ نەهاتنە پێشەوە. هـۆکـارەکـەی چی بـوو. تۆ پێشبینی دەکەی

www.netewe.com

لەکۆنگرەی چوارەمدا گۆڕان ڕوویدات؟

عومەرشێخموس: ڕاستیت بوێت دانووستانی ناو کۆنگرە گەلەک باش بوو. یەکەم، گەلەک کێشەو سەرئێشەو گیروگرفتی یەکێتی نیشتیمانی لە ٩ ساڵی ڕابردوودا کۆ ببوونەوە کە پێویستبوو بێنە چارەسەرکردن. دووهەم، ئەوەی ڕاستی بێ یەکێتی نیشتیمانی دوو شکستی گەورەی خوارد لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٢٥ و ٢٠١٠/٣/٧ داو پێویستبوو لێکۆڵینەوەی لێکراباو چارەسەرێکی بۆ دۆزرابایەتەوە. سێهەم، لەناو ڕێکخستنەکانی یەکێتیدا گەلەک تەکەتول و تەکەتولکاری هەبوو و لەکۆنگرەدا باس لەهەموویان کرا. کۆنگرە بەگشتی باش بوو، چونکە پرۆگرامێکی نوێ و پێڕەوێکی ناوخۆیی نوێی بۆ یەکێتی بنیاتنرا. بەڵام بەداخەوە زۆرێک لەو ئەندامە ژن و گەنجانەی کە دەیانویست لەکۆنگرەدا گۆڕانکاری بکەن هەڵنەبژێردران. دەتوانم بڵێم وەک زۆربەی حزبە تەقلیدییەکان لە وڵاتانی دیکەی جیهاندا هێزە موحافزکارەکان ڕێیان لە گۆڕان گرت. هەندێک کەس هەڵبژێردران، بەڵام زۆر کەم بوون. وەک دەزانن لەهەموو جیهاندا هێزە دەسەڵاتدار و کۆنەپارێزەکان هەتا ڕۆژی کۆتاییهاتنی دەسەڵاتیان لەبەردەم گۆڕاندا ڕێگرن، چونکە زیانیان پێدەگەیەنێت. بەداخەوە لەم کۆنگرەیەی یەکێتی نیشتیمانیشدا ئەوە ڕوویدا. واتە هێزە موحافیزکارەکانی ناو یەکێتی نیشتیمانی لەسەر بەرژەوەندییەکانیان ڕێککەوتن و پاڵێوراوەکانی خۆیان پێشخست. ئەوانە پێشتر لەناوخۆیاندا کێشەو گرفتیان هەبوو و ڕێکنەدەکەوتن، بەڵام بۆ ئەوەی ڕێ لەوانە بگرن کە دەیانویست لەناو یەکێتی نیشتیمانیدا گۆڕانێکی گەورە دروست بکەن یەکیانگرت.

وارڤین: باستان لەسەرکەوتنی کۆنەپارێزەکانی ناو یەکێتی کرد. وەک دەزانن بەڕێز مام جەلال، یەکێک لەو کەسانە بووە کە هەمیشە ڕێگەی بە توێژی ژن و گەنج داوە کە پێشبکەوێت. بەپێی ئەو پۆلێنەی کردت مام جەلال، دەکەوێتە کام هێڵەوە. کۆنەپارێزە یان نوێخواز؟

عومەر شێخموس: مام جەلال دەکەوێتە بەرەی نوێخوازەکانەوە. ئەوەی ڕاستی بێت، ئەو تەکەتولەی کە بۆ دەنگدان دروست بوو بەبێ ڕەزامەندی مام جەلال، بوو.

وارڤین: ئەگەر سەیری هەیکەلی باڵای یەکێتی بکەین. کۆنگرە نەیتوانی هیچ گۆڕانێک لە هەیکەلیدا دروست بکات. بۆ نموونە دوو جێگرەکەی مام جەلال، واتە کاک کۆسرەت و د. بەرهەم لە پۆستەکەیاندا مانەوە. بەڕای ئێوە باشتر نەبوو یەکێک لە جێگرەکانی سکرتێری گشتی ژن بێت؟

عومەر شێخموس: وەک دەزانن بەپێی بڕیاری کۆنگرە دەبێ ٢ کەس لەئەندامانی مەکتەبی سیاسی ژن بێت. بێگومان داواکاری بۆ ئەوە هەبوو کە کەسانی دیکە بێنە پێش. بۆ نموونە سێ کەس کشانەوە. د. کەمال فوئاد و کاک عادل موراد خۆیان خانەنشین کرد و هەروەها د. فوئاد مەعسوم خۆی هەڵنەبژاردەوە. داواکاری هەبوو کە هەندێ کەسی دیکەش بکشێنەوە، بەڵام بەداخەوە نەکشانەوە.

وارڤین: تۆ باسی پرسی تەکەتولت کرد لەناو یەکێتی نیشتیمانی دا. کۆنگرەی سێ هیچ میکانیزمێکی بۆ بنبڕکردنی تەکەتول دەستنیشان کرد؟

عومەر شێخموس: تەکەتول و تەکەتولکارییان قەدەغە کرد و بڕیاردرا کە هەرکەسێک ئەو کارە بکات سزا بدرێت و هەروەها دەربکرێت. بڕیاردرا کە کۆنگرەی چوارەم لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٣دا بەڕێوەبچێت و جەختیش لەوە کرایەوە کە ئەگەر نەگیرێت سەرکردایەتی شەرعیەتی خۆی لەدەست دەدات.

وارڤین: بەڕێز مام جەلال، دوو پۆستی گرنگی بەدەستەوەیە: یەکەم سەرۆککۆماری عێراقی فیدراڵەو دووهەم سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە. ئایا بەڕێوەبردنی ئەو دوو پۆستە بۆ بەڕێزیان زەحمەت نییە. باشترنەبوو سەرۆکایەتی یەکێتی بداتە کەسێکی دیکە؟

عومەر شێخموس: (بەپێکەنینەوە) بەڵێ، بێگومان باش بوو، بەڵام بۆ وای نەکرد، من نایزانم.

**ئەو تەکەتولەی کە بۆ دەنگدان دروست بوو بەبێ ڕەزامەندی مام جەلال، بوو**

www.nefewe.com

# بەهۆی گێچەڵکردن بەهاوسەرەکەیەوە بریندار کرا

## عەلی کەلاری سێوە مێخەکرێژەکەی سەیوانی سوور کرد

### بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی: ئاسایش ئاگای لەو ڕەفتارەی عەلی کەلاری نەبووە



هونەرمەند سەیوان سەعیدیان دوای لێدانی

هونەرمەندی شێوەکار و دیزاینەر سەیوان سەعیدیان لەلایەن بەرپرسی هۆبەی ئێرانییەکانی ئاسایشی گشتی، بەسەختی بریندارکراو بەوهۆیەشەوە ئاسایش لێکۆڵینەوە لەو هەڵسووکەوتەی عەلی کەلاری دەکات. بەپێی زانیارییەکانی وارڤین، هاوکات دادگاش بڕیاری دەستگیرکردنی عەلی کەلاری و براکەی داوە. لەوبارەیەوە سەیوان سەعیدیان، بە وارڤینی راگەیاند، ئەو کێشەیە بەهۆی گێچەڵی عومەر کەلاری بەهاوسەرەکەیەوە، روویداوە.

www.netewe.com

## دەستپێکی کێشەکە

ونەرمەندی شێوەکارو دیزاینەر سەیوان سەعیدیان، دوای ئەوەی لەهۆتیلی چوارچرای هەولێر لەرۆژی ٢٧ی مانگی رابردوو کاتژمێر ٣٠,٥ لەلایەن بەرپرسی هۆبەی ئێرانییەکان لەئاسایشی گشتی واتە عەلی کەلاری و براکەی هێرشی کرایەسەرو لێیدرا، نهێنی ئەو هێرشە بۆ وارڤین ئاشکرا دەکات. سەیوان دەڵێ، بەهۆی وازنەهێنان و گێچەڵکردنی برای عەلی کەلاری، بەهاوسەرەکەی و بەرگریکردنی لەهاوسەرەکەی، هێرشی کراوەتەسەر. بەقسەی سەیوان دوای ئەوەی عەلی کەلاری و پاسەوانەکانی لێیانداوە، ویستویانە کەلەپچەی بکەن و راپێچی ئاسایشی بکەن. هونەرمەند سەیوان سەعیدیان، خاوەن یەکەم پرۆژەی سێوی مێخەکرێژە کەلە رۆژی ڤالانتاینی ساڵی رابردوو پرۆژەکەی لەهەرسێ پارێزگای هەرێم بڵاوکرایەوەو بەدیزاینێکی نوێ ئەو رۆژەی لەکەلتووری کوردستاندا زیندووکردەوە. لەبارەی دەستپێکی هاتنی بۆ هەرێمی کوردستان ئەوەدەخاتەروو کە ئەو ٣ ساڵ گەریلا بووەو ماوەی ١٠ ساڵیشە لە ئێران قاچاغە، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٧ لەئاسایشی سلێمانی ئیقامەی سیاسی لێوەرگیراوەتەوەو ئیقامەی کۆمەڵایەتی پێدراوە. ئەو دەڵێ:«کاتێ هاتمە هەولێر ئیقامەکەم کرایە کاتی، بەڵام بەلای منەوە کێشە نەبوو، چونکە کۆمەڵێک پرۆژەو کاری هونەری گەورەم بەدەستەوە بوو، بۆم گرنگ نەبوو ئیقامەم هەبێ یان نا، گرنگ ئەوەیە لەکارەکانم بەردەوام بم. بۆیە، لەمانگی ٢٠٠٨/١١ خۆم و هاوسەرەکەم سەردانی هەولێرمان کردو یەکراست بۆ بەڕێوەبەرایەتی نشینگەو مانەوە رۆیشتین، بەڵام زۆرمان پێ سەیر بوو، پێیانگوتم رووناکی هاوسەرت دەبێ دوای٢٤ کاتژمێر کوردستان جێبهێڵێت». سەیوان، لەوبارەیەوە دەڵێ«لەسەر فایلەکەی نووسرابوو، هۆکارەکە ئەمنیەو ئێمەش بەو پرسە زۆر بریندار بووین، چونکە هەموو شتێکمان هەبێ ئەوە نین. دوای ئەو پرسە خوالێخۆشبوو کاک عیرفان زەنگەنە، بەشەخسی لەگەڵمان هات و کێشەکەی چارەسەر کرد. ئێمەش ئەوەمان بەشتێکی ئاسایی وەرگرت، چونکە پاراستنی ئاسایشی هەرێم بۆ ئێمەش گرنگە، بەڵام دواتر بینیمان لەلایەن عومەر کەلاری، کە برای عەلی کەلارییەو لەهۆتێلی چوارچرا نیشتەجێ بوو، بەچاوێکی دیکەوە سەیری رووناکی هاوسەرم دەکرا. ئێمەش ماوەیەکی زۆر سەبرمان گرت و هیچ کاردانەوەیەکمان نەبوو، ئەوەشمان بەئاسایی وەرگرت وەک گەلێک لەپیاوانی دیکەی ئەم کۆمەڵگایە».

## کاری رەشتان کردووە

سەیوان، لەبارەی عومەر کەلاری، ئەوەدەخاتەڕوو کە بەچاوێکیترەوە سەیری رووناکی هاوسەرەکەی کردووە. وەک گوتی رووناک بەردەوام لەدەست ئەو کوڕە ئارامی نەبووە «ماوەیەکی زۆر بەرگەمان گرت، تا کێشە دروست نەبێ و بەخۆیدا بچێتەوە، بەڵام ئەو وازی نەهێناو بەردەوام کێشەی بۆ دروستکردین. لەو ماوەیەدا چەندین تۆمەتمان بۆ دروستکراو پێمانگوترا کە ئێمە کاری رەش دەکەین. منیش ئاسایشم لەو پرسە ئاگادار کردەوەو پێمگوتن کەس لەو وڵاتەدا وەک من کاری رەنگی ناکات. ئەو دۆخە تا ٣ مانگ لەمەوپێش هەر بەردەوام بوو. ئەوکات ئیقامەکەم کاتی تەواو ببوو و چوومە بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی هەولێر، لەوێ پێیانگوتم کە دەبێ سەردانی ئاسایشی گشتی بکەیت». سەیوان، دوای ئەوەی دەچێتە ئاسایشی گشتی ماوەی ٣ چارەک، پرسیاریان لێکردووەو پێیانگوتووە ئیقامەکەت رادەگیرێ و بۆت نییە لەهەولێر بچیتە دەرەوە. بەڵام وەک خۆی گوتی«پێمگوتن، لە ٤٤ شوێنی هەرێمی کوردستان خەریکی پرۆژەم و چەندین پرۆژەی نەتەوەیی دیکەم لەبەردەستدایەو ئێوە بتانەوێ و نەتانەوێ من هەر دەچم. بەڵام پێویستە هۆکارەکەم پێبڵێن، پێیانگوتم ئەمرەو منیش گوتم، تا هۆکارەکەم بۆ روونەبێتەوە لێتان قبووڵ ناکەم». سەیوان، هەفتەیەک دوای ئەوەی عەلی کەلاری و پاسەوانەکانی لێیانداوە، سەردانی چەند کەسێکی کردووەو(ناوەکان لای وارڤین پارێزراون) لەنزیکەوە ئەوانی لەکێشەکەی ئاگادار کردووەتەوە.«پێمانگوتن ئەگەر ئێمە تاوانێکمان کردووە حکوومەت شەرم لە کەس ناکات و بانگهێشتی دەکات و ئاگاداری دەکاتەوەو سزایشی دەدات. من لە ٢٠٠٣ لەهەرێمی کوردستانم و ئەگەر سزای تاوانی هاووڵاتییەک ١ مانگ بێت، بەمەرجێک بسەلمێنرێت من تاوانێکم کردووە، ئامادەم ٥ مانگ بچمە زیندانەوە کە بابەتەکەم بۆ باسکردن زۆریان پێناخۆش بوو و گوتیان لێکۆڵینەوەی لێ دەکەین».

## هێرش و تۆمەت

سەیوان، دەڵێ، ئەو کەسەی کە هێرشی کردووەتە سەری تۆمەتی ئەوەی بۆ هەڵبەستووە کە گوایە جنێوی بە بەرپرسێکی باڵای ئەم هەرێمە داوە،«هەتا ئەگەر جنێویشم دابێت، بابێت و بیسەلمێنێ و منیش ئامادەم باجەکەی بدەم. بەس من ئەوە دەڵێم ئەو برادەرە کە بەناوی خەڵکەوە قسە دەکات و بۆ شەرعییەتدان بەرەفتاری هەڵەی خۆی دەڵێ من جنێوم داوەتە بەرپرسێکی باڵای هەرێم، دڵنیا بن زیانێکی زۆر بەو بەرپرسەو بە وڵاتەکەمان دەگەیەنێت. چونکە جنێوی من (ئەگەر دابێتم) هەنگاوێک بڕ ناکات و باش ئەوە دەزانم کە خەون و خەمی بەرپرسانی باڵای وڵات زۆر لەوە گەورەترە کە ئایا یەکێک جنێویان پێدەدات یان نا؟؟».

دوای ئەوەی سەیوان، لەهۆتێلی چوارچرا دەبێت، بەگوتەی خۆی عەلی کەلاری و پاسەوانەکانی کە ژمارەیان ٦-٥ کەس بووە بەتوندی هێرشیان کردووەتە سەری. بەگوتەی هونەرمەند ئاسۆ مامزادە، عەلی کەلاری یەکەم کەس بووە لەنێو چوارچرا بە باتۆنەوە(ئەو دارەی بەدەستی پۆلیسەوەیە) هێرشی کردووەتەسەر سەیوان. لەبارەی چۆنیەتی رووداوەکەوە سەیوان، دەڵێ:«من و رووناک، خەریکی دیکۆراسیۆنی ئەو هۆڵە بووین کە کەرنەڤاڵی چلەی ماڵئاوایی عیرفان زەنگەنەی هەمیشە لەیادی تێدا بەرێوەدەچوو. لەگەڵ عومەر کەلاری هەرچەندە شەش مانگ بوو بەیەکەوە قسەمان نەبوو دەمەقاڵێیەک لەنێوانماندا پەیدابوو و ئەو بەشێوازێکی ناشیرین قسەی پێگوتم و یەکراست تەلەفۆنی بۆ براکانی کرد. پاش ماوەیەکی کورت لەناکاو عەلی کەلاری، لەگەڵ ٦-٥ پاسەوانیدا بەبێ ئەوەی پرسیار بکات هێرشی کردەسەرم و کەوتنەگیانم و پێیدەگوتم من بەناوی حکوومەتەوە قسەت لەگەڵ دەکەم و تۆ گوتووتە بەرپرسانی ئەم هەرێمەم قبوول نییەو جنێوت پێداون».

لەبارەی هەڵوێستی ئەو کەسانەی لەنێو چوارچرا بوون، تا نەهێڵن شەڕ لەنێوانیاندا رووبدات، سەیوان، ئاماژەیدا کەس نەیدەوێرا تەداخول بکات«من و رووناک و براکەی ماوەی ٣ چارەک، لەژوورێکی چوارچرا دا وەک زیندانی وابووین، چونکە عەلی کەلاری و پاسەوانەکانی بە کەلەپچەوە چاوەڕێیان دەکردین. ئێمەش لەو ماوەیەدا لایەنە پەیوەندیدارەکانمان لەو پرسە ئاگادار کردەوەو ئەوانیش تەداخولیان کردو لەئەنجامدا عەلی کەلاری و پاسەوانەکانی چوارچرایان بەجێهێشت».

هونەرمەند ئاسۆ مامزادە، یەکێک لەو کەسانە بووە کە رووداوەکەی بینیوە. ئاسۆ لەوبارەیەوە بەوارڤینی راگەیاند:«عومەر کەلاری، گوتی ئەو کێشەیە پەیوەندی بە عەلی برام و ئاسایشەوە

www.netewe.com

هەیە. بۆیە، تەلەفۆنی بۆ براکەی کردو لەکێشەکە ئاگاداری کردەوە، دوای ماوەیەکی کورت عەلی کەلاری و ٤ پاسەوانی هاتن و بە باتۆنەوە هێرشیان کردە سەر سەیوان و تێروپڕیان لێداو بریندارایان کرد».

ئاسۆ وەها درێژەی بەقسەکانی دا:«عەلی کەلاری و پاسەوانەکانی جلی مەدەنیان پۆشیبوو، ئەوان بەجنێوەوە هێرشیان کردەسەر سەیوان و دواتر هونەرمەند ئەژدەر وەهبی، عەلی کەلاری لە هۆڵەکە بۆ ژوورەوە بردو ئارامی کردەوە، چونکە عەلی کەلاری کەلەپچەی هێنابوو دەیگوت کەلەپچەی دەکەم و دەیبەم». ئاسۆ، ئەوەشی خستەڕوو کە شەڕەکە ماوەی زیاتر لە ١٥ خولەکی خایەند و بەبەرچاوی هەموو میوانانی هۆتێل چوارچراوە لەسەیوانیان داوە، بەڵام کەس نەیوێراوە ناوبژیوانی بکات. هونەرمەندێکی دیکە کە یەکێک لەشاهیدانی رووداوەکە بوو و نەیویست ناوی ئاشکرا بکەین گوتی: پشت و دەمی سەیوان خوێنی لێدەهات. کۆپییەکی راپۆرتی پزیشکی کە لەجەستەی سەیوان گیراوە ئەوەی سەلماندووە کە سەیوان لێیدراوە.

### «پێش ژوورەکەی منی چۆڵ نەدەکرد»

روناک، هاوسەری سەیوان دەڵێ:«هەر لەیەکەم رۆژەوە کە چوومە لای ئەو بەرپرسەو پێیانگوتم کە تۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر کاتت لەبەردەم ماوە کوردستان بەجێبێڵێت، گومانم لا پەیدابوو. ئەو کەسە دەیویست چاوترسێنمان بکات، بەڵام ئێمە هیچمان لەخۆماندا شک نەدەبرد، بۆیە نەدەترساین». بەپێی زانیارییەکانی وارڤین پاش لێکۆڵینەوەی لایەنێکی پەیوەندیدار دەرکەوتووە کە سەیوان و هاوسەرەکەی لەباری ئەمنییەوە هیچ زیانێکیان بۆ هەرێمی کوردستان و بۆ هیچ تاکێکی کۆمەڵگای کوردستان نییە.

رووناک، لەبارەی عومەر کەلارییەوە دەڵێ:«عومەر، مرۆڤێکە کە هەست دەکرێت گرێی دەروونی زۆری هەبێت، تا ئەو تەمەنە هاتووە هیچ شتێکی نەبینیووە. کاتێ من و سەیوانی دەبینی هەمیشە بەیەکەوەین و یەکترمان خۆشدەوێ، حەسوودی پێدەهات، بۆیە هەمیشە بەچاوێکی ترەوە سەیری دەکردین». لەبارەی چۆنیەتی سەیرکردن و بێزارکردنیەوە رووناک، ئەوەی خستەڕوو«هەمیشە بەچاوێکی خراپ سەیری دەکردم و منیش هەر لەیەکەم جارەوە سەیوانم لێ ئاگادار کردەوە. بۆ نموونە هەمیشە دەهاتە بەردەم ژوورەکەمان و بەتایبەت ئەوکاتانەی سەیوان لەوێ نەبوو، قسەی ناخۆش و ناشیرینی لەگەڵ برادەرانی دەکرد و بەجێی ئەوەی رووی کورسییەکەی لە کۆمپیوتەرەکان بکات، رووی لە من دەکرد. جاری وا هەبوو بۆ چەندین کاتژمێر لەبەردەم ئەو دەرگایە دادەنیشت و منیش لەترسی ئەوەی نەکا پەلامارم بدات، نەمدەوێرا بچمە دەرەوە. جارێکیان لەکاتژمێر ٨ بەیانی تا ٢ نیوەڕۆ لەترسان نەموێرا بچمە دەرەوە».

### ئاسایش لێپێچینەوە لە عەلی کەلاری دەکات

بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی هەرێم عیسمەت ئەرگوشی، لەوبارەیەوە بە وارڤینی راگەیاند کە عەلی کەلاری، بەبێ ئاگاداری ئەوان ئەوکارەی وەک هەڵوێستێکی تاکەکەسی ئەنجامداوەو ئاسایش ئاگای لێ نەبووە.«ئاسایش لیژنەیەکی لیکۆڵینەوەی لەوبارەیەوە پێکهێناوەو چاوەڕوانی دەرەنجامی لێکۆڵینەوەیە». عیسمەت ئەرگوشی، ئەوەشی خستەڕوو کە ئەوان لەبەر ئەو رووداوە داوای لێبوردنیان لە سەیوان، کردووەو هەروەها لێپێچینەوە لە عەلی کەلاری، دەکەن. «ئەمە بەلای ئێمەوە جێگەی قبووڵکردن نییە». هەروەها ئەوەشی راگەیاند کە سەیوان، لە دادگاش سکاڵای تۆمارکردووەو لەئاسایشیش لێکۆڵینەوە بەردەوامە.«بەو پێیە عەلی کەلاری دووجار بەرەورووی لێپێچینەوە دەبێت. لێپێچینەوەی یەکەم لەلایەن ئاسایش و دووهەمیش لەلایەن دادگاوە».

لەوبارەیەوە سەیوان، ئەوەی پشتڕاستکردەوە کە لەلایەن ئاسایشەوە داوای لێبوردنی لێکراوەو پێیانگوتووە کە ئەوان کارە قبووڵناکەن و لێپێچینەوە لەگەڵ عەلی کەلاری، دەکەن.

### بڕیاری دەستگیرکردن

سەیوان سەعیدیان، لەرۆژی ١ ئەم مانگەدا لەدادگای باری کەسی هەولێر سکاڵای لەسەر عەلی کەلاری و عومەر کەلاری، تۆمارکردووە. لەوبارەیەوە ئەوەی خستەڕوو کە ئێستا فەرمانی دەستگیرکردنی عەلی کەلاری و براکەی دراوە. داوکاری سەیوان، لەلایەنی پەیوەندیدار ئەوەبوو کە ئەو دووکەسە بەسزا بگەیەندرێن«راستە لەلایەکەوە بریندارم، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە خۆشحاڵم بەوەی کە بەرپرسانی ئاسایش لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو برادەرە دەکەن و ئەوەش هەنگاوێکی دیموکراتییەو بۆ کۆمەڵگاکەمان زەرورە. چاوەڕوانم و هیوادارم کە هەرکەس بەمافی خۆی بگات. ئەگەر من تاوانبارم با سزا بدرێم و ئەگەریش ئەوان تاوانبارن با سزا بدرێن».

> هەر لەیەکەم رۆژەوە کە چوومە لای ئەو بەرپرسەو پێیانگوتم کە تۆ ماوەی 24 کاتژمێر کاتت لەبەردەم ماوە کوردستان بەجێبێڵێت، گومانم لا پەیدابوو

www.rotewe.com



# ململانێی سیاس
# هەندێ لەپڕۆژەیاساک

لەسەرەتای خولی سێهەمی پەرلەمانی کوردستانەوە تائێستا، نزیکەی ٣٢ پڕۆژەیاسا پێشکەش بەلیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان کراون و پەرلەمانتارێکی ژنیش رایدەگەیەنێت کە ئەو یاسا گرنگانەی لە خزمەت پرسەکانی ژندایە، بووەتە قوربانی ململانێی سیاسی.

یاسا لەچوارچێوەی ئەرک و مافدا بریتییەلە، چەند برگەو رێنماییەک بۆ رێکخستنی ژیانی کۆمەڵگا. بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر یاسا هەیە: جۆری یەکەم، یاسای سروشتە کەلە سروشتەوە سەرچاوە دەگرێت و یاساکەی دیکەیان ئەوەیە کە کەسەکان دایدەرێژن. یاسا لەشارستانیەتی رۆماوە سەریهەڵداوەو سەرچاوەکانی یاساش بریتین لەئایین، دابوونەریت و گەلەک شتی دیکە. لەسەرەتای ئەم خولەی پەرلەمانەوە ژمارەیەک پڕۆژەیاسا پێشکەشکراون، بەشێکیان لەلایەن فراکسیۆنەکانی نێو پەرلەمانەوە پێشکەشکراون. بەشەکەیتریان لەحکوومەتەوە بۆ پەرلەمان نێردران. ئەندامی لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمانی کوردستان د. زانا رەئووف، بەپێویستی دەزانێت لێژنەکانی پەرلەمان، پڕۆژەیاسای خۆیان هەبێت. چونکە ئەوان زیاتر ئاگاداری ئەو کێشەو گرفتانەن کەلە بواری پسپۆڕی خۆیان کاری لەسەر دەکەن و رەخنەش لەلیژنەکان دەگرێت و دەڵێ ئەوان نەیانتوانیوە ئەو کارە بکەن. «یاسا بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا گرنگە، بۆیە پێویستە لەکاتی پێشکەشکردنی پڕۆژەیاساکان کە ئاراستەی لێژنەکانیش دەکرێت، زۆر بەوردی کاری بۆ بکرێت و ئەوان بەرۆحیەتێکی جوانەوە بەدواداچوون بۆ پڕۆژەکە بکەن. پاساوی رەتکردنەوەکانیان لەشوێن خۆی بێت و مەبەستی سیاسی نەبێت». زانا، رەخنە لەپەرلەمان دەگرێت بەوەی تائێستا نەیتوانیوە لەبارەی ئەو یاسایانەی لەپەرلەمان دەردەچێت، لێپێچینەوە لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران بکات، تا بزانرێت چەند کار بەو یاسایانە دەکرێت، چونکە ئەگەر یاسا جێبەجێ نەکرێت، ئەوا وەک ئەوەیە کە نەبێت. لەبارەی جێبەجێنەکردنی یاساکان و ئەرکی پەرلەمانی کوردستان، ئەندامێکی دیکەی لێژنەی یاسایی پەرلەمان کاروان عەبدولڕەحمان، دەڵێ پڕۆژەیاسا هەیە زۆر پێویستە، بۆیە دەبێ ئەوانە لەکاتی زووتر پێشنیار بکرێن و بخرێنە واری جێبەجێکردنەوە. پەرلەمان دەسەڵاتی دارشتنی یاسایە، تەنیا یاسا دادەنێت، ئەرکی دەسەڵاتی جێبەجێکارە یاساکان جێبەجێ بکات. هەروەها ئاماژەیدا کە ئەو یاسایانەی لەپەرلەمان دەرچووە لەخزمەتی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگادایە. هاوکات ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەفراکسیۆنی گۆڕان، نەسرین جەمال مستەفا، باس لەو پڕۆژەیاسایانە دەکات کەلە سەرەتای ئەم خولەوە پێشکەشکراون کە بەشێکی زۆریان لەخزمەتی ژندابوون و پارێزگارییان لە ژن کردووە. نەسرین، گوتی: «بەشێک لەیاساکان بەبیانووی سیاسی رەتکراونەتەوەو شکستیان پێهێنراوە». بەڕای نەسرین، دەبێ بەرژەوەندی خەڵک بخرێتە پێش بەرژەوەندی تایبەتی و ململانێی سیاسییەوە. «پڕۆژەیاسای بیمەی کۆمەڵایەتی لەلایەن فراکسیۆنی گۆڕانەوە پێشکەشکرا، بەڵام لەلایەن لێژنەی ژنانەوە شکستی پێهێنرا». بەبڕوای نەسرین، بەشێکی زۆری پڕۆژەیاساکان لەخزمەتی ژندان، ئەگەر بێت و بەباشی خوێندنەوەو بەدواداچوونی وردی بۆ بکرێت. سەرۆکی لێژنەی یاسایی پەرلەمان



www.netewe.com



فۆتۆ: ئەیاد محەمەد

# ـــــی نێو پەرلەمان ـــــان شکست پێدێنێت

گوتەبێژی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان عبدولباست فەرهادی ئەوەدەخاتەروو کەلە ماوەی رابردوو رەشنووسێکیان لەسەر داوای وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بەناوی توندکردنی سزای ئەوانەی لەشفرۆشی دەکەن، پێشکەشی پەرلەمان کردووە، بەڵام ئاگادارنەکراونەتەوە کە دوای پێشکەشکردنی رەشنووسەکەیان، پەرلەمان پرۆژەیەکیتری ئامادەکردووەو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کردووە. دواتر بۆ هەموارکردنی یاسای نەهێشتنی لەشفرۆشی، لەمیانەی گفتوگۆکانی

شێروان حەیدەری، ئاشکرایکرد کە لەم خولەدا ٣٢ پرۆژەیاسا پێشکەشی پەرلەمان کراون و گشت پرۆژەیاساکان پێویستن و لەخزمەتی ژن دان، چونکە ژن بەشێکی دانەبڕاوی کۆمەڵگایە. کەواتە گشت یاساکان ژیانی ئەوانیش دەپارێزێت. سەبارەت بەدواکەوتنی پرۆژەکان باس لەوەدەکات بەشێک لەپرۆژەکان کاتیان دەوێت، تا بەباشی خوێندنەوەی بۆ بکرێت و دەوڵەمەند بکرێت. شێروان، هەروەها دەڵێ، پەیوەندییان لەگەڵ دامودەزگا حکوومییەکان زۆر باشە، هەر کاتێ پێویستی کردبێت وەزیرو بەرپرسەکان بانگهێشت کراون. بەپێچەوانەی راکانی شێروان حەیدەری،

پەرلەمان، پرۆژەکە دواخراوە تا زیاتر دەوڵەمەند بکرێت. هەندێ لەپەرلەمانتاران ئاماژە بەوە دەکەن کە پرۆژەیاساکان کەموکورتی تێدایەو ئـەوەش هۆکاری دواخستنی پرۆژەیاساکانە. ئەندامی پەرلەمانی کوردستان شلێر محەممەد، دەڵێ:»دەبێ یاسا بەوردی دابرێژرێت و خوێندنەوەو بەدواداچوونی بۆ بکرێت، تا توانای جێبەجێکردنی هـەبـێـت، چونکە بەشێک لەپرۆژەیاساکان کەموکورتی تێدایە». شلێر، پرۆژەیاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بەنموونە دەهێنێتەوە کە لەلایەن فراکسیۆنی گـۆڕانـەوە پێشکەشکرابوو، بەڵام «بەبێ ئامار و بەدواداچوون بوو». لەبەرامبەر

ئەو بۆچوونەوەی شلێر، پەرلەمانتار ئاشتی عەزیز لەفراکسیۆنی گـۆڕان رەتیدەکاتەوە کە ئەو پرۆژەیە لەخزمەتی ژن نەبوویێت و بەبێ بەدواداچوون کرابێت. هەروەها ئاشکرای دەکات کە پرۆژەکە بووە قوربانی ململانێی سیاسی. وەک باسیکرد بەشێکی زۆری ئەو پرۆژانەی پێشکەش بەپەرلەمان دەکرێت، پەیوەندی بەژنەوە هەیە، بەڵام هەموویان پێشکەش بەلێژنەی کاروباری ژنان ناکرێت، پرۆژەیاسای داواکاری گشتی بەنموونە دەهێنێتەوە کە پەیوەندی بەپرسی ژنەوە هەیە،

بەڵام پێشکەش بەلێژنەی ژنان نەکراوە. سنوور ئەحمەد، مامۆستای قۆناغی ئامادەیی، تەمەنی ٤١ ساڵە لەبارەی پرۆژەیاساکانی پەرلەمانەوە دەڵێ:«ئەو پرۆژەیاسایانە تەنیا نووسینی سەر کاغەزن». ئەو هەروەها رووی گلەیی لە حکوومەت دەکات و دەڵێ حکوومەت نەیتوانیووە یاساکان جێبەجێ بکات. کچە خوێندکارێکی زانکۆ، بەناوی سنەوبەر حەکیم، (٢٩) لەزانکۆی جیهان، ئەوە دەخاتەروو ئەو یاسایانەی لەکوردستان دادەڕێژرێن دەستێوەردان و کەموکورتی و پەلەکردنی پێوە دیـارە، بۆیە وەک پێویست جێبەجێناکرێت. هـەروەهـا بەنیگەرانییەوە دەڵێ:«تائێستا یاساکانی ئەم وڵاتە وەک پێویست مافی ژنی تێدا رەچاونەکراوە». پسپۆڕی بواری دەروازەکانی یاسا لەزانکۆی دیجلە مامۆستا عاسی عەبدولکریم، رەخنە لەبەشێک لەو یاسایانە دەگرێت کەلە پەرلەمان دەردەچـێـت، چونکە بـەوردی کاری لەسەر ناکرێت. ئەو مامۆستایەی زانکۆ دەڵێ، بۆ دارشتنی یاساکان دەبێ پشت بەپسپۆڕانی بواری یاسا ببەسترێت، تا یاساکان ناوەڕۆکێکی دەوڵەمەندیان هەبێ و لەگەڵ سەردەم بگونجێن. ئەو دەڵێ، هەندێ بابەت هەیە پێویستی بەیاسا نییەو بەگرنگی دەزانێت رێنمایی بۆ هەندێک دامەزراوە هەبێت، چونکە دارشتنی یاسا کارێکی وا ئاسان نییە.«نابێت یاساکان هەر ناوبێت و نەچێتە واری جێبەجێکردنەوە». بەبڕوای مامۆستا. عاسی، جێبەجێنەکردنی بەشێک لەیاساکان بۆ بێهێزی برگەکانی یاساکە دەگەڕێتەوە:«نابێ لەدارشتنی یاسا دا پەلە بکرێت، تا بڵێین یاسا هەیە».

ئاڤان فارس

www.metewe.com

# وەزیری پێشووی ژنانی عێراق (نەوال سامـ

# حکوومەتی نوێ ڕەوشـ

بەغدا

وەزیــری پێشووی کــاروبــاری ژنــان لــەحــکــوومــەتــی بــەغــدا ڕەخــنــە لە بەشدارینەکردنی ژنان لەدروستبوونی بڕیاری سیاسی دەگرێت و هاوکات ئەو ڕاپۆرتانەی کە باس لەدیاردەی تێوەگلانی ژنانی عێراقی لەنێو باندە لەشفرۆشییەکانی وڵاتانی دراوسێ بەبێ بایەخ دادەنێت.

لەهەڤپەیڤینێکی تایبەتدا لەگەڵ گۆڤاری وارڤین، وەزیری پێشووی کاروباری ژنان لە حکوومەتی عێراق، نەوال سامەرائی دەڵێ، بارودۆخی ژنان لە عێراق کارەساتاوییەو داوا دەکات کە بەزووترین کات دەزگایەکی خاوەن دەسەڵات و بەرفراوان لەپێناو بەرزبوونەوەی ئاستی ڕاستەقینەی ژنان دابمەزرێت.

وەزیری پێشوی وەزارەتی ژنان لە بەغداد، د. نەوال سامەرائی، ڕایگەیاند بەشێوەیەکی گشتی بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق و بەتایبەتیش ڕەوشی ژنان لەهەلومەرجێکی سەختدایەو هاوکات وەزارەتی ژنان بەوەزارەتێکی ڕواڵەتی و بێدەسەڵات وەسفدەکات و دەڵێ«شایەنی ئەوە نییە ناوی وەزارەتی لێ بنرێت».

سامەرایی، یەکێک بوو لەو وەزیرانەی، کە بەهۆی گرنگینەدانی حکوومەت و پشتگوێخستنی پرسەکانی ژن لەحکوومەتی پێشووی مالیکیدا دەستی لەکارکێشایەوە. لەم چاوپێکەوتنەی (وارڤین)دا، باس لە گرنگی دامەزراندنی دەزگایەکی دەسەڵات فراوان و سەرانسەری دەکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕاستەقینەی ژن و هەروەها پێیوایە ئەو ناکۆکییانەی کە تایبەتن بەپرسی هەموارکردنی یاسای باری کەسییەوە، ئەوەندە سیاسی بوون، نیو ئەوەندە لایەنی یاساییان لەخۆنەگرتووە.

وارڤین: پاش تێپەڕبوونی ٧ ساڵ لە ڕووخانی ڕژێم، بارودۆخی ژن چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

نەواڵ سامەرائی: پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق«منداڵ و ژن و پیاو» بەردەوامەو لەم ٧ ساڵەی ڕابردوودا ڕووی لەزیادبوون کردووەو ناتوانین بیشارینەوە، چونکە ڕۆژانە بەدەنگ و وێنە دەیبیستین و دەیبینین. ئەمەش پێویستی بەهاریکاری هەموو لایەک هەیە بۆ ئەوەی باودۆخەکە ئارام بێتەوەو کەرامەتی مرۆڤ لەم وڵاتەدا پارێزراو بێت.

وارڤین: ئاستەنگەکانی بەردەم باشترکردنی ڕەوشی ژنان لە عێراق چین؟

نەوال سامەرائی: تێکچونی ژێرخانی وڵات و کاولکارییەکانی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، دەبنە بەربەست لەبەردەم هەر پێشکەوتن و گەشەسەندنێک لەبواری مافەکانی ژنان. بۆیە ئەگەر هەر پێشکەوتنێک لەهەر بوارێکی ژیاندا ڕووبدات و هاوکات دامودەزگاکانی وڵات ئاوەدانبکرێنەوە ئەوە بێگومان لەباشکردنی بارودۆخی ژنیشدا کاریگەر دەبێت.

وارڤین: ئەو پاڵنەرانە چیبوون کە وایانکرد دەستلەکارکێشانەوەی خۆت لەوەزارەتی کاروباری ژنان ڕابگەیەنیت و چۆن دەڕوانیتە گرنگیدانی حکوومەت بەم بوارە؟

نەوال سامەرائی: کاتی خۆی باسم لە هۆکارەکانی کرد و گوتم کە وەزارەتەکە ڕواڵەتییەو تەنیا فەرمانگەیەکە لە ناوچەی سەوز، هیچ لقێکی دیکەی لە پارێزگاکانی تر نەبوو و وەزیری ژنانیش هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو، نە بودجە هەیەو نە فەرمانبەر. ئیتر چۆن کاربکات؟

وارڤین: ئایا ژنی عێراقی وەک پێویست توانیویەتی مافە سیاسییەکانی دەستەبەر بکات؟

نەوال سامەرائی: ژنان توانیویان لەبواری سیاسیدا بەشداری بکەن، بەڵام هیچ کاتێک نەیانتوانیوە لەناوەندی بڕیاردا بەشداری بکەن. ئەگەر بڕیار وابێت بەشداریکردنی ئەوان بەشێوەیەکی ڕواڵەتی بێ، ئەوە بێگومان بەشدارییان کردووە. دەبێ ئەوەشمان لەبیرنەچێت کە خزمەتکردنی ژنان لەبواری سیاسیدا بەبەراورد لەگەڵ هەندێک لەسیاسەتمەدارانی پیاو دا زۆر زیاتر بووەو ژنان خزمەتێکی ڕاستەقینەیان بە کۆمەڵگای عێراقی کردووەو ڕۆڵ و توانای خۆیان سەلماندووە، بەڵام نەیانتوانیوە لەدروستکردنی بڕیاردا بەشداری بکەن.

وارڤین: کارەکانی وەزارەتی ژنان چۆن هەڵدەسەنگێنی. بەڕای تۆ چین ئەو دەستکەوتانەی کە توانیویەتی بەدەستی بهێنێت و تاچەند توانیویەتی لەئاست چارەسەرکردن و داخوازییەکانی ژن کاری خۆی بکات و گرنگی بەردەوامبوونی ئەم وەزارەتە چییە؟

نەوال سامەرائی: بەڕای من ئەو وەزارەتە دەبوایە ناوی ڕێکخراوی ژنان بوایە، چونکە تەنیا وەک ڕێکخراوێکی کۆمەڵگای مەدەنی کاری کردووە. لەکاتێکدا ئەو بەشێکە لەحکوومەت. لەگەڵ ئەو هەوڵ و کۆششانەی کە فەرمانبەرانی دەیدەن، بەڵام بەداخەوە وەک باسم کرد توانای کارکردنیان زۆر سنووردارە.

وارڤین: هیچ ئامارێک لە بەردەستانداییە سەبارەت بە ڕێژەی بێوەژنان و ژنی تەڵاقدراو؟

نەوال سامەرائی: تائێستا هیچ ئامارێکی دروست و باوەڕپێکراومان نییە. تەنیا ئەو ئامارانە نەبێ کە لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنییەوە بڵاودەکرێنەوە کە

www.netewe.com

# ...ەرائی) بۆ وارڤین:
# ...ی ژن باشتر ناکات

ئەوانەش زۆر سنووردارن. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە حاڵەتەکان بەشێوەیەکی خێرا روو لەزیادبوون دەکەن. ئەوەش لەئێستادا بۆ خراپی بارودۆخی ئەمنی و نەزمبوونی باری ئابووری هاووڵاتیان دەگەڕێتەوە.

وارڤین: لەو ماوەیەی کە وەزارەتی کاروباری ژنت پێسپێردرابوو هیچ ستراتیژییەتێکی دیاریکراوت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی راستەقینەی ژنان هەبوو؟

نەوال سامەرائی: لەو کاتەوەی کە دەستبەکاربووم ستراتیژیەتێکمان دانا کە چەند بڕگەیەکی لەخۆگرتبوو. هاوکات چەندین لایەنی جیاوازی لەپێناو بەرزبوونەوەی ئاستی راستەقینەی ژنان لەبەرچاودەگرت. بەڵام بەداخەوە ئەم هەوڵەمان بەناتەواوی مایەوەو تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەزبوو، چونکە میکانیزمی جێبەجێکردنی بۆ دانەنرا لەکاتێکدا ئەگەر ئەوە کرابایە ژن لەو پرۆژانەی کە بۆیان لەبەرچاو گیرابوو زۆر سوودمەند دەبوون.

وارڤین: چۆن دەڕوانیتە ئەو گفتوگۆو ناکۆکییانەی کە سەبارەت بەهەموارکردنی یاسای باری کەسی هەن. بەڕای تۆ ئەوە تاچەند خزمەتی ژنی عێراقی دەکات؟

نەوال سامەرائی: بەڕای من یاسا کۆنەکەی باری کەسێتی باشەو زیاتر خزمەتی ژنی عێراقی دەکات. راستە پێویستی بەهەندێک گۆڕانکارییە، لەگەڵ ئەوەشدا من دەڵێم ئێمە پێویستمان بەیاسایەکی نوێ نییە. بەڕای ناکۆکییەکان زیاتر لەوەی یاسایی بن سیاسین.

وارڤین: وەک ئاگادارن، هەندێک راپۆرت لەدەزگاکانی راگەیاندنداباڵاو بووەتەوە کە تاڕادەیەک پشت بەو ئامارانەی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەبەستن سەبارەت بەتێوەگلانی ژنە پەنابەرە عێراقییەکان لەدەرەوەی وڵات و دەڵێن ژمارەیەکی بەرچاوی ژنی عێراقی لەگەڵ باندە لەشفرۆشەکان کاردەکەن. ئایا لەماوەی کارکردنتان هیچ ئامارێکی لەم شێوەیەتان دەستکەوتووە یان پۆلێننتان کردووە؟

نەوال سامەرائی: ئەمە سووکایەتیکردنە بەو ژنە پەنابەرانەی کەلە دەرەوەی وڵات دەژین. من چاوم بەهەندێک لەو ژنانە کەوتووە کەلە هەندێک لەوڵاتە عەرەبیەکاندا دەژین. ئەوان تائێستاش پارێزگارییان لەو دابوونەریتە کردووە کە لەلایەن خێزانەکانیانەوە لەعێراق پێی پەروەردەکراون.

وارڤین: بارودۆخی ئەو ژنانەی کەلە زیندانەکانی عێراق و ئەمریکییەکاندا دەژین چۆنەو ژمارەیان چەندە؟

نەوال سامەرائی: من ئێستا دوورم لەو پرسە، بەڵام ئەوەی بڵاودەکرێتەوە لەسەریان ئاشکرایە. سەبارەت بە ئامارەکانیان تائێستاش کەس نازانێت ژمارەیان چەندە.

وارڤین: چۆن کاری رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەڵدەسەنگێنیت بەتایبەتی ئەو رێکخراوانەی لەبواری ژن کاردەکەن. ئایا توانیویانە ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە کە حکوومەت هەیەتی لەو بوارەداو نەیتوانیوە کاری بۆ بکات؟

نەوال سامەرائی: هەندێک لەو رێکخراوانە رۆڵێکی بەرچاویان هەبووەو بەشێوەیەکی دڵسۆزانە بۆ یارمەتیدانی ژنان کاریان کردووە. تەنانەت هەندێکیان لە وەزارەتی ژنان لایەنگری زیاترە، بەڵام ژمارەی ئەو رێکخراوانە بەبەراورد لەگەڵ رێژە گشتییەکەی کەمترە. بەڕای من ئاستی ژن تەنیا لەچوارچێوەی دەزگایەکدا باشتر دەبێت کە دەسەلاتێکی رەهای هەبێ و لە کارەکانیدا توانایەکی بەرچاوی هەبێ، بەشێوەیەک کە هەموو بوارەکان لەخۆبگرێت و باکوور و باشووری عێراق بگرێتەوە.



وارڤین: تاچەند بەباشبوونی بارودۆخی ژن بەتایبەت دوای پێکهێنانی حکوومەتی نوێ گەشبینی؟

نەوال سامەرائی: ئێوە تاچەند گەشبینن بەباشتربوونی بارودۆخی پیاوان دوای پێکهێنانی حکوومەتی عێراق؟ لەبواری ئابووری، کارەبا، ئاوی خواردنەوە، بارودۆخی ئەمنی، زیندانەکان، نەخۆشخانەکان و چەندین کێشەی تر کە تائێستا عێراقییەکان ئازار دەدات و باری سەرشانیان قورستر دەکات. من بەباشتربوونی رەوشی ژن لەحکوومەتی نوێدا گەشبین نیم.

**حەلا ناسر**

www.netewe.com

### مامۆستای کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی ئەنکەرە(سەرپیل سانجار):

# سوپا شوێنی بچووکردنەوەی ژنانە

مامۆستای کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی ئەنکەرە (سەرپیل سانجار) کە لەسەر«چەمکی پیاوان» کتێبی نووسیوە، دەستنیشانی کرد کە سوپا لە وڵاتگەلێکی نەتەوە – دەوڵەتی وەک تورکیا شوێنی فێرکردنی«دەسەڵاتداری پیاوانە» و«بچووککردنەوەی ژنانە». سەرپیل سانجار، کە بۆ سیمینارێک سەردانی ئامەدی کردبوو، رەوشی پیاوبوون و ژیانی کوردی لە تورکیا بۆ وارڤین باس کرد.

ئامەد

وەک دەزانین تۆ لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان وانە دەڵێیتەوە، بۆچی بەشی پەیوەندی ژن و پیاوت هەڵبژارد؟

سەرپیل: ئەو کتێبەی لەسەر «پیاوانەبوون» نووسیم ژیانمی گۆڕی. کاتێک ئەو کتێبەم دەنووسی نەمدەزانی کە پرسەکە تا ئەو ئاستە بێت. من زیاتر پەیوەندیم بە سیاسەتەوە هەیەو لەگەڵ فیمینزمیش تێکەڵم. راستییەکەی ئەوەیە کە من فیمینیستم.

وارڤین: لەو بوارەدا بەچی گەیشتی؟

سەرپیل: تەنیا پەیوەستبوون بە ژنانەوە بەس نییە. دەبێ پیاویش لەخۆی بپرسێتەوە. کاتێک بیرم لەو شتانە دەکردەوە سەیری ژیانی جیاوازی پیاوانم کرد، هەندێ ئوستوورەم (میتۆس) بینی.

وارڤین: چۆن ئوستوورەیەک؟

سەرپیل: بۆ نموونە دەگوترێت«پیاوە شارییە خوێندەوارەکان، یەکسانی دەپارێزن...» هێندەی من بینیم زۆرینەی پیاوە خوێندەوارەکان یەکسانپارێز نەبوون. یەکێک لەو شتانەی کە من زۆر بەهەڵە لێی تێگەیشتبووم ئەوە بوو. هەموو کەس لەو بڕوایەدان کە لەسروشتی پیاواندا مەیلی توندوتیژی هەیە. بەڵام من بۆم دەرکەوت کە ئەو قسانە دەرەنجامی رەوشێکی تاقینەکراوەیەو بۆ پەردەپۆشکردنی هەندێک شتە. لەڕاستیدا هەندێک پیاو هەرگیز حەز لەتوندوتیژی ناکەن. ئەو شتە هیچ پەیوەندییەکی بەسروشتی پیاوەوە نییە. ئوستوورەیەکی دیکە وەها بوو:«پیاوانی نەخوێندەوار و هەژار زیاتر مەیلیان بەلای توندوتیژییەوە هەیە. ئەوانە ژنان لەسەر نامووس دەکوژن، لێیان دەدەن».. من زۆر پیاوم ناسی، بەڵام هیچکامیان وانەبوون. بەئاگایی و بەویستی خۆیانەوە لە توندوتیژی دوور دەکەوتنەوە. ئەو خاڵانە بوونە هۆی ئەوەی کە من لەسەر بابەتی پیاوان وەک سیستەم کار بکەم.

وارڤین: بزووتنەوەی فیمینیستی لە تورکیا زیاتر بەدروشمی«هەموو پیاوێک لە یەک دەچن، دەبێ رەتیان بکەینەوە» کار دەکەن. لەڕاستیدا وایە؟

سەرپیل: فیمینیستەکانی ١٩٦٠-١٩٧٠ بەشێوەیەکی زۆر وشکانە لە پیاو نزیک دەبوونەوە. دەیانگوت:«هەموو پیاوێک لە یەک دەچێت، هەموو پیاوێکیش حەزبەستەم لەسەر ژنان دەکەن، حەزیان لە زەخت و زۆرە لەسەر ژنان». پیاوبوونێکی وەها کە ئەوان باسیان لێوە کردووە نییە. بۆ نموونە: دەسەڵاتی سەرمایەدارێکی دەوڵەمەندی باوکسالار و دەسەڵاتی پیاوێکی خاوەن ژنی هەژار، خاوەن منداڵ زۆر جیاوازن. سەرمایەدارە پیاوەکان، خاوەنکار، باوکی خێزانەکان، حەماڵ، سەرباز و شەرڤان، چینی ناوەند، خاوەن پیشەو بێکار لە یەکتر جیاوازن. ئێوە پیاوێکی چۆن دەبن بن، بەس هەر پیاون، شرۆڤەکردنێکی وەها بۆ پەردەپۆشکردنی شتەکان هەیە. بەرلەهەر شتێک پیاو واتە هێز، هێزی فیزیکی، هێزی جەستەیی. ئەوانەی کە هەستیارن، ئەوانەی کە ناکەونە ژێر کاریگەری هەستی خۆیانەوە. دەبێ هۆمۆفۆبیک بێ، زماندرێژ بێ، کاری هەبێ و ببێتە باوک. دەبێ بتوانێت ژن و منداڵ بەڕێوەببات. پاش ئەوەی کە هەڵگری ئەو هەموو تایبەتمەندییە بوون دەتوانن تێکەڵی تیمی پیاوان ببن.

وارڤین: باشە ئەی ئەو پیاوانەی کە ناکەونە ئەم پۆلێنبەندییەوە کێن؟

سەرپیل: ئەو پیاوانەی کە ناکەونە ناو ئەم پۆلێنەوە ئەو پیاوانەن کە ناتوانن پارە بەدەست بێنن. ئەو پیاوانەن کە ژیانێکی وەها رەت دەکەنەوە. نێرەموک و رەتکەرەوەی ویژدان و زەرە شەڕڤانیان پێدەڵێن. پیاوی جیاواز زۆرە. بەڵام ئەوانە بێدەنگن. ناتوانن قسە بکەن. بۆیە هێشتا فێری چیرۆکێکی تایبەت بەخۆیان نەبوون.

وارڤین: دەگوترێت کە«پیاو ناگرین» و «ژن هەستیارن». ئایا ئەو تایبەتمەندییانە بایۆلۆژیکن؟

سەرپیل: بەڕێوەبردنی مرۆڤ هەڵوێستێکی نێرانەیە. ئەگەر ژنێک وەها هەڵسووکەوت بکات، مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو ژنە ئیتر لە ژنبوونی خۆی دەرچووەو تایبەتمەندی پیاوانی وەرگرتووە. بەڵام ئەگەر پیاو خاوەنی ئەو هەڵوێستە بێت، پیاوانەیە. رەگەز تایبەتمەندییەکی بایۆلۆژیک نییە. ئەنجامی هەندێک جوولانەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسییە. نموونەیەکتان بۆ باس بکەم. بۆ نموونە سوپا.. لە دامەزراندنی سیستەمی پیاوانەدا خاوەن رۆڵێکی زۆر گەورەیە، دامەزراوەی بنیاتنانی سیستەمی پیاوسالارییە. لە نەتەوە- دەوڵەتەکانی هاوچەرخدا بۆ ئەوەی مرۆڤ ببێتە هاووڵاتی، دەبێ سەربازی کردبێت. لەوێ پەروەردەی پیاوانەی زاڵ فێر دەکرێت. لەوێ مرۆڤ فێری سەرما، گەرما و برسیبوون دەکەن. لەوێ پەروەردەیەکی وەهایان دەدرێتێ کە دەبێ بۆ وڵات گیانفیدا بن. فێری ئەو شتانە دەکرێن. لێرەدا ژن فێری ئەوە دەکرێن کە نەتەوەی خۆیان لەبەرامبەر ژنە نەیارەکانیاندا

www.netewe.com



(سەرپیل سانجار)

فۆتۆ: وارڤین

بەدەست بێنن و بیپارێزن. سوپا دامەزراوەیەکی زۆر گرنگە. تێیدا ژن بچووک دەکرێتەوە. لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا سوپا کارخانەی هەرە گەورەی پیاوانەبوونە. کاتێک کە پیاوێک لە سەربازی هاتەوە ئەوکات شوێنی خۆی لەناو کۆمەڵگادا دەناسێت. لەسەر هەموو جەستەی پیاوان کۆدی دەسەڵاتداری دەنووسرێت.

وارڤین: ئایا لەنێوان جەستەی پیاو و چەک دا پەیوەندییەک هەیە؟

سەرپیل: بەڵێ. بیر لەپەیوەندی نێوان چەک و جەستەی پیاوان بکەنەوە. بۆتان دەردەکەوێت کە چۆن چەکێکی تەکنۆلۆژیک و جەستەی پیاو تێکەڵ بوون. خاوەنکارێک بێننە بەرچاوتان. ئۆفیسێکی هەیە. تەنیا لاپتۆپێکی هەیە. لەپاڵیدا ژنێکی زۆر جوان وەک سکرتێر راوەستاوە. وێنەکان دەگۆڕێن، بەڵام دەسەڵاتداری پیاوانە خۆی لەنوێوە دەئافرێنێتەوە. لەلایەکەوە وایەو سەر لەمرۆڤ دەشوێنێت، لەلایەکی دیکەشەوە دەبێتە ناوەندی قەیرانی پیاوانە. پیاوێک لە چینی خوارەوە بۆ ئەوەی بتوانێت زەواج بکات، دەبێ تا کۆتایی تەمەنی کارەکەی مسۆگەر بکات، واتە کار بکات. تەنیا ئەوکات دەتوانێت زەواج بکاو ببێتە باوک. ئەگەر پیاوێک لە چینی خوارەوە نەتوانێت کارەکەی مسۆگەر بکات مانای ئەوەیە کە پیاوەتی ئەو پیاوە کەوتووەتە قەیرانەوە. بێکاری بۆ پیاوی چینی خوارەوە مانای قەیرانی پیاوەتییە. ئەو مرۆڤانە لەسەر کەسانی لاوازتر لەخۆیان توندوتیژی بەکاردێنن. بۆ نموونە، هەژارە تورکەکانی رۆژئاوای تورکیا، توندوتیژی لەدژی ئەو کوردە هەژارانە پێکدێنن کە چوونەتە ئەوێ. لەوێدا قەیرانی پیاوەتی و نەژادپەرستی تێکەڵی یەک دەبن.

وارڤین: پیاو لەناو کۆمەڵگادا چ ئیمتیازێکیان هەیە؟

سەرپیل: نموونەیەکی بچووکت بۆ باس دەکەم. پیاوێکی نەخوێندەوار و نەزان، دەتوانێت جەستەی ژنێک بە پارە بکڕێت. پیاوە زۆر هەژار و فەقیرەکانیش ژن و منداڵیان هەیەو دەسەڵاتداری خۆیان لەسەریان بەڕێوەدەبەن. ئەو هەر هەڵەیەک بکات لێیدەبوورن. ئەو سەیری یارییەکان دەکات، لە ژنەکەی دەدات، لەگەڵ لەشفرۆشان رادەبوێرێت. ئەو شتانە بۆ ئەو تاوان نین.

وارڤین: بەپێی هەندێک تیۆر کاپیتالیزم و شێوازی بەرهەمهێنان دەسەڵاتداری پیاوانیان چەسپاندووە. ئایا هەرگیز ژن خۆی تاوانبار نییە؟

سەرپیل: ژن سیستەمی باوکسالاری قبووڵ دەکەن. رێگە بەو سیستەمە دەدەن. ئەگەر قبووڵ نەکەن ئەو سیستەمە ناتوانێت بەردەوام بێت. مۆدێلێک هەیە کە من ناوی «مۆدێلی خەسوو»ی لێ دەنێم. خەسوو خاوەن ئۆتوریتە (دەسەڵاتی شەرعییەتدار) نییە. چونکە ژنە. ئەو دەسەڵاتەی کەلە کوڕەکەیەوە وەریدەگرێت لەسەر بووکەکەی پیادەی دەکات. لەبەرئەوەش کوڕەکەی رێزی لێدەگرێت. ژنیش لە توندوتیژی دوور نین، ئەگەر دەرفەتیان هەبێت توندوتیژی بەکاردێنن.

وارڤین: لەڕۆژئاواو رۆژهەڵاتی تورکیا چ جیاوازییەک لەنێوان پەیوەندییەکانی ژن و پیاو دا هەیە؟

سەرپیل: لەرۆژهەڵات (ناوچە کوردستانییەکان) هێشتا بەکەلتووری سەردەمی کشتوکاڵییەوە پەیوەستن. هێشتا بەشێوەیەک بەهەمان خوێن دەگەڕێن. لەبەر ئەوەش مرۆڤ دەتوانێ بڵێ کێشەگەلی پیاو لەڕۆژهەڵات زیاترە. وەک نموونە لێرە پیاوێکی ٤٥-٥٠ ساڵ ئەگەر باوکی هێشتا نەمردبێت، خاوەن قسەی خۆی نییە. باوک چی بڵێت ئەویش وەها دەکات. ئەوەش شتێکی زۆر تراژدیکە. لە وڵاتانی مۆدێرنیش بە پیاو دەگوترێت کە«دەسەڵاتداری هەرە گەورە تۆی». مودێرنیتە پیاوە پیرەکان دەکوژێت و پیاوە گەنجەکان کە پارە بەدەست دێنن دەکاتە دەسەڵاتدار.

وارڤین: بەڕای ئێوە رەوشی بزووتنەوەی ژن لە شارە کوردنیشنەکان چۆنە؟

سەرپیل: ئێستا لەتورکیا ژنانی ئەم هەرێمە بەهێزترین رێکخستنیان هەیە. لەناو ئەوان و لەگەڵ ژنانی هەرێمەکانی دیکەدا پەیوەندییەکی زۆر بەهێز هەیە. رۆژهەڵاتی تورکیا (باکووری کوردستان) ئیتر گیان و وزەیەکی نوێ دەداتە تورکیا. فیمینیستەکان سەرقافڵەی ئەو بزووتنەوەیەش دەکەن.

سەرپیل سانجار کێیە؟

لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی ئەنکەرە کار دەکات. سانجار لەهەمانکاتدا بەڕێوەبەری ناوەندی لێکۆڵینەوەی ژنانی زانکۆی ئەنکەرەیە. سانجار، کە لەبواری پەیوەندییەکانی ژن و پیاودا لێکۆڵینەوەی گرنگ دەکات لەمانگی نیسانی ٢٠٠٩دا کتێبێکی بەناوی«پیاوەتی» ERKEKLIK: İMKÂNSIZ İKTIDAR- AILEDE PIYASADA VE SOKAKTA ERKEKLER بەچاپ گەیاندووە.

www.netewe.com

# گوشاری ئەنتەرناسیۆنال ژنی بردە سەرکردایەتی یەکێتی

**کاندیدێکی ژنی دەرنەچووی کۆنگرەی ٣ـی یەکێتی نیشتیمانی ئاشکرایکرد، بەهۆی گوشاری ڕێکخراوی ئەنتەرناسیۆنال سۆسیالیستەوە یەکێتی بڕیاری سەرخستنی ژنی بۆ سەرکردایەتی جێبەجێکرد و ئاشکرایکرد ئەگەر یەکێتی ئەو هەنگاوەی هەڵنەگرتبایە، ئەوا ئەندامێتی لەو ڕێکخراوە جیهانییەدا هەڵدەوەشێنرایەوە.**

سلێمانی

کۆنگرەی سێهەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە١ـی حوزەیرانی ٢٠١٠، لەشاری سلێمانی بەستراو ١٢ ڕۆژی خایاند. بۆ یەکەمجار لەمێژووی ئەو حزبەدا ٩ ژن گەیشتنە سەرکردایەتی یەکێتی و ژنێکیش بەئەندامی یـەدەگ هەڵبژێردرا. ئەنجوومەنی سەرکردایەتی نوێی یەکێتی لە ٥٠ ئەندام پێکهاتووەو ١٠ کەس لەوانە ژن دەبن. بەگوتەی ئەندامێکی سەرکردایەتی ژن، چوونی ئەو ڕێژە زۆرەی ژنان بۆ سەرکردایەتی، نوێبوونەوە بەیەکێتی دەبەخشێت. بێگەرد دڵشاد، یەکێکە لەو ژنانەی بەدەنگی خۆی لەو کۆنگرەیە چووەتە سەرکردایەتی یەکێتیی وباسی لەوەکرد کە کەشوهەوای کۆنگرەی سێهەم زۆر جیاواز بووەو یەکێتی ئەو بەڵێنانەی لەبارەی زیادکردنی ڕێژەی ژن، بەرلە کۆنگرە ڕایگەیاندووە هێناویەتەدی«کۆنگرەی سێهەم ئەو بۆشاییە فراوانەی پڕکردەوە کەلە ئەنجامی نـەبـوونـی ژن لـەسـەرکـردایـەتـی دا دروست ببوو». بێگەرد، باس لـەوەدەکـات بیروڕای پیاوان بەرامبەر بەژن گۆڕاوە، ژمارەیەکی زۆر لەپیاوان لەو کۆنگرەیەدا متمانەیان بەخشیوەتە ژنان«بەڵگەمان دەرچـوونـی چـوار ژنـە کە بەدەنگی خۆیان بوونە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی». بێگەرد ئاماژە بەوەدەدات، لەکۆی ٣٨ ژنی پاڵێوراو بۆ سەکردایەتی١٠ ژن چوونە سەرکردایەتییەوە«یەکێتی هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە متمانەی تەواوی بەژنان هەبوو، ژنانی یەکێتی هەمیشە بەتێڕوانینێکی نوێیەوە کاریان بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگاو کارکردن بۆ چارەسەری کێشەکانی ژن کـردووە». ژنە بەشداربوویەکی کۆنگرەی ٣، کە ئامادەنەبوو نـاوی بهێنرێت، ئـەوەدەخـاتـەڕوو ئەگەرچی ژمارەیەکی باش لەژنان گەیشتنە سەرکرایەتی یەکێتی، بەڵام هەموو کێشەکانی ژن لەو ڕێگەیەوە چارەسەر ناکرێت، گرنگە ئەوەیە ئەو ژنانە لەشوێنی بەرپرسیارێتیانەوە بڕیاردەر بن.«ژمارە گرنگ نییە، کردار گرنگە». ئەو ژنانەی دەنگی پێویستان بۆ سەرکردایەتی یەکێتی بەدەستهێنا هەریەک لە ئاڵا تاڵەبانی، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بێگەرد دڵشاد، د. جوان ئێحسان، پەروین کاکە حەمە، بلێسە جەبار فەرمان، نەرمین عوسمان، ڕێواس، پەروین بابەکر و وەسفیە بەنی وەیس، بوون. ڤیان مەجید، کە کاندیدی سەرکردایەتی یەکێتی بوو، بەڵام نەیتوانی دەنگی پێویست بەدەست بهێنێ دەڵێ، نیگەران نییە لەوەی نەیتوانیوە دەنـگـی سـەرکـەوتـن بەدەست بهێنێت، ئەو وایدەبینێت کەسانی لێهاتووتر لەو هەبووەو دەنگیان هێناوە. بەقسەی ڤیان، بوونی ڕێژەیەی ٢٠٪ بۆ ژن لەنێو یەکێتیدا، ڕێژەیەکی گونجاوە:«چونکە ژنان ئەزموونی سیاسییان کەمە، ئەو ڕێژەیە گونجاوە». ئەو لەگەڵ بێگەرد هاوڕابوو کاتێک گوتی تێڕوانینی پیاو بەرامبەر بەکارکردنی ژن لەنێو سیاسەتدا گۆڕاوە، بۆیە متمانەیان بەخشیوەتە ژن. ڤیان، ئاشکرایکرد یەکێتی بەهۆی پاڵەپەستۆی نێودەوڵەتییەوە بڕیاری سەرخستنی ژنی بۆ نێو سەرکردایەتی جێبەجێکردووە.»گوشاری ڕێـکـخـراوی نـێـودەوڵـەتـی ئەنتەرناسیۆنال سۆسیالیست کاریگەر بوو، ئەگەر ئەو هەنگاوەی جێبەجێنەکردبا، ئەوا ئەو ڕێکخراوە ئەندامێتی یەکێتی هەڵدەپەسارد». ڤیان، هەروەها گوتی کە کاتی ئەوەهاتبوو ژن بچێتە سەرکردایەتی، چونکە ڕێژەیەکی زۆر ژن لەنێو ڕێکخستنەکانی یەکێتی بوونیان هەبوو و زۆر چالاکانە کاریان دەکرد،«بەڵام کارکردن هەر بەقسەی قەڵەو نابێ و دەبـێ بـە کـردار بـێـت». ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی ئارێز عبدوڵڵا، نەبوونی ژن لەسەرکردایەتی پێشووی یەکێتی بەبۆشاییەکی گەورە دادەنێت و بەشێک لەکەموکورتییەکان بۆ نەبوونی ژن لە پۆستە باڵاکانی ئەو حزبەدا دەگەڕێنێتەوە.«دەرچوونی ئەو ڕێژەیەی ژنان بەدەنگی خۆیان دەریخست یەکێتی کاری لەسەر پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە کردووەو بەهەندی وەرگرتووە». ئارێز، وایدەبینێت توانای ژنان ڕۆڵی لەسەرکەوتنیان بۆ سەرکردایەتی یەکێتی



www.netewe.com



**کۆنگرەی ٣ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان**

هەبووەو وایکردووە ١٠ژن بۆ سەرکردایەتی و١٨ یش بۆ ئەنجوومەنی ناوەند، هەڵبژێردرێن. شارەزا لەبواری زانستی سیاسی د. سالار باسیرە، باس لە هۆیەکانی نەبوونی ڕێژەیەکی بەرزی ژنان لەنێو پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستاندا دەکات و دەڵێ«لەکوردستان چەندین پارتی سیاسی بەپرۆگرامی سۆشیال دیموکرات کار دەکەن، بەڵام لەناوەڕۆکدا کاری پێناکەن. بەتایبەت لەبابەتی بەشداری ژن لەنێو ئۆرگانەکانی حزب و حکوومەتدا». د.سالار، دەڵێ، دروشم شتێکەو کارکردن پێی شتێکی ترە«ئەگەرنا کام حزبی سیاسی کوردی هەیە بەخۆی بڵێت سۆشیال دیموکراتم، بەڵام بەپراکتیک سۆشیالیست بێ و دیموکراتیش بێت». بەبۆچوونی د.سالار، حزبە کوردییەکان لەدروشمدا پشکەوتوون، بەڵام لەبیرکردنەوەو پراکتیکدا لاساییکەرەوەن. لەبارەی بوونی کۆتای ژنان، رای وایە بۆ کۆمەڵگایەکی تەقلیدی وەک کۆمەڵگای کوردستان کۆتا باشی و خراپی هەیە، خراپییەکەی لەوەدایە کە ژنان پێویستە لەڕێگای خەبات و ماندووبوونی خۆیانەوە لەنێو حزب و حکوومەتدا بگەنە کورسییەکانی دەسەڵات نەوەک لەڕێگەی کۆتاوە. هەروەها دەڵێ، کۆتا دیاردەیەکی زیانبەخشە کە لایەنیک بۆ پروپاگەندەی سیاسی لەسەر جەستەی ژن و بەناوی ژنەوە کۆمەڵێک ژن بهێنێتە نێو سەرکردایەتی کە بەلێهاتویی خۆیان نەبووەو کەچی ئەو ژنانە قبووڵیشیان بێت. ئەندامی نوێی سەرکردایەتی یەکێتی د. نەرمین عوسمان، هۆکاری چوونی ئەو ڕێژەیەی ژنان بۆ سەرکردایەتی بۆ هۆکاری خودی و بابەتی دەگەڕێنێتەوەو پێیوایە هۆکارە خودییەکان بریتین لە توانای ژنانی یەکێتی لەکاروبارو راپەڕاندنی ئەرکەکانیان و بەشدارییان لەچالاکییە سیاسییەکان و بەرەو پێشبردنی پارتەکە «ئەمانە گشتی هۆکار بوون کە ژن پێشبکەوێت و بەدەنگی خۆی بچێتە پلەی باڵاوە. هۆکارە بابەتییەکانیش بریتین لە بوونی یەکێتی وەک پارتێکی سۆشیال دیموکرات کە متمانەی تەواوی بەتوانایی ژن هەیەو بەبەردەوامی هەوڵی یەکسانی ژن وپیاو لەکارکردن دەدات و جەخت لەوەش دەکاتەوە کە دەبێ ژن لەناوەندی بڕیارو دەسەڵاتدا هەبێت». پێشتر باس لەوە دەکرا کە هێرو ئیبراهیم ئەحمەد لەکۆنگرەی سێهەمدا دەبێتە سکرتێری گشتی یان جێگری، بەڵام وەک ئەنجامی کۆنگرەمان بینی هێرۆخان بووە ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی ئەو پارتە. نەرمین هۆکاری ئەمە بۆ دانایی جەلال تاڵەبانی دەگەڕێنیتەوەو دەڵێ:«سکرتێری گشتی زیرەکانە جێگری بۆ خۆی هەڵبژاردووە، لەهەمانکاتدا نابێ لەخێزانێکدا دوو کەس پلەی باڵایان هەبێت، ئەگەرچی هێرۆخانیش رۆڵێکی گرنگی لەبەرەو پێشبردنی یەکێتیدا هەبووە». د. نەرمین،دەڵێ:«ئەو ڕێژەییەی ژنان لەسەرکردایەتی، بەرگێکی نوێ کردەبەر یەکێتی، ئەویش بەرگی سۆشیال دیموکراتی راستەقینەیە». لەبارەی کۆنگرەی سێی یەکێتییەوە بەرپرسی مەکتەبی خوشکانی ئیسلامی، سەبریە غەفار، دەڵێ:«دەبوو زووتر یەکێتی، ژنان بۆ نێو سەرکردایەتی کاندید بکات، ئەگەرچی ئەو هەوڵەی ئەمجارەی باشبوو، بەڵام هەست دەکەم زیاتر کاردانەوەیە». هاوکات سەبریە، سەرنەکوتنی ژن بۆ پلە باڵاکان بۆ بێتوانایی ژنان ناگەڕێنێتەوە، بەڵکو بۆ پێڕەوپرۆگرامەکەیانی دەگەڕێنێتەوە. سەبریە ئەم هەنگاوەی یەکێتی بەئەرێنی ناو دەبات و پێیوایە گرەوتین دەبەخشێتە ژنان، تا زیاتر بەشداری کارو چالاکی سیاسی بن. ئەو یەکگرتووی ئیسلامی کودستان بە نموونە دەهێنێتەوەو دەڵێ، لەبیرتان نەچێت کە ئەندامێکی ژنی لەمەکتەبی سیاسی هەیەو٣ ژنی دیکە لەسەرکردایەتی و ٧ ژنیشی لەشورای گشتیدا هەیە.

**ئاڤان فارس**




سایه پاش مردنی نامه‌یه‌کی به‌جێهێشت

## وارڤین وردەکاری مەرگی سایە فاتیح بڵاو دەکاتەوە

# بەر لەخۆکوشتن نامەیەکی بۆ هاوسەرەکەی جێهێشتووە

سلێمانی

سایە، دوای ئـەوەی بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی هێنا چەندین گومان و پرسیاری سەبارەت بەهۆکاری خۆکوشتنەکەی بۆ دەوروبەری جێهێشت. ئەو دوای مردنی کوڕە بچکۆلەکەی چاوەڕوانی پەپولەکان کرد. سایە، بەرلەوەی بمرێت بەکوڕە تاقانەکەی دەڵێ«دایە دەچێت بۆ ئاسمان و دەبێ بە پەپوولە ئەگەر هەر پەپوولەیەکت بینی ئەوە دایەیە هاتووە بۆلات».

ڕۆژی ٢-٦- ٢٠١٠ ژنێک بەناوی سایە فاتیح حەسەن، تەمەن ٣٠ ساڵ دانیشتووی شاری سلێمانی لەکۆمەڵگای ئەڵلایی سەر بەناوچەی بازیان لەماڵی مامی بەدەمانچەیەکی جۆری میکارۆف، گوللەیەک لەسەری خۆی دەدات و دوای ئەوەی بەسەیارەیەکی ئیسعاف ڕەوانەی سلێمانی دەکرێت لە ڕێگا بەهۆی پێکدادانی ئۆتۆمبیل گیانی لەدەستدەدات و شوفێری ئۆتومبیلەکەی تریش بەناوی ئیبراهیم، دەمرێت.

لەوبارەیەوە بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی عەمید نەجمەدین قادر، بە (وارڤین)ی ڕایگەیاند، کە ئەوان دوای ئەوەی چوونەتە شوێنی ڕووداوەکە دەرکەوتووە کە سایە، لەماڵی مامی گوللەیەکی لـەسـەریـداوەو نـەکـوژراوە. نەجمەدین قادر، ڕایگەیاند کە ڕاپـۆرتـی دادپزیشکی سلێمانی گەڕاوەتەوەو تێیدا ئاماژە بەوەکراوە کە ڕووداوەکە خۆکوشتن بووەو گوللەیەک بەرلای ڕاستی سەری قوربانی کەوتووەو لەلای چەپی سەرییەوە هاتۆتە دەرەوە.

سەبارەت بەهۆکاری خۆکوشتنی سایەو ئەنجامی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان عەمید نەجمەدین گوتـی:«ئەم ژنە لەمێردەکەی جیابووەتەوەو کێشەی کۆمەڵایەتی هەبووە، کە چووەتە ماڵی مامی، بـووە بەدەمەقاڵێیان و دواتـر بڕیاری خۆکوشتنی داوەو ئێستاش دایک و براکەی سایە، سکاڵایان دژی توانا عوسمانی هاوسەری و کچە مامێکی سایە بەناوی (ژ.ه) تۆمار کردووە. ئەو دوو کەسە بەپێی مادەی ٤٠٨ی یاسای سزادانی عێراقی دوای چەند ڕۆژێک لەبەندکردن، بەکەفالەت ئازادکراون».

سایە، ماوەی ٦ساڵ و نیو لەگەڵ ڕۆژنامەنووس توانا عوسمان، ژیانی هاوسەری پێکهێنابوو. لە بەرهەمی ئەو هاوسەرگیرییەش منداڵێکی کوڕیان بەناوی (ن) کە تەمەنی ٣ ساڵ و ٧ مانگە هەیە. دوای مردنی سایە، بەتۆمەتی خیانەتی هاوسەری و هاندان بۆ خۆکوشتن لەلایەن کەسووکاری سایەوە سکاڵا لەدژی مێردەکەی تۆمار کراوە.

لەبارەی ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هاندەر بۆ خۆکوشتنی سایەو کۆتایهێنان بە ژیانی، توانا عوسمان، بە وارڤینی ڕاگەیاند کە ئەوان لەڕۆژی ٢٨-٤-٢٠١٠ بەڕەزامەندی هەردوولایان بڕیاری جیابوونەوەیان داوە«بەڕەزامەندی هەردووکمان ڕێککەوتین لەسەرئەوەی بەشێوەیەکی مەدەنییانە جیاببینەوە. کە ئەویش تەڵاقی خولعی بوو لەدەرەوەی دادگاو بەئامادەبوونی ٥ کەس بەدەر لەخۆمان دانیشتنی تەڵاق ئامادەکراو و لەفزی تەڵاقی تێدا بەکارهێنرا. ئەوەبوو لەڕووی ئایینی و یاساییەوە تەڵاقەکە بەتاڵکرایەوە». بەقسەی توانا، دوای جیابوونەوەکە سایە، ماوەی ١٢ڕۆژ باری دەروونی زۆر ئاڵۆزدەبێ و بەتەنیا لەگەڵ کوڕەکەی لەخانووەکەی خۆیدا ژیان بەسەر دەبات و چەندجارێک بەتەلەفۆن هەڕەشەی خۆکوشتن دەکـات و دواجـار بەرلەمردنی نامەیەکی بۆ بەجێدێلێت.

وەک تـوانـا، بـاسـیـدەکـات، سـایـە لەماوەی جیابوونەوەیاندا چەندجارێک بەتەلەفۆن و بینین لای توانا هەڕەشەی خۆکوشتن دەکات و ئەمەش وادەکات ترسێک لای توانا دروست ببێ»من ٣ جار، ت، برای سایەم لەو ڕەوشە ئاگادارکردەوەو پێمگوت کە سایە، حاڵەتی دەروونی باش نییە، بەڵام ئەو هیچ گرنگییەکی پێنەداو گوتی کەسێک ئەگەر خۆی بکوژێت گەرماوگەرم کارەکە دەکات و بەکەس ناڵێت، جاری دووهەمیش کە پێمگوت، گوتی تۆ حەقت چییە خۆ لەبەرپرسیارێتی تۆدا نەماوە».

وارڤـیـن، بۆ پشتراستکردنەوەی ئـەم قسانە پەیوەندی کرد بە ت، برای سایەوە کەلە نزیکەوە ئاگای لە ڕووداوەکانە، بەڵام ئامادەنەبوو لێدوان بدات و گوتی تا لێکۆڵینەوە تەواو نەبێت، هیچ قسەیەک ناکەم. توانا، سەرەتای سەرهەڵدانی کێشەو گرفتی پەیوەندی هاوسەرییانی بۆ ٢ ساڵ و نیو لەمەوپێش گەڕاندەوە. وەک گوتی، سەرەتای ٤ ساڵی یەکەمی پەیوەندییەکەیان، جۆری کێشەکانیان هەمان ئەو کێشانەبووە کە هەموو ژن و مێردێک هەیانبووە. سەبارەت بەو دەنگۆیانەی کە لەلایەن کەسانی نزیک لەسایە بڵاوبونەتەوە لەبارەی پەیوەندی توانا، لەگەڵ چەند ژنێکی دیکەو خیانەت لەهاوسەرەکەی دەڵـێ»پـەیـوەنـدی ژن و مێرد پرۆسەیەکی دوولایەنەیە، ناکرێ یەکێکیان بکشێتەوەو ئەویتر تاوانبار بکات، درزێک لەپەیوەندی من و سایەدا دروسـت ببوو، نەدەکرا تەنیا لایەنێک بەتەنیا



www.netewe.com



لاپەڕەی یەکەم لە نامە شەش لاپەڕەییەکەی سایە

بیکات، ئەگەر لایەنی دووهەمیش بەشێک نەبێت لێی».

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست وارڤین، کەوتووە، سایە بەرلەجیابوونەوەی لە توانا، گومان لەهەبوونی پەیوەندی لەنێوان توانا و کچە مامێکی خۆی بەناوی (ژ.ە) دەکات.(ژ.ە) خێزاندارەو منداڵێکی هەیە. توانا، ئەو تۆمەتە ڕەتدەکاتەوەو دەڵێ ( ژ.ە) تەنیا یەکێک بووە لەو ناوبژیوانانەی کێشەی نێوان خۆی و سایە»ئەو ژنە لەسەرداوای سایە، هاتەناو کێشەی ئێمەوەو ئەو شەشەم کەسە کەلەو پرسەدا و لەچارەسەری کێشەکاندا ڕۆڵێکی ئەرێنی هەبووە».

وەک توانا، باسیدەکات (ژ.ە)ی کچە مامی سایە لەیەکێک لەو کێشانەی کە هەیانبووە لایەنگیری توانا، دەکات و ئەوەش سایە نیگەران دەکات و هەر ئەو گومانەش پەیوەندییەکەیانی نێوان سایەو (ژ.ە) کۆتایی پێدەهێنێت.

لەوبارەیەوە (ژ.ە) کچە مامی سایە کە یەکێکە لەهاوڕێ نزیکەکانی منداڵی سایە، زۆر بەنیگەرانییەوە چیرۆکی تێکچوونی پەیوەندی نێوان خۆی و کچەمامەکەی گێڕایەوەو بە (وارڤین) ی ڕاگەیاند کە ئەو چەندینجار پشتگیری لەسایە کردووەو سەرزەنشتی توانای کردووە، بەڵام لەپرسێکدا بەپێچەوانەوە هەڵویستی خۆی دەربڕیوە«من بەمافی خۆم زانی وەک کچەمامی و هاوڕێیەکی دڵسۆزی کە پێیبڵێم هەڵەیت. من بەویژدانەوە حوکمی پرسەکانم دەدا، بەڵام نەمزانی ئەمە دەبێتە هۆی تووڕەبوونی سایە».

(ژ.ە) بەوپەڕی بێزارییەوە بەدەم هەڵکێشانی هەناسەیەکی ساردەوە باسی لەو تۆمەت و هەڕەشانە کرد کە لەلایەن سایەوە بۆی دروستکراوە. وەک گوتی ٣ مانگ بەرلە مردنی سایە، پەیوەندی نێوانیان کۆتایی پێهاتووە. بەڵام سایە، بەرلەو بەروارە کۆبوونەوەیەک ڕێکدەخات لەنێوان خۆی و کچەمامەکەی و توانای مێردی داو لەو دانیشتنەدا هەموو ناوەڕۆکی قسەکان تۆماردەکات و ئەمەش دەبێتە یەکێک لەو بەڵگانەی کەلە دادگا دژی تواناو کچە مامەکەی سایە، بەکاردەهێنرێت. سەبارەت بەناوەڕۆکی ئەو قسانەی کە لەو دانیشتنەدا تۆمارکراوە، توانا عوسمان، دەڵێ، ئەم دانیشتنە شتێکی دروستکراو بووە لەلایەن سایەوە«من نەمزانی سایە قسەکان ڕیکۆرد دەکات، بەڵام ناوەڕۆکی ئەم قسانە شتگەلێکی زۆر ئاسایین، چونکە سایە، هەندێک شت فڕێدەداتە ناو قسەکان بۆ ئەوەی ئاراستەی دانیشتنەکە بەو ئاراستەیە ببات کە خۆی دەیەوێت».

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست وارڤین، کەوتووە سایە، ڕۆژی ڕووداوەکە دەچێتەسەر ماڵی مامی و لەگەڵ کچەمامەکەی و ئەندامانیتری خێزانەکەی دەبێتە دەمەقاڵێیان و یەکێک لەهۆکارەکانی تەلاقدانی دەخاتەئەستۆی (ژ.ە) و دواتر دەمانچە دەخاتەسەر کچەمامەکەی، بەڵام لەبەرئەوەی منداڵی لەباوەش دەبێت پەشیمان دەبێتەوەو دەمانچەکە دەخاتە ژێرملی خۆی و دەیەوێ کۆتایی بەژیانی بێنێت، بەڵام مامی ئارامی دەکاتەوەو دەمانچەکەی لێدەستێنێت.

هاوکات (ژ.ە) کچەمامی سایە، ئەم قسانە ڕەت دەکاتەوەو دەڵێ، کە ئەوان هیچ دەمەقالێ و کێشەیەک لەنێوانیاندا نەبووە«سایە داوایکرد بەتەنیا بچینە دەرەوە قسەبکەین بەمنی گوت، من لەتوانا جیادەبمەوەو زۆر بێتاقەتم. منیش زۆرم پێناخۆش بوو، گوتم دەتوانم چیت بۆ بکەم ئیتر هەر باسی بێتاقەتی خۆی دەکرد. هیچ گلەییەکی لەمن نەبوو، من دانیشتبووم و ئەو لەپشتمەوەبوو، هاتە بەردەمم و دەمانچەیەکی دەرهێناو خستیە ژێرملی خۆی. منیش یەکسەر پەلامارمداو ویستم ئاراستەی دەمانچەکە بگۆڕم ئەوەبوو نەمتوانی لێیوەرگرم، بۆیە هاوارم بۆ باوکم کرد و باوکیشم هات و دەمانچەکەی لێسەند خستیەسەر دۆڵابەکەو دایکم باوەشی پێداکردو چووینەژوورەوە. هەموو گلەییەکەی سایە، ئەوەبوو کە ئەو بۆ تەڵاقدەدرێت. ئەو گلەیی ئەوەی دەکرد کە کەس ڕۆڵی ئەرێنی نەبووە لەوەی کە تەڵاقدەدرێت، مەبەستی ئێمەو ماڵی باوکی بوو چونکە گلەیی لەهەموومان دەکرد».

دوای ئەوەی سایە، لەلایەن (ە) مامی ئارام دەکرێتەوەو ئامۆژگاری دەکرێت. بەڵام ئەوەی کە سایە، دەیەوێ ناتوانرێت بۆی جێبەجێبکرێت کە ئەویش بریتیەلە تۆڵەکردنەوە لە توانا. لەوبارەیەوە (ە) مامی سایە، ڕایگەیاند کە ئەو زۆر هێمنی کردووەتەوەو هەوڵیداوە لەخۆکوشتن پەشیمانی بکاتەوە، بەڵام ئەو بەردەوام سەرزەنشتی خێزانەکەی کردووە کە ڕۆڵیان نەبووە لە چارەسەر کردنی کێشەکەی«کە سایە، لە مێردەکەی جیابووەتەوە من هیچ ئاگادارنەبووم و تەنانەت پرسیشم پێنەکراوە. بۆیە ئاگام لەپرسەکە نەبوو، ئەویش بەردەوام دەیگوت ئێوە دەبێ تۆڵەم بۆ بکەنەوە، بەڵام من هەر دەمویست هێمن بێتەوە».

(ە) مامی سایە، زۆر بەبێتاقەتییەوە دانیشتبوو دەردەدڵی برازاکەی دەگێڕایەوە. وەک ئەو باسیدەکات سایە، دوای قسەکانی، زۆر هێمن دەبێتەوەو دەیەوێ بڕوات، بەڵام لەناکاو پەلاماری دەمانچەکە دەدات و گوللەیەک لەسەر خۆی دەدات و بەوەش کۆتایی بەژیانی دێنێت.

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە وارڤین، لەسەرچاوەیەکی بڕواپێکراوەوە دەستی کەوتووە، دوای مەرگی سایە، کەسووکاری (ژ.ە) بۆ دڵنەوایی خۆیان و پارێزگاری لە ژیانی، کچەکەیان ڕەوانەی شەڵتەری ئاسوودە دەکەن و (ژ.ع) ٢ ڕۆژ لەوێ دەمێنێتەوە. دواتر ژ داوا لە (ت)ی ئامۆزای دەکات کە پشتیوانی لێ بکات لەوەی کە ئەو لەم ڕووداوە بێتاوانە، بەڵام بەپێچەوانەوە (ت)ی برای سایە لەدانیشتنێکی عەشایەری نێوان خۆی و ماڵی مامی بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکەیان داوا لە (ژ.ە) دەکات کە لەدادگا دان بەپەیوەندی خۆی و توانادا بنێت و ئەویش لەبەرامبەردا (ژ.ە) و خێزانەکەی ڕەوانەی ئەڵمانیا دەکات و بڕێکی زۆر پارەشیان پێدەدات. بۆ ڕاستکردنەوە ئەم زانیارییانە وارڤین، ئەم پرسیارەی ئاراستەی (ژ.ە) کرد، بەڵام هیچ وەڵامێکی نەدایەوە.

هاوڕێیەکی نزیکی سایە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکات، باس لەکەسایەتی ئەو دەکات و دەڵێ کە ژنێکی زۆر لەسەرخۆ و بێدەنگ بووەو وەک ئەو باسیدەکات سایە بەرلەمردنی بە (ن)ی کوڕی گوتووە«دایکت دەچێتە ئاسمان و دەبێ بەپەپوولە. ئەگەر هەر پەپوولەیەکت بینی ئەوە دایەیە».

www.netewe.com

سایە، پاش هەفتەیەک لەجیابوونەوەی لە توانا، نامەیەکی بۆ دەنووسێ و لەرۆژی ٩-٥-٢٠١٠ لەناو ئۆتۆمبیلەکەی توانا نامەکەی بۆ جێدەهێڵێت کە تێیدا بە ئاشکرا دان بەو هەڵانەی خۆیدا دەنێ کە هەیبووەو لەبەشێکی نامەکەدا باس لەتارماییەکانی ژیانی و ونبوونی داهاتووی دەکات. سایە لەو نامەیەدا کۆتایی پەیوەندی نێوانیان وەک کۆتایی ژیانی خۆی وەسفدەکات. لەبەشێکیتری نامەکەیدا ئاماژە بەو فیلمە دەکات کە بریتییەلە دروستکردنی چەند تۆمەتێکی هەڵبەستراو بۆ مێردەکەی و دواتر باس لە (ت) ی برای دەکات کە شەوانە بەسەرخۆشی چەندجارێک چووەتەسەر ماڵەکەی و سووکایەتی پێکردووە. سایە، لە کۆتایی هەر برگەیەکی نامەکەیدا داوای مەرگ دەکات.

لەو نامەیەدا کە کۆپییەکی دەست وارڤین، کەوتووە، سایە بەردەوام سەرزەنشتی رەفتارو کردەوەکانی خۆی دەکات و خۆی بەکەسێکی تووڕەو هەڵچوو وەسفدەکات و بەشێک لەهۆکارەکانی تێکچوونی پەیوەندییەکەیان دەگرێتە ئەستۆی خۆی.

سەبارەت بەشیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەم نامەیە لەڕووی دەروونییەوە، د. توانا عەبدولڕەحمان راوێژکاری دەروونی گۆڤاری وارڤین دەڵێ، ئامارە زانستییەکان لەجیهاندا دەریانخستووە کە خۆکوشتن بەشێوازی چەک زیاتر لەناو (نێر) دا باوە، نەک (مێ). چونکە تاکی (مێ) بۆ خۆکوشتن زیاتر پەنادەباتە بەر رێگەکانیتر وەک خۆسووتان و ...

ئەم پزیشکە پێیوایە، چۆنیەتی خۆکوشتنی سایە، بەچەک لەگەڵ ناوەڕۆکی نامەکەدا ئەوە پیشاندەدات کە سایە، مەبەستی خۆکوشتنی نەبووە، چونکە زۆرجار تاک کە نائومێدو دڵتوند دەبێ بۆ سەرنجراکێشانی دەوروبەری بەلای خۆیدا کاری خۆکوشتنەکە رادەگەیەنێ، بەڵام هەندێکجار ئەوەی لێ دەبێتە راستی و کۆتایی بە ژیانی دێنێت.

زۆرجار خۆکوژ بەرلەمردنی نامەیەک جێدەهێڵێ و تێیدا گەردن ئازایی دەکات و داوا دەکات کە دەوروبەری خەمی بۆ نەخۆن، بەڵام لەزۆربەی هەرەزۆری جارەکاندا نامەکان زۆر کورتن و لەهەمان شوێنی خۆکوشتنەکەدا یان لەشوێنێکی ماڵەکەدا جێیدەهێڵێ، ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە:

- ئەم نامەیە لەشوێنی خۆکوشتنەکە نەبووە، هەروەها لەشوێنی نیشتەجێبوونی خۆکوژ بەجێنەماوە. بەڵکو بەپێچەوانەوە خۆکوژ چەند رۆژێک بەرلەئەنجامدانی کارەکەی نامەکەی بەشێوەیەک لەناو ئۆتۆمبیلی مێردەکەی جێهێشتووە.
- نامەکە وەک لەناوەڕۆکەکەی دیارە، بەیەکجار نەنووسراوەتەوە، بەڵکو بەچەند رۆژێک و ماوەیەکی زۆر، پێش کاری خۆکوشتنەکە نووسیویەتی لەم حاڵەتەدا ئەمە لەگەڵ نامەی کەسێ کە بیەوێ خۆی بکوژێت یەکناگرێتەوە.
- ناوەڕۆکی نامەکە زۆر دوورودرێژە، بەشێوەیەکی گشتی نامەی خۆکوشتن کورت و پوختە.
- ئەوەی زۆر گرنگە، زۆربەی هەرەزۆری ناوەڕۆکی نامەکە بریتییەلە (دانپێدانانی خۆکوژ بەو هەڵانەیدا کە کردوویەتی) کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەو چارەنووسە تاڵەی خۆی. بڕێکی کەمی ناوەڕۆکی نامەکە بریتییە لە گلەییکردن لەمێردەکەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، واتا ناوەڕۆکی نامەکە بریتییە لەپەشیمانی ئەو پەشیمانییەش، بۆتە هۆی بڕیاری خۆکوشتن بەشێوەیەکی سەرەکی. ئەمجۆرە پەشیمانییەش دووبارە لەگەڵ ناوەڕۆکی نامەی (خۆکوشتن) بەشێوەیەکی گشتی یەکناگرێتەوە، چونکە ئەوانەی خۆیاندەکوژن پەشیمان نابنەوە، ئەگەر هەشبێ زۆر کەمە.
- بەشێوەیەکی گشتی، تاک کە هەڵەیەک بکات و پەشیمان بێتەوە لێی هەوڵدەدات بەشێوەیەک لەشێوەکان چاکی بکاتەوە، نەک خۆی بکوژێت. بەدەگمەن ئەمجۆرە ناوەڕۆکە لەنامەکانی خۆکوشتندا بەدیدەکرێت.
- ناوەڕۆکی نامەکە جۆرێک لەسۆزو بواری رۆحیانەتێکی جوانی تێدایە. ئەمجۆرە حاڵەتە بەشێوەیەکی گشتی لەحاڵەتی (کەئابە) ی پێش خۆکوشتندا بەدیناکرێت، چونکە حاڵەتی (کەئابە)ی توند کە تاک بگاتە پلانی خۆکوشتن، مرۆڤ دەخاتە حاڵەتێک کە ئەم شێوەیە لەسۆز و حاڵەتە شیعرییانەی نامێنێت. لێرەدا دەردەکەوێت کە سایە زۆر تامەزرۆی ژیان بووە.

ئەنجام:

شێوازی خۆکوشتنەکەو ناوەڕۆکی نامەکەو چۆنیەتی گەیاندنی نامەکە بەهاوسەرەکەی لەگەڵ کاتەکاندا هەمووی ئەوە دەگەیەنێت کە:

- سایە، هیچ نییەتێکی جیدی نەبووە بۆ خۆکوشتن، هەوڵەکان زیاتر بۆ سەرنجراکێشان بووە، بەڵام دواتر بووە بەڕاست.
- نامەکە، شێوازێکە بۆ ئاشتبوونەوەی لەگەڵ ژیانداو دانپێدانانی بەهەڵەکاندا، نەک بێزاری و خواحافیزیکردن، ناوبراو بەو نامەیەی ویستویەتی سەرنجی هاوسەرەکەی راکێشێت و بەشێوازێک لەگەڵیدا ئاشت بێتەوە.

**[ت]ی برای سایە لەدانیشتنێکی عەشایەری نێوان خۆی و ماڵی مامی بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکەیان داوا لە[ژ.ە] دەکات کە لەدادگا دان بەپەیوەندی خۆی و توانادا بنێت و ئەویش لەبەرامبەردا [ژ.ە] و خێزانەکەی رەوانەی ئەڵمانیا دەکات**

www.netewe.com

# گومان لەراستی راپۆرتەکەی هیومان رایتس وۆچ لەبارەی خەتەنەوە دەکرێت



هەولێر

بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی تەندروستی و پەرلەمانتاران، راپۆرتەکەی هیومان رایتس وۆچ، لەبارەی خەتەنەکردنی ژنان لە کوردستان رەتدەکەنەوەو رێکخراوی وادی ئەلمانیش دەڵێ، لەراپۆرتەکەیاندا تەنیا پشتیان بە ئاماری پارێزگایەک بەستووە.

مانگی رابردوو رێکخراوی هیومان رایتس وۆچ، راپۆرتێکی لەبارەی خەتەنەبڵاو کردەوە کە تێیدا ئاماژەی بەوەکردبوو، ٧٣٪ـی ژنانی هەرێم خەتەنەکراون، بەڵام ئەو ئەنجامە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی و پەلەمانتاران و گەلەک شوێنی دیکەوە رەت کرایەوە. راپۆرتەکە پشتی بەزانیارییەکانی رێکخراوی وادی ئەلمانی لەهەرێمی کوردستان بەستبوو و ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە چەندین خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکرێت.

بەرپرسی رێکخراوی وادی، فەلاح مورداخان، لەبارەی راپۆرتەکەی هیومان رایتس وۆچەوە دەڵێ، ئەو راپۆرتە کۆکراوەی بەشێکی ئەو کارە مەیدانییە کە تێیدا ٥٢ کەسیان بینیوەو ٣٢ ژنیان بەشێوەی چیرۆک هەڵبژاردووە. هەروەها نووسینگەی چەمچەماڵی وەزارەتی مافی مرۆڤـ، هەندێ نموونەی رێکخراوی وادی وەرگرتووە، کە لەگەڵ ١٤٠٨ ژنی خەتەنەکراو قسە کراوە.

مورادخان، وەها درێژەی بەقسەکانی دا«ئەو راپۆرتەی هیومان رایتس، مەبەستی دیاریکردنی رێژە نەبوو، ئەوان زیاتر راسپاردەو هۆیەکانی ئەو دیاردەیان باسکردووە». فەلاح، گوتیشی، ئەگەرچی ئەوان لە راپۆرتەکەدا رێژەیان نیشانداوە، بەڵام مەبەستیان ئەوە نەبووە کە وێنەیەکی ناشیرین لە کوردستان بەجیهانیان نیشان بدەن و ئەو رێژەیەش دەرئەنجامی ئەو ژمارەیە کە وەریانگرتووەو ئامارەکەشیان لەهەموو کوردستان نەگیراوەو رێژەکەش فەرمی نییە.»

ناتوانین رێژەی هەموو کوردستان وەربگرین، چونکە ئەم کارە کاتی زۆری دەوێ و تائێستاش لەلایەن حکوومەتەوە دان بەخەتەنەدا نەنراوە. بەڕای من تێنەگەشتن و نەخوێندنەوەی ئەو ئامارە ئەم هەموو قسەو باسەی دروستکردووەو ئەرکی حکوومەت و پەرلەمانە جیدی کار لەسەر ئەم بابەتە بکەن». بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف مەریوان نەقشبەندی، دەڵێ، «هەستەکەم پشت بەراپۆرتەکانی وادی بەستراوە، بەرلەوەی راپۆرتەکەیان بڵاوبکرێتەوە، نادییە خەلیفە سەردانی وەزارەتی ئەوقافی کردو ئامادەییمان پیشاندا، تا لەگەڵی سەردانی ئەو ناوچانە بکەین کە نموونەی خەتەنی تێدا باسکراوە، بەڵام بەبێ ئاگاداری حکوومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەو راپۆرتە بڵاوکرایەوە. ئەوانە هەر ژمارە بڵاو دەکەنەوە، نازانم لەسەر چ بنەمایەک ئەوەیان کردووە، وا هەستەکەم رێکخراوی وادی، لەپێناو مانەوەیان لەکوردستان ئەم ئامارەیان دروستکردووەو تەنیا بازار گەرم دەکەن».

وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش دەرەنجامی راپۆرتەکەی هیومان رایتس وۆچ، بەنادروست دەزانێت. بەڕێوەبەری گشتی لەوەزارەتی تەندروستی د.جەمیل عەلی، دەڵێ، ئەوئامارەی هیومان رایتس بڵاویکردووەتەوە،

www.netewe.com

دروست نییەو لەگەڵ بارودۆخی ئێستا ناگونجێت، چونکە لەراپۆرتەکەدا باس لەوەکراوە کە ئەو ژنانەی لەنێو ئامارەکەدا هاتوون تەمەنیان ٢٠ تا ٨٠ ساڵە، کەواتە دوورە لەسەردەمی ئێستا. د. جەمیل، دەڵێ:«ئەو نموونانانە هی سەردەمێکن کە هۆشیاری نەبووە، بەڵام ئێستا بارودۆخی هەرێم زۆر گۆڕاوەو هۆشیاری زۆرە، چونکە ئەگەر بێت و کەسێک لەرۆژی دایکبوونەوە وەربگریت، تا تەمەنی دە ساڵ، ئەوکات دەتوانین بڵێین کە خەتەنە لە هەرێمی کوردستان ماوە». گومان لەو راپۆرتانە دەکەین، لەگەڵ توێژەکان و مامۆستایانی ئایینی دانشتووین، دانیان بەوەناوە کە ئەم بابەتە لە ئاینی ئیسلام هیچ پاشینەیەکی نییە، ئەو کچانەی خەتەنە کراون قسەیان لەگەڵ کراوەو تێیدا دەرکەوتووە کە ئەو رێکخراوە راستەوخۆ قسەی لەگەڵ ئەوان نەکردووەو ئەم ئامارە دروستکراوە، هەروەها خەتەنەکردن بنەمای دینی نییە. لەهەمانکات ئەو خەتەنەی لەکوردستان هەیە شێوازێکی سادەیە، بەشێکی کەم لەئەندامی زاوزێ لێدەکرێتەوەو خەتەنە لەکوردستان دیاردە نییە. مەریوان نەقشبەندی، دەڵێ«نکۆڵی لە هەبوونی خەتەنە ناکەین، بەڵام بەمشێوە جەهەنەمییە نییە، ئەم ئەمارە بۆ شێواندنی کۆمەڵگای کوردستان بوو. سەرچاوەکانی ئەو راپۆرتە باوەڕپێکراو نییە، من بڕواناکەم ئەو کچانەی خەتەنە کراون بدوێن، چونکە شەرم دەکەن و بەوشێوەیەی نێو ئەم راپۆرتە نهێنییەکان ئاشکرا ناکەن».

پەرلەمەنتار سەمیرە محەممەد، باس لەوە دەکات کە خەتەنە وەک برگەیەک لەچوارچێوەی پرۆژەی یاسای توندوتیژی خێزانی لەخولی دووهەمی پەرلەماندا ئاماژەی پێدراوە. «ماددەی دەهەم، لەبرگەی دووهەم کەلە ٣بەش پێکهاتووە (خاڵی یەکەم دەڵێ، هەر کەسێک پێشنیاری خەتەنە بکات، ئەوا بەبڕی ٥ ملێۆن دیناری چاپی نوێ سزا دەدرێت و شەش مانگ بەند دەکرێت. خاڵی دووهەم، ئەوەی خەتەنە بکات بە ١٠ ملێۆن دیناری چاپی نوێ سزا دەدرێ و دوو ساڵ بەنددەکرێت. سێهەم، ئەوەی لیژنەی پزیشکییەو دەستی لەو کارەهەیە بە ١٥ ملیۆن سزادەدرێت و ٢ ساڵ بەند دەکرێت و ٥ ساڵیش لە پێشەکەی دووردەخرێتەوە». ئەو پەرلەمانتارە دەڵێ، پەرلەمان دژی خەتەنە وەستاوەو ئێستاش لەهەرێمی کوردستان رێژەی خەتەنەکردنی ژن، کەمبووەتەوە.

ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان تارا تەحسین، دەڵێ، چێژوەرگرتن لەسێکس مافێکی گرنگی ژنەو نابێت لێ بسەندرێتەوە، هەتا ئەگەر ئاییینیش رێگەی پێ بدات، ئەگەرچی ئایین رێی بەوە نەداوە. «لەیاسای باری کەسێتیدا هاتووە، نابێ ژن خەتەنە بکرێت، ئەگەر کەسێک ئەوکارە بکات و خاوەنی پێشە بێ، لەکارەکەی دوور دەخرێتەوە. مامۆستای ئایینی مەلا عومەر چنگیانی لەوبارەیەوە دەڵێ، باسنەکردنی خەتەنە لەمینبەری مزگەوت بۆ رەچاوکردنی پرسە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە، نەک بۆ مەزهەب و فیقە. چونکە لەفیقهی ئیسلامیدا ئەو بابەتانە بەروونی باسکراوە.»

لەقورئاندا باسی خەتەنەکردنی نێرو مێ نەکراوە، لەدەقی ئایەتێکدا هاتووە:

{ثُمَّ أَوْحَينَا إِلِيكَ أَنِ اتَّبِعْ مِن إِبْرَاهِيمَ حَنِيفاً وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينِ}النحل١٢٣.

کە دەفەرمێ:»روو لە پێغەمبەر دەکات کە شوێن رێبازی ئیبراهیم بکەوێت، پێغەمبەر، لەمیانەی رێبازی ئیبراهیم، سونەنی فیترەمان بۆ روونەکاتەوە، ئەبو هورەیرە، بۆمان دەگێڕێتەوە کە سونەنی فیترە ٥ شتن، (خەتەنە، نینۆک کردن، سمێڵکردن، بەرکردن، بنباڵکردن). ئەم ٥ شتە بەشێکیان هاوبەشە، یەکێکیان نەبێت ئەویش خەتەنەیە، ئایا ژن و پیاو حوکمیان وەک یەکە؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە کاتێ پێغەمبەر لە مەککە بوو خەتەنە نەبوو، کاتێ هاتە مەدینە سەیری کرد ژنێک پێیدەگوترا دایکی عەتیە، مامانی ئەو کارەی دەکرد. چەقۆ یان یا مووسی بە دامێنی کچەکەدا دەهێنا، پێغەمبەر نەیفەرموو بیکە یا مەیکە، بەڵام فەرمووی هەر دەیکەن وایلێمەکەن زیانی پێبگات. کەوا بوو ئەگەر زیانی پێبگات، نابێ بکرێت. بۆ ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەر چەند قوتابخانەیەکی فیقە هەیە، (ئەبوحەنیفە، شافیعی، مالکی، ئیمام ئەحمەد، زەیدی، زاهیری، جەعفەری و ئیبازی)، ئەم قوتابخانانە لەتێگەیشتنیان بۆ ئەم دەقە خوێندنەوەی جیایان هەیە، تەنیا ئیمام شافیعی، ئەوە بە واجب تێگەشتووە، بەڵام لەلای ئەبوو حەنیفەو مالیک ئەو حاڵەتە سوونەتە، بەلای مەزهەبەکانیتر دەڵێن ئەگەر سوودی هەیە بۆ ژن بابکرێت. رای هاوچەرخ دەفەرموون کە موباحە، (موباح: شتێک ئەگەر بیکەیت خێرت پێدەگات و ئەگەر نەیکات گوناهت پێناگات و دەوەستێتە سەر تێڕوانیی پزیشکی.

**فەلاح موراددخان:**

**حکوومەت تائێستاش دان بە خەتەنەدا نانێت**

**مەریوان نەقشبەندی:**

**وادی لەپێناو مانەوەدا بازاڕەکە گەرم دەکات**

www.netewe.com

# بەزۆربەشوودان بەرۆکی کچانی کورد بەرنادا

## کچانی کورد لە ئـــ

دیاردەی بەزۆر بەشوودانی کچان هێشتا لەناو ئەو خێزانە کوردانەدا ماوە کە چەند ساڵێکە کوردستانیان بەجێهێشتووە لە ئەورووپا دەژین.

هیشتا بە سەدان کچ ناچار دەکرێن کە هاوسەرگیری زۆرەملێ بکەن، ئەمەش لەکاتێکدایە دیارەدەکە لە کوردستان ڕووی لەکەمی کردووە.

خێزانە کوردەکان هێشتا سوورن لەسەر ئەوەی کە خۆیان هاوسەری کچەکانیان دیاری بکەن.

بەهرە عەلی ٢١ ساڵ کە زیاتر لە ١٠ ساڵە لە ئەڵمانیا دەژی هەفتەی ڕابردوو بێخواستی خۆی لە کوڕێکی کورد مارە کرا.

بەهرە، دەڵێ لەبەرکردنی جلی بووکێنی کە خەونی منداڵییەتی هیچ خۆشییەکی پێ نادا، «چونکە بەدڵی خۆم ئەو کەسەم هەڵنەبژارد کە دەبێتە هاوسەرم».

هەروەها گوتی:«باوک و براکانم ناچاریان کردم کە ڕازیبم شوو بەم کوڕە بکەم».

خێزانە کوردەکانی ئەورووپا بەهەمان نەریتی کوردستان کچەکانیان بەشوودەدەن، هێشتا پرسی مارەیی خاڵێکی گرنگە بەلای خێزانەکانەوە.

کاتێک بەهرە، مارەکرا باوکی بڕیاریدا کە ٥٠ مسقاڵ ئاڵتوونی بۆ بکرێت و ئاهەنگی گەورەشی بۆ بکرێت.

بەهرە، گوتی:«باوکم هەموو بڕیارێکی دا، تەنانەت هەر ئەویش بڕی ئاڵتوونەکەی دیاری کرد».

بەزۆر بەشوودانی کچان لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا کە کۆمەڵگایەکی موحافزکارە، یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکانی ژنان.

زۆربەی ئەو کچانەی کە بەزۆر دەدرێنەشوو دەڵێن کە دواتر لەهاوسەرگیریدا سەرکەوتوو نابن و دوای ماوەیەک داوای جیابوونەوە دەکەن.

دیاردەکە لەناوهەرچوار بەشەکەی کوردستاندا هێشتا پەیڕەو دەکرێت و خێزانەکان دیاردەکەیان بۆ ئەورووپاش گواستووەتەوە.

نەمام حسێن، ٢٣ ساڵ نزیکەی شەش مانگە هاوسەرگیری کردووەو لە گوندێکی ئەڵمانیادا لەگەڵ هاوسەرەکەی دەژی.

نەمام، پێش ئەوەی زەواج بکات ڕۆژانە لەکارگەیەکی گەورەدا لەیەکێک لە شارە گەورەکانی ئەڵمانیا کاری دەکرد، بە لام دواتر هاوسەرەکەی ڕێگەی پێ نادات لەکارکردن بەردەوام بێ.

نەمام، دەڵێ کە زیاتر لە ١٥ ساڵە ئەڵمانیا دەژین وهەر لێرەش خوێندوویەتی، بە لام ئێستا تەنیا کاری ئامادەکردنی خواردنە بۆهاوسەرەکەی.

نەمام، وەها درێژەی بەقسەکانی دا«من بەزۆری براکەم شووم کرد، چونکە هاوسەرەکەم هاوڕێ براکەمە».

بەزۆر بەشوودانی کچان لەناو وڵاتانی ئەورووپادا بەکارێکی قەدەغەکراو و نایاساییی دادەنرێت، سزاش بەسەر ئەو کەسانەدا دەسەپێنرێت کە کچان بەزۆرەملێ بەشوو دەدەن.

بە لام زۆربەی کچەکان ئامادە نین پەنا بۆ یاسا بەرن کاتێک لەلایەن کەسووکاریانەوە ناچاردەکرێن کە هاوسەرگیری زۆرەملێ بکەن.

نەمام، گوتی«لەبەر ئابڕووی بنەماڵەکەم نەمتوانی شکات بکەم».

نەمام، ئاماژە بەوەش دەکات کە مێردەکەی ڕێگری لێ دەکات بێ کاربکات و ڕۆژانە بەتەنیا لەماڵەوە دەژی.

بەپێی ئاماری دوو سەنتەری تایبەت بە ژنان لەشاری مانهایم و فرانکفۆرتی ئەڵمانیا تەنیا لەساڵی ٢٠٠٩ دا ٨٩ حاڵەتی بەزۆر بەشوودانی کچان هەبووە کە پەیوەندییان بەو سەنتەرانەوە کردووە تا ڕێگە چارەیان بۆ بدۆزنەوە.

نەسرین مەحەمەدی، چالاک لەبواری مافەکانی ژنان لەسەنتەری مانهایم گوتی کە دیارەی بەزۆر بەشوودانی کچان زۆر زیادی کردووەو یەکێکە لە کێشەکانی کچانی کورد لەدەرەوە.

نەسرین، گوتی«دایک و باوکەکان ناتوانن دەستبەرداری ئەو نەریتە بن کە کچەکان بەزۆر بەشوو دەدەن».

نەسرین، گوتیشی کە زۆربەی خێزانەکان لەتەمەنی منداڵییەوە کچەکانیان ناچاردەکەن کە شووبکەن.

هەروەها گوتیشی:«خێزانە کوردەکان هێشتا بە عەیبەی دەزانن کە کچەکەیان خۆی کەسێک دەستنیشان بکات».

نەسرین، دەڵێ کە ئەوان توانیویانە هەندێک لە خێزانەکان ڕازی بکەن کە دەست لە بەزۆر بەشوودانی کچەکانیان هەڵگرن.

بەشێکی زۆر لەوکچانە لەتەمەنی خوارهەژدە ساڵیدا بەشوو دەدرێن بێئەوەی لەڕووی یاساییەوە مارەبکرێن.

هێشتا مەلاکان دەتوانن کچ و کوڕە منداڵەکان لەیەکتر مارەبکەن بەبێئەوەی ڕوو لە دادگاکان بکەن.

ئاریان سابیر، ١٧ ساڵ ماوەی ساڵێکە دەستگیراندارەوهێشتا لە دادگا نەیتوانیوە هاوسەرگیرییەکەی تۆمار بکات.

ساڵێک بەرلەئیستا باوکی ئاریان، بڕیاریدا

www.netewe.com

کە شوو بە کورە ناسیاوێکیان بکات کە هەردووکیان دانیشتووی ئەڵمانیان.
ئاریان، دەڵێ کە ڕۆژێک باوکی مەلایەکی هێناوەو لە کوڕەکەی مارە کردووە بێئەوەی خۆی رازی بێ.
گوتیشی«باوکم وتی نامەوێ تووشی کیشە ببیت، بۆیە لەئیستاوە شووبکە باشترەو منیش ئیسراحەت ئەکەم».
لەگەڵ گەیشتنی تەمەنی کچە کوردەکان بۆ ١٦ ساڵ، زۆربەی خێزانەکان دەکەونە دۆزینەوەی کەسێک بۆ کچەکایان، بۆ ئەوکارەش بیانووی ئەوە دەهێننەوە نەکات کچەکانیان تووشی هەڵە بن.
«باوکم وتی ئەگەر لێرە شوونەکەیت ئەوا ئەتبەمەوە بۆ کوردستان لەوێ بەشووت ئەیەم». ئاریان، وای گوت.
خێزانەکان پێیانوایە لەبەرداهاتووی کچەکانیان فشاریان دەخەنەسەرو بەزۆر بەشوویان دەدەن.
لوقمان سەیفە دین٤٧ ساڵ کە زیاتر لە ١٠ ساڵە لەئەڵمانیا دەژی و شۆفیرێ پاسە لەهێڵێکی ناوخۆیی ئەڵمانیا، تائیستا دوو کچی خۆی لەتەمەنی ١٦ بۆ ١٧ساڵیدا بەشوو داوە.
لوقمان، دانی بەوەدا نا کە کچەکانی بەزۆر بەشوو داوە. گوتیشی:«ئەگەر بەزۆر نەیاندەم بەشوو خۆیان شوو ناکەن، یان تووشی هەڵەیەک ئەبن و حەیاو شەرەفی منیش ئەچێ».
هەروەها گوتیشی»کچ لەم وڵاتانە موشکیلەیە، ئەگەرزوو نەیاندەیت بەشوو، شوێنی کوڕێکی نەناس ئەکەوێت و دوایی لەیەک جیادەبنەوە.»
لوقمان، ترسی لەوە نەبوو کە کچەکانی شکاتی لێ بکەن، ئەو دەڵێ مەسەلەکە«پاراستنی دابوونەریتە« بۆیە بەکارێکی هەڵەی نازانێت.
بەڵام بە قسەی نەسرین زۆربەی ئەو کچانەی کیشەیان لەگەڵ مێردەکانیاندا هەیە ئەوانەن کە بەزۆربەشوو دراون.
گوتیشی:«ئەو کچانە پاش ماوەیەک لە مێردەکانیان جیادەبنەوەو یاساش دەیانپارێزێت».

**ئامانج خەلیل**

# ەورووپاش بەزۆر بەشوو دەدرێن



گرافیک: ئاریان ئەبوبەکر

www.newe.com

# مەکتەبی کۆمەڵایەتی پارتەکان: بۆشایی یاسایی یـ

مەکتەبی کۆمەڵایەتی پارتە سیاسییەکان، ئەرکیان چارەسەرکردنی کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی نێو پارتەکەیانە، جگە لەبوونی مەکتەبی کۆمەڵایەتی گشتی، هەر ئۆرگانێکی تری پارتەکان مەکتەبی کۆمەڵایەتی هەیە. شارەزایانی یاسا ئەو مەکتەبە کۆمەڵایەتییانە بە نایاسایی لەقەڵەم دەدەن، و دەڵێن کێشەکان دادپەروەرانە چارەسەر ناکەن و هەندێ جاریش کێشە خوێندارییەکان بەبەخشینی ژنێک کۆتایی پێ دێنن. هاوکات بەرپرسی مەکتەبی کۆمەڵایەتی گشتی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕەتیدەکاتەوە کە ئەوان سوڵح بە ژن بکەن.



ئاڤان فارس

هەولێر

بەرپرسی مەکتەبی کۆمەڵایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەروێش عەبدولڕحمان ئاغا، دەڵێ کە مەکتەبەکەیان ڕاستەوخۆ سەر بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان مەسعود بارزانییە، بەڵام مەکتەبی سیاسی سەرپەرشتیان دەکات. دەروێش، دەڵێ کە هەموو کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ڕووبەڕووی ئەوان دەکرێتەوە، وەک کێشەی زەویزار، خوێنداری، خێزانی و بوونی کێشە لەبابەت ژن و ژنخوازی لەنێوان دوو خێل، کێشەی نێوان ژن وپیاو لە خێزان. هەروەها ئاماژەبەوە دەکات کەهەر کێشەیەک دێتە لایان دەپرسن، ئایا بکوژ یان تاوانبار دەستگیرکراوە یاخود نا«ئێمە سزای کەس سووک ناکەین و بەرگریش لە تاوانبار ناکەین، کێشەکان چارەسەردەکەین، بکوژی ژن داڵدەنادەین و دژی ئەو حاڵەتەین». هەروەها دەڵێ کەلە کێشەکاندا سوڵحکردن بە ژن ڕەتدەکەنەوە. بەقسەی دەروێش لەسەرەتای ٢٠١٠ تائێستا ١٤ کێشەی خێزانییان چارەسەر کردووە.

ڕوقیە کەریم، تەمەن ٤١ ساڵ، دانیشتووی شاری هەولێر، گەڕەکی ئەفسەران، دوای ئەوەی هاوسەرەکەی گیان لەدەستدەدات، دەچێتەوە ماڵی باوکی و لەوێ دادەنیشێت، ماڵی خەزووری داوای منداڵەکەی لێ دەکەنەوە. ئەویش پەنا بۆ مەکتەبی کۆمەڵایەتی پارتی دەبات، بەڵام مەکتەبی کۆمەڵایەتی لەقۆناغێکدا یارمەتی داوەو دواتر هەر ناچار بووە منداڵەکە بداتەوە ماڵی خەزووری. ڕوقیە دەڵێ« منداڵەکەم زۆر خۆشدەویست، بەشێک بوو لە خۆم، نەمدەتوانی بیگەڕێنمەوە ماڵی خەزوورم، بەڵام ئەوان هەموو ڕۆژ هەڕەشەیان لێدەکردم و پارەم نەبوو بۆ چارەسەری کێشەکە پارێزەر بگرم. دواتر پەنام برد بەر مەکتەبی کۆمەڵایەتی پارتی و ئەوان کێشەکەیان چارەسەر کرد، بەڵام دواجار ماڵی خەزوورم منداڵەکەیان بردەوە. منیش لەبەرئەوەی کێشە بۆ ماڵی باوکم دروست نەبێت، وازم هێناو ئێستا مانگی جارێک منداڵەکەم دەبینم». محەمەد سۆفی، تەمەن ٦٤ ساڵ دانیشتووی گوندی خۆران باس لەوەدەکات لەسەر کێشەی زەویزار، کێشە دەکەوێتە نێوان ئەوان و بنەماڵەیەکیتر و لەمیانەی کێشەکەیان چەندینجار بەشەڕهاتوون، زۆرجار دانیشتوون لەگەڵ یەکتر، بەڵام نەگەیشتوونەتە ئەنجام، بەڵام لەڕێگەی مەکتەبی کۆمەڵایەتییەوە کێشەکەیان چارەسەرکراوە«ویستمان لەڕێگەی پێدانی ژنێک بەوان کێشەکە چارەسەر بکەین، بەڵام پارێزەرەکانی ئەو مەکتەبە ڕێگرییان لەم حاڵەتە کرد و کێشەکەیان بەپارە چارەسەر کرد. لەلایەکی دیکەوە، پارێزەر ژیان عەزیز گەردی، مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکان بەنایاسایی وەسف دەکات، ئەوەش ڕووندەکاتەوە کە دادگا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و سزادانی تاوانبار و وەرگرتنەوەی مافی گشتی دامەزراوەی مەدەنی هەر وڵاتێکە. ژیان، دەڵێ، ئەگەرچی لەو مەکتەبانە کێشەکان چارەسەردەکرێن، بەڵام دادپەروەرانە نییە. مافی هەردوولا وەک یەک وەرناگیرێت. ئەوەش ڕووندەکاتەوە

www.netewe.com

# ــان نەبوونی متمانەی گەل

کێشەیەکان بەرێگەی عەشایەری ناتوانرێت بەتەواوی چارەسەر بکرێت، چونکە کێشەکە رووبەڕووی یاسا ناکرێتەوە. ئەو دەڵێ، یاسا زەمانەتی ژیان دەکات و کار لەسەر دەقی نووسراو دەکات. رێککەوتنی عەشایەری مافی گشتی نایەنێتەدی، چونکە کاتێ تاوانبارێک سزادەدرێت، دەبێتە مایەی ئەوەی کە تاوان نەکەن، پەنا نەبەنەبەر تاوان، بەڵام چارەسەرکردنی کێشە لەرێگەی عەشایەری تەنیا رێککەوتنەو سزاکەشی ماددییە. سەرجەم لقەکانی پارتی مەکتەبی کۆمەڵایەتی هەیە. مەلا عەزیز مەحمود، بەرپرسی بەشی کۆمەڵایەتی لقی دووی پارتی گوتی کە ئەوان ئەو کێشەو گرفتانە چارەسەر دەکەن کە لەسنووری لقەکەیان هەیە، هاوکات لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەو مەکتەبانە نەهێڵدرێن و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پەنا ببردرێتەبەر دادگاو یاسا سەروەر بێت. مەلا عەزیز، دەڵێ«تائێستاش کەسانێک هەن متمانەیان بە یاسا نییە، بۆیە پەنا بۆ مەکتەبە کۆمەڵایەتیەکان دێنن». بەرپرسی مەکتەبی کۆمەڵایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، حامیدی حاجی غالی، رایدەگەیەنێت کە بەنەمانی مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکان، دەسەڵاتی سەرۆکخێڵ و دیوەخانەکان زیندوو دەبیتەوە. ئەو بەگرنگی دەزانێت بایەخی زیاتر بەو مەکتەبانە بدرێت و هەماهەنگی لەنێوان ئەوان و دادگادا زیاتر بکرێت. هەروەها لەنێو مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکان پسپۆڕانی



دەرویش ئاغا



حامد حاجی غالی

ئەوان کێشەکان گەورە ناکەن و هەوڵدەدەن چارەسەری بۆبدۆزنەوە. روونیشیدەکاتەوە کە ئەوان تا بتوانن کێشەکان رووبەڕووی دادگای دەکەنەوە. حامید دەڵێ«ئێمە پێچەوانەی یاسا کار ناکەین، تاوانباریش داڵدەنادەین، رێز لەمافی ژن دەگرین، ئەو کەسانەی توندوتیژی بەرامبەر بە ژن دەکەن رادەستی یاسایان دەکەین. بەهیچ شێوەیەک چاوپۆشی لەتاوانی بەرپرس و پلەدارەکان ناکەین». سەمیرە محەممەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، لە لیژنەی بەرگریکردن لەمافی ئافرەتان، باس لەوەدەکات کە ئەو مەکتەبە کۆمەڵایەتیانە نایاسایین، چونکە ئێستا یاساو دادگا هەیە، پارێزگاری لە مافی خەڵک دەکات. ئاشکرای دەکات لە پەرلەمانی کوردستان

کۆمەڵایەتی، یاسایی و دەروونی دابمەزرێت. هاوکات لە کۆنگرەی ٣ی یەکێتین نیشتیمانی کوردستاندا چاوەڕوان دەکرا کە مەکتەبی کۆمەڵایەتی ئەو پارتە دابخرێت، بەڵام بە جیاوازی چەند دەنگێک مەکتەبی کۆمەڵایەتی مایەوەو مەکتەبی بیروهۆشیاری و مافی مرۆڤ داخران. بەقسەی حامید حاجی غالی، چەندین پرۆژەیاسا لەقۆناغی تاوتوێکردندان کە پارێزگاری لەمافی ژنان دەکات. ئەوەش دەخاتەڕوو لەگەڵ دارشتنی ئەو یاسایانەو جێبەجێکردنیان، پێویست بەوەناکات لە مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکان کێشەکان چارەسەر بکرێن، چونکە یاسا دەتوانێت مافی هەموو تاکەکان بەبێ جیاوازی بپارێزێت. هەروەها کاردۆ محەممەد، لە لیژنەی یاسایی پەرلەمان، بەپێویستی دەزانێت کە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی داوا لەلایەنە پەیوەندیدارەکان بکەن، مەکتەبی کۆمەڵایەتی حزبەکان نەهێڵدرێن، چونکە کارەکانیان یاسایی نییە. شیلان حەمەنوری چالاکوانی بواری ژنان و شارەزا لە جێندەر، دەڵێ بوونی مەکتەبی کۆمەڵایەتی حزبەکان وەک رەتکردنەوەی یاسا و دادگاکان دادەنێت« دوای ١٩ ساڵ لەئازادی و سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، بوونی ئەو مەکتەبە کۆمەڵایەتیانە نایاساییـن». باس لەوەش دەکات بەرپرسی پارتە سیاسییەکان هەمیشە لەگوتارەکانیان باس لە سەروەری یاساو دیموکراتی دەکەن، کەچی بۆ چارەسەری کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی شەرعیەتیان بەمەکتەبی کۆمەڵایەتییەکانیان داوە. شیلان، مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکان لەدژی یاساو دادگا وەسف دەکات و دەڵێ«ئەو دوو شوێنە پێچەوانەی یەکترن، پێویست ناکات لەو سەردەمە کێشەکان لەو مەکتەبانە چارەسەر بکرین، دەبێ سەروەری بۆ یاسا بگەڕێتەوە». بەقسەی شیلان، زۆربەی کات مەکتەبە کۆمەڵایەتییەکان کێشەکان بەبەرژوەندی لایەنێک کۆتایی پێدەهێنرێت یاخود بە پارەو پێدانی ژن، کێشەکە چارەسەر دەکرێت. ئەو پێشنیار دەکات کە پارتە سیاسییەکان پشت بە یاسا ببەستن و ئەو مەکتەبانە دابخەن.

www.renetewe.com

«یەکەم شەوی شووکردن زۆرترسام، هیچ زانیارییم نەبوو، تەنیا ئەوەنەبێ لەمنداڵییەوە زانیاریان پێدابووم کە ئەو شەوە ترسناکە، بەهۆی ئەوەی شەرمم دەکرد، نەمتوانی لەبارەی یەکەم شەوی بەیەکگەیشتن لەگەڵ هاوسەرەکەم پرسیار لەکەس بکەم، بۆیە تائێستاش لەکرداری سێکسیدا دەستپێشخەر نیم، چونکە دەترسێم، هاوسەرەکەم بەهەڵە تێبگات». ئەوەقسەی (ژ.ب)ـی ۳۲ساڵە کە دایکی ٤ منداڵەو لەنەخۆشخانەی رزگاری هەولێر، فەرمانبەرە.

# بۆچی ژنان لە سێکسدا دەستپێشخەری ناکەن

هەولێر

سێکس، یەکێک لەشتە قەدەغەکراوەکانی کۆمەڵگای کوردستان، ئەوەش کاردانەوەی خراپی لەسەر ژیانی رۆژانەی تاکەکان بەتایبەت ژنان، جێهێشتووە. شارەزایان پێیانوایە، پەروەردەی دروستی سێکسی، رێگاچارەی ئەو گرفتەیە. بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی رۆژنامەوانی ژمارە ١٦ـی گۆڤاری وارڤین، نەبوونی هۆشیاری سێکسی، هۆکاری جیابوونەوەی ٨٠٪ـی هاوسەرانە. هەروەها زۆر لەژنان، بەراشکاوی ئەوە رادەگەیەنن کەلە ئەنجامدانی کرداری سێکسدا دەستپێشخەر نابن و هیچ زانیارییەکی سێکسیشیان نییە، چونکە شەرم دەکەن لەو بارەیەوە پرسیاربکەن. بەپێی دابوونەریتی کۆمەڵگا باسکردنی سێکس، لەلایەن ژنانەوە بەناشیاو هەژمار دەکرێت. (ژ.ب) ژنێکی تەمەن ۳۲ساڵەو لەنەخۆشخانەی رزگاری هەولێر، فەرمانبەرە. ئەو نایشارێتەوە کە هیچ هوشیاری سێکسی نییەو بیری لەوە نەکردووەتەوە کە لەئەنجامدانی پرۆسەی سێکسیدا دەستپێشخەر بێت«رەنگە ئەگەر دەستپێشخەربم لەوانەیە هاوسەرەکەم، بەچاوی کەم سەیرم بکات». هەروەها دەڵێت یەکەم شەوی شووکردن زۆر ترسام، هیچ زانیارییم نەبوو، تەنیا ئەوە نەبێ لەمنداڵییەوە زانیارییان پێدابووم کە ئەو شەوە ترسناکە، بەهۆی ئەوەی شەرمم دەکرد، نەمتوانی لەبارەی یەکەم شەوی بەیەک گەیشتن لەگەڵ هاوسەرەکەم پرسیار لە کەس بکەم، بۆیە تائێستاش لەکرداری سێکسدا من دەستپێشخەر نیم، چونکە دەترسێم، هاوسەرەکەم بەهەڵە تێبگات». ئەوەشی خستەڕوو کەلە منداڵییەوە هەر پرسیارێک پەیوەندی بەجەستەی ژنەوە بووبێت، وەڵامی نەدراوەتەوەو سەرزەنشت کراوە«ئەگەر پرسیارم لەبارەی بەشێک لەجەستەی دایکم، بکردایە، یەکڕاست دەیگوت، تۆ کچی و خۆت لەو جۆرە قسەو پرسیارانە بپارێزە». زاڵبوونی دابوونەریت، یەکێک لەو فاکتەرانەیە کە هەمیشە کەسایەتییەکی شەرمن و ترساو، بە ژن دەبەخشێت. چالاکوانی بواری ژنان شەرمین کەریم، ژینگەی کوردستان لەهەموو روویەکەوە بەتایبەت لەتێڕوانینی سێکسی، بەناتەندروست و نەگونجاو، لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکان وەسفدەکات. هەروەها دەربڕینی هەستی سێکسی لەلایەن ژنەوە بۆ پیاو، بۆ لاوازی دەسەڵاتی ژن و نەڕەخساندنی ژینگەیەکی تەندروست بۆ هەردوو رەگەز



www.newewe.com

دەگەڕێنێتەوە «کاریگەری پیاوانی ئایینی و نەریتی کۆن، وایکردووە کە سێکس، بابەتێکی قەدەغەکراو بێت و بەتاوان هەژمار بکرێت. بۆیە دەربڕینی هەستی سێکسی لای ژنانی کورد، بووەتە گرێیەکی دەروونی». هاوکات بەپێی هەندێ بۆچوونی توێژەران هەندێک لەخێزانەکانی کوردستان، بۆ کپکردنی هەستی سێکسی کچەکەنیان، پەنا بۆ خەتەنەکردن دەبەن. لەزۆربەی کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا، لەروانگەی سێکسەوە لەکەسایەتی ژن، دەڕوانرێت، ئەو تێڕوانینە لەنێو ژیانی هاوسەرانیشدا رەنگیداوەتەوە. بەپێی توێژینەوەی رێکخراوێکی تەندروستی جیهانی ١٠٪ی ژنان لەجیهاندا، بەهۆی کپکردنی ئارەزووەکانیان و نەبوونی دەسەڵاتی بڕیاردان تووشی نەخۆشی خەمۆکی هاتوون. پسپۆڕی دەروونی د. کارزان جەلال، دەڵێ لەبواری سێکسدا ژنان درەنگتر لە پیاوان دەورووژێن، ئەمەش هۆکارێکی کاریگەرە، لەسەرئەوەی کە ئایا ژن دەتوانێت کرداری سێکسیدا دەستپێشخەر بێت؟.

بەپێی هەندێ لێکۆڵینەوەی زانستی دەرکەوتووە، ژنان رۆژانە یەکجار بیرلە سێکس دەکەنەوە، بەڵام پیاو لەرۆژێکدا شەش جار بیرلە سێکس دەکاتەوە. د. کارزان روونیدەکاتەوە کە زۆرجار ژن، ناتوانێت ئارەزووەکانی دەرببڕێت، چونکە پیاو پێیوایە، ئەو ژنە ئەزموونی سێکسی هەیە. لەلایەکی دیکەوە، زاڵبوونی دابونەریت، بەهۆکاری سەرەکی گرفتە سێکسییەکان دادەنرێت. بەپێی توێژینەوەیەکی رێکخراوی وادی ئەڵمانی کەلە هەر سێ پارێزگای هەولێر، سلێمانی و دهۆک ئەنجامدراوەو لە٦ی٢ی ٢٠١٠ رۆژی بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەکردن لەجیهاندا، ئەنجامەکەی راگەیاندراوە ٧٣٪ی ژنان، لەهەرێمی کوردستان خەتەنەکراون. لەو راپۆرتە ئاماژەدراوە کە تائێستاش رێژەی خەتەنە، لەهەندێ ناوچەی کوردستان ١٠٠٪ـە. هەر لەو توێژینەوەیەدا، هەندێ کێشە دەستنیشانکراون کە بەهۆی خەتەنەکردنەوە دووچاری خێزانەکان بووەتەوەو لەئەنجامدا تەڵاقی لێکەوتووەتەوە. نەجیبە قادر ٢٧ساڵ، ناوی خوازراوی ژنێکە، ماوەی ٤ ساڵە شوویکردووە، بەڵام تائێستا بۆ سێکس داوای لەهاوسەرەکەی نەکردووە، چونکە هەست بەچێژی سێکسی ناکات «لە سێکسکردن لەئاست ئارەزووی پیاوەکەمدا نیم، بەڵام ئەو ئاستی رۆشنبیری بەرزەو دەڵێ ئەمە کاریگەری خەتەنەیە. ئەگەر بیرکردنەوەی ئەو بەو شێوەیە نەبوایە بێگومان کێشە لەنێوانمان دروستدەبوو». زۆرلەپیاوان، لەرەفتاری ژنەکانیان لەکاتی سێکسکردن، نارازین بەوەی کە لەئاست ئارەزووەکانی ئەواندا نین. هاوکات ژنان، ئەوە بۆ تێگەیشتن و تێڕوانینی خودی پیاوان، دەگەڕێننەوە کە ئەو ژنەی باسی سێکس بکات، بەچاوی کەم سەیر دەکرێت. حوسێن مەحمود، (٣٦) دەرچووی زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی یاسا، خاوەنی کۆگای جوانکارییەو ٨ ساڵە ژیانی هاوسەری پێکهێناوە. ئەو گلەیی لەهاوسەرەکەی ئەوەیە کە «ئەگەر ماوەی مانگێک من دەسپێشخەرنەبم ئەو قسە ناکات، بۆیە زۆرجار هەستدەکەم وەک خوشک وبرا واین». ژیان ساڵح، (٣٧) لەقوتابخانەی شەنگەبێری هەولێر مامۆستایەو١٠ ساڵە شوویکردوە. ژیان، خودی پیاوان، بەهۆکاری نەبوونی دەستپێشخەری ژنان لەسێکسدا دەزانێت و دەڵێ خۆیشی لەگەڵ هاوسەرەکەی بەردەوام، لەسەر ئەمە کێشەیان هەیە «ئارەزووشم هەبێ دەستپێشخەری ناکەم، چونکە پیاوان ئەو ژنانەیان لاپەسەند نییە کەلە سێکسدا دەستپێشخەرن، خۆم ئەوەم لەپیاو بیستووە». شارەزایان، هۆکاری ناکارایی ژن لەکرداری سێکسیدا، بۆ نەبوونی هۆشیاری تاکەکان، بەرامبەر بەپرۆسەی سێکس، دەگەڕێننەوە. رەنگدانەوەی عەیبەو دەسەڵاتی پیاو، وایکردووە ژن ئارەزووەکانیان کپ بکەن، لەوبارەیەوە توێژەری کۆمەڵایەتی سەیران حەسەن، دەڵێ، پەروەردەی خێزان لەکۆمەڵگای کوردستان بۆ سێکس پەروەردەیەکی نادروستە، هەموو زانیارییەک لەمنداڵ دەشاردرێتەوە. ئەمەش وادەکات تاکەکان زانیارییان لەبارەی جەستەی خۆیانەوە نەبێت، هاوکات پەروەردەش نەیتوانیووە ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە، سیستەم و پرۆگرامی خوێندن، هۆشیاری سەبارەت بەلایەنی فیزۆلۆژی و جەستەی مرۆڤەوە، تێدا نییە. بەرای سەیران، پەروەردەی سێکسی بریتیەلە: دارشتنی پرۆگرامی بەرنامەدارێژراو و زانستییانە لەلایەن پسپۆران، بۆ هۆشیارکردنەوەی رایگشتی دەربارەی سێکسوالیتی مرۆڤ لەهەموو ئاستێکدا، لەرووی بایۆلۆژی و ناسینی جەستەو پێویستییەکانی، هەروەها لەرووی پەیوەندی و کردەی سێکسی لەنێوان مرۆڤەکاندا.



www.netewe.com

# کۆمپانیایەکی نەمساوی لە کوردس

# مەیخۆران دڵخۆش و م

بیرە خواردنەوەیەکی کحولییە. لەهەموو کاتێکدا دەخورێتەوە، لەجیهاندا بەکۆنترین جۆری خواردنەوە دادەنرێت. پێکهاتە سەرەکییەکانی بریتین لە: ئاو و ترێ و خومرەو کحول. رێژەی کحول لەبیرەدا ٣٪، تا ٣٠٪ـە.

لەهەرێمی کوردستاندا ژمارەیەکی زۆری گەنجان و هاووڵاتییان، مەی دەخۆنەوە. بیرە لە ئەورووپا و تورکیاوە بۆ کوردستان هەنارده دەکرێت. کرانەوەی شوێنی تایبەت بەبیرەخواردنەوەو زۆربوونی بارەکان لەهەرێمی کوردستان، ئەوەپشتڕاست دەکەنەوە کە خواردنەوەی بیرە رووی لەزیادبوون کردووە. هاوکات بەمەبەستی وەبەرهێنانی بیرەی خۆماڵی لەهەرێمی کوردستان، بڕیاری کرانەوەی ٣ کۆمپانیای وەبەرهێنانی بیرە، بەلای ئەوانەی بیرە دەخۆنەوەو دەیفرۆشن، هەنگاوێکی دڵخۆشکەرە.

بەپێی زانیارییەکانی وارڤین، کۆمپانیایەکی نەمسایی بەهاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکانی بواری ئابووری لە کوردستان بڕیاری دروستکردنی ٣ کارگەی وەبەرهێنانی بیرەی لەهەردوو پارێزگای سلێمانی و هەولێر داوە. ئەو سێ کارگەیە رۆژانە دەتوانن ٢٥ هەزار لیتر بیرە وەبەربێنن. بەڕای مامۆستایەکی کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری زانکۆی سەلاحەدین، کرانەوەی ئەو ٣ کارگەیە سوودی ئابووری زۆری بۆ هەرێمی کوردستان دەبێت. ئیدریس رەمەزان، دەڵێ:«کاتێ کاڵایەک لەدەرەوە هاوردەی ناو وڵات دەکرێت، پێویستی بەپارەیەکی زۆرە وەک خەرجی گواستنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی نرخی ئەو کاڵایە زیاتر بێت. هەروەها کردنەوەی ئەو کارگانە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بێکاری لەنێو گەنجان. ئاڵوگۆڕکردنی پارە لەنێو وڵاتدا نەچوونە دەرەوەی، دەبێتە هۆی گەشەسەندنی کەرتی ئابووری و وەبەرهێنان و بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری». لەلایەکی دیکەوە، بڵاوبوونەوەی هەواڵی دروستکردنی ئەو ٣ کارگەیەی وەبەرهێنانی بیرە کاردانەوەی جیاوازی لێکەوتەوە. بەلای هەندێکەوە بۆ باشترکردنی بواری وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستان و زۆربوونی بەرهەمی خۆماڵی، هەنگاوێکی دڵخۆشکەرە.

هەرچی لایەنی دووهەمە کە زیاتر مامۆستایانی ئایینی و یەکێتی زانایان دەگرێتەوە، لەگەڵ دروستکردنی ئەو کارگانەدا نین و بەیاننامەیەکی نارەزاییان دەرکرد و مامۆستایانی ئایینیش بەشێک لەگوتاری رۆژی هەینیان بۆ باسکردن لەم پرسە تەرخانکردو داوایان لە حکوومەت کرد رێگە بەکردنەوەی ئەم کارگانە نەدات.

لەیەکەم کاردانەوەدا یەکێتی زانایانی کوردستان لە١١ی حوزەیران بەیاننامەیەکی نارەزاییان دەرکرد. بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایانی کوردستان شێخ نیاز راغب، ئاماژەی بەوەکرد کە رێژەیەکی زۆری دانیشتوانی هەرێمی کوردستان موسڵمانن و هەنگاوێکی لەمشێوەیە رەنگدانەوەی نەرێنی بۆ سەر تاکەکانی کۆمەڵگای کوردستان دەبێت.«کردنەوەی ئەم کارگانە دەبێتە هۆی زۆربوونی خواست لەسەر بیرەو زۆر بەکارهێنانی، ئەمەش زیانێکی زۆری بۆ سەر نەوەکانی کۆمەڵگا دەبێ و پاشەرۆژیان دەخاتەبەر مەترسییەکی گەورە، بۆیە ئێمە وەک یەکێتی زانایان پێمان باشبوو بەیاننامەیەک دەربکەین و هۆشداری بدەینە حکوومەت کە رێگە بەکردنەوەی ئەو کارگانە نەدات».

لەبەشێکی بەیاننامەکەی یەکێتی زانایاندا، زۆر بەتوندی ئیدانەی ئەو هەوڵە کراوە بەهەوڵێکی نادروست بۆ تێکدانی رەوشتی گەنجان وەسف کراوە. پێچەوانەی قسەکانی بەرپرسی یەکێتی زانایان، خاوەنی کۆگای بژگار بۆ فرۆشتنی مەی، بژگار عەبدوڵڵا،دەڵێت:«کردنەوەی ئەو کارگانە بەقازانج بۆ سەر رەوتی ئابووری کوردستان دەگەڕێتەوە، چونکە ئەگەر هاتوو ئەو کارگانە کرانەوە، ئەوا هەرێمی کوردستان دەبێتە خاوەن بەرهەمی خۆماڵی و ئەو پارەیەش ناچێتە دەرەوەو خەڵکی خۆمان لێی سوودمەند دەبێت، لەکاتێکدا رۆژانە ژمارەیەکی یەکجار زۆر بیرە دەخورێتەوە. هەروەها نابێت ئەوەمان لەبیربچێت هەلومەرجی کردنەوەی کارگەی بیرە لەکوردستان لەبارە، چونکە خاوەن سەرچاوەیەکی زۆر ئاوین و لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەمی کشتوکاڵیمان زۆرە کە لەدروستکردنی بیرەدا سوودیان لێوەردەگیرێت».

دوای پرۆسەی ئازادی عێراق و کرانەوەی هەرێمی کوردستان بەرووی جیهاندا ژمارەی بەکارهێنەرانی بیرەو فرۆشیارانی رووی لەزیادی کرد، بەجۆرێک لەبەشێکی زۆری شەقام و گەڕەکەکان دووکانی فرۆشتنی مەی بەرچاو دەکەوێت. ئیبراهیم عوسمان خاوەنی فرۆشگەی بێخاڵ بۆ فرۆشتنی مەی، سەبارەت بەو بەیاننامەیەی یەکێتی زانایان دەڵێ:«ئامادە نیم هیچ قسەیەک لەوبارەیەوە بکەم، چونکە تائێستا بەهۆی قسەی مامۆستایانی ئایینییەوە چەندین دووکانی فرۆشتنی مەی داخراون، بەڵام کردنەوەی ئەو کارگانە سوودێکی زۆری بۆ لایەنی ئابووریی کوردستان هەیە. ئیبراهیم، وەها درێژە بەقسەکانی دەدات»رۆژانە خواستێکی زۆر لەسەر بیرە هەیە، من خۆم رۆژانە نزیکەی سێسەد تا چوارسەد قوتی بیرە دەفرۆشم، ئەگەر بێتو ئاماری سەرجەم کوردستان وەر بگیرێت، ئەوا ژمارەیەکی خەیاڵی بیرە دەفرۆشرێت، ئەگەر بیرە بەرهەم بێت، ئەوا پارەیەکی خەیاڵی لەناوخۆ ئاڵووگۆڕی بازرگانی پێوە دەکرێت».

www.netewe.com

سەرەڕای کاریگەری دابوونەریت و ئایین، گەنجانی کوردستان سوورن لەخواردنەوەی مەی لەبارەکان و سەیرانگەو ناوچەدوور و چۆڵەکان. ڕێبین یاسین گەنجێکی تەمەن ٢٥ ساڵ، لەیەکێک لەدووکانەکانی فرۆشتنی مەی دەڵێ»لەگەڵ کردنەوەی ئەو کارگانەدام، چونکە زۆر خۆشە بیرەیەک بخۆیتەوە، لەوڵاتی خۆت دروست بکرێت، بەڵام لەڕووی کوالیتییەوە باش بێت، چونکە ئەو بیرانەی ئێستا تامی پیشتری خۆیان لەدەستداوە. ئەوەش بۆ ئەو بازرگانانەی کە بیرە هاوردە دەکەن دەگەڕێتەوە، چونکە بەدوای هەرزانترین جۆردا دەگەڕێن و دەیهێننە کوردستان، بەڵام ئەگەر ئەو بیرەیە لەناوخۆدا

گوتی:»من تێناگەم ئەوان بە چ یاسایەک ڕێگە نادەن ئەو کارگانە بکرێتەوە، لە کاتێکدا لە تورکیا کە وڵاتێکی ئیسلامییە، چەندین کارگەی بیرەو هەموو جۆرەکانی مەی هەیەو هیچ کەسێکیش دەستناخاتە

# ستان بیرە بەرهەم دێنێت

# ەلاکانیش نیگەران



**کردنەوەی ٣ کارگەی بیرە لە هەولێر و سلێمانی بەلای پسپۆڕانی بواری ئابوورییەوە سوودی زۆری بۆ پێشخستنی کەرتی ئابووری کوردستان دەبێت و هاوکات کاریگەری ئەرێنی لەسەر سەر کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری دادەنێت**

دروست بکرێت، کەس ناتوانێت فێڵی تێدا بکات». سامان تەحسین، گەنجێکی ٢٨ ساڵ، کە بەقسەی خۆی بەردەوام بیرە دەخواتەوە، دڵخۆشە بەکردنەوەی ئەو کارگانە.«زۆر خۆشە بیرەیەک بخۆیتەوە لەکوردستان بەرهەم بێت، ڕۆژانە بیرە دەخۆمەوە بێ ئەوەی زیانم بۆ کەس هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەربەست نیم، بۆیە زۆر جار بەناچاری بۆ خواردنەوەی مەی دەچمە گۆڕستانەکان و لەگەڵ هاوڕێکانم دەیخۆمەوە». کردنەوەی ئەو کارگانە لەبواری ئابوورییەوە سوودێکی زۆری بۆ کەرتی ئابووری کوردستان دەبێت و بەلای زۆربەی ئەو گەنجانەوە کە وارڤین لەگەڵیان قسەی کرد«کارێکی باشە ئەگەر ئەو کارگانە لە کوردستان بکرێنەوە، نەک لە دانیمارک و تورکیاوە بیرە بێتە کوردستان». سەبارەت بە بەیاننامەکەی یەکێتی زانایان سامان،

کارەکانیانەوە، چونکە مەلاکانی ئەو وڵاتە ئاستی هۆشیارییان بەرزەو دەزانن باری ئابووریان بەرەو باشتر دەبات». سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان شێروان حەیدەری، دەڵێ کە هیچ یاسایەک ڕێگری لەدروستکردنی کۆمپانیایەکی بیرە لەهەرێمی کوردستان ناکات»نەمزانیوە هیچ بڕگە یاسایەک بۆ ڕێگری لەو پرسە هەبێت». بەڕێوبەری ڕاگەیاندن لەوەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی مەریوان نەقشبەندی، لەبارەی نارەزایی مامۆستایانی ئایینیەوە دەڵێ:»مامۆستایانی ئایینی مافی خۆیانە هەڵوێست وەربگرن، چونکە هۆشیارکردنەوەی بەشێکی یەکجار زۆری خەڵکی کوردستان لەشتە خراپەکان لەئەستۆی ئەواندایە، بۆیە وەک وەزارەتی ئەوقاف دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ

دەنگی ما مۆ ستا یا نی ئایینی و لەگەڵ ئەوەدانین کارگەی بە ر هە مهێنا نی بیرە بکرێتەوە». سەبارەت بەسوودی ئەو کارگانە بەڕێوبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف ئاماژەی بەوەکرد، تارادەیەک دەتوانرێت لەلایەنی ئابووریەوە سوود بەهەرێمی کوردستان بگەیەنێت.

بیرە چەندین جۆری جیاوازی هەیە کە لەبازارەکانی هەرێمی کوردستان دەفرۆشرێن وەک، توبۆرگ، هینکین، ئیفێس، هاییتی و کروش.

**بۆکان هیوا**
bokanwarvin@gmail.com

www.netewe.com

# نامەیەک بۆ هاوسەرە ئازیزەکەم

لەمیانەی زنجیرەی پێنج فەتوا بە دە لیرەو هەوڵدانی هەندێ کەس بۆ رکابەریکردنی نانسی عەجرەم و ئەلیساو دەرکەوتنیان لەکەناڵە ئاسمانییەکان، یەکێک لەوانە نووسیویەتی (یەکێک لەو بەڵا گەورانەی تووشی ئوممەتی ئیسلام بووە، بەڵایەکی تازەیە، ئەویش ئالوودەبوون و سەودایی بۆ توپی پێیە، ئەوەیان لەخەڵکانیتر وەرگرتووەو بەبێ هیچ رێساو یاسایەک، بێگوێدانە شەرع و گەڕانەوە بۆ شەرعی ئیسلام یاخود بەبێ ئەوەی سەیری بەرژەوەندی و خراپەکاری ئەو کارە بکرێت، ماوەیەکی زۆرە کەوتوونەتە ژێر کاریگەرییەوە). سەرقاڵبوون بە یارییەکانی تۆپی پێ، بێ دوورخستنەوەو لەیادکردنی خوای گەورەو شەونخوونی و نەکردنی نوێژی بەیانی و فەرامۆشکردنی بەباوەڕی پشتیوانی و پاڵپشتی وایکردووە هاندەرێکی موسڵمان تیمێکی توپی پێی غەیرە موسڵمانی خۆشبوێت، ئەنجامدانی خوپیشاندان و کاری توندوتیژی و هاندان بۆ ئەو کارانەی لەگەڵ شەرع و بڕوامان یەکناگرنەوە، دەرگایەکە شەیتان لە موسڵمانی دەکاتەوە.

سەیرکردن و چاونەنوقان ئاشکرایە لای هەمووان بۆ جلی وەرزشوان و یاریزانی کوڕ و کچان ئەوانەی یاری تۆپی پێ دەکەن، کە تا ئەژنۆیان یان سەروتر رووتدەکەن گوناهێکی گەورەیەو دژ بەحەیای مرۆڤ و موسڵمانەو دەبێتە بەڵا، کاتێک شوێنە نامەحرەمەکان رووتدەکرێنەوە، هەندێ لەیاریزانە پیاوەکان جەستەیان وەک جەستەی ئافرەت سەرنجراکێشە بەڵکو زیاتر.

لەلایەکی دیکەوە هەر بەرامبەر بەو فتوایانەی کە توپی پێ حەرامدەکەن و دەڵێن وەک داگیرکاری خاچپەرستان وایە، وەک ئەوە وایە کە ئەو تەلەڤزیۆنەی ئەوان لەرێگەیەوە فەتواکانی خۆیان دەدەن لەلایەن خەڵکی موسڵمانەوە دروست کرا بێت، ئەم دیمەنەی لەشەقامی عەرەبی دەیبینی تا ئەندازەیەک دەگاتە توندڕەوی، لەوڵاتانی رۆژئاوا زۆر پێچەوانەیەو دیمەنەکە زۆر جیاوازە، کە توپی پێ لای ئەوان تارادەی شێتبوون و هۆگربوون زیاترە، سۆفیا لۆرین ئەکتەری بەناوبانگی جیهان دەڵێت، ئەو ١١ یاریزانەی بەشوێن تۆپەکەدا رادەکات، شێتن یان ١١ ئەسپن دەچنە ناو یاریگاوە، بەهاندان و جووڵاندنی کۆمپانیاکان بۆ قازانج یان کار لەسەر ئەوکاتە زۆرەی لای ئەوان هەیە مرۆڤی رۆژئاوا نامۆییەکانی لەبیر دەکات.

لەهەموو دۆخەکاندا ئەوە یاری تۆپی پێیە، کە هەموو چوار ساڵ جارێک جیهان دەگەیەنێتە دۆخی شێتبوون، بەو تۆپەی کە ٢٢ یاریزان رکابەری لەسەر دەکەن، ئەو تۆپە نەیارو دژبەری هەیە، هەروەک فەیلەسۆفی فەرەنسی سارتەر دەڵێت، لەیاری تۆپی پێدا هەموو شتەکان ئاڵۆزن چونکە دژایەتی و نەیاری تێدایە، یەکێک لەنەیارەکانی تۆپی پێ ئافرەتانن، هەرچەندە نووسەری بەناوبانگ ئۆسکار وایڵد دەڵێت، تۆپی پێ بۆ کوڕان گونجاوە وەک ئەوەی بەبەشێکی رۆشنبیری خووپێوەگرتن لای پیاوان دابنرێت، تۆپی پێ رەنگە بۆ ئافرەتە زبر و دڕەکان گونجاو بێت، بەڵام بۆ پیاوە نەرمەکان گونجاو نییە.

ژن و توپی پێ

راهێنەری توپی پێ، بێل شانکلی دەڵێ، هەندێ کەس وادەزانن توپی پێ پرسی ژیان یان مردنە، بەداخەوە ئەم بیروبۆچوونە خەمبارم دەکات، بەڕاستی ئەوە لەوە زیاترەو لای هەندێ پیاوان لە ژن وخێزانەکانیان گرنگترە.

لەراپرسییەکی دامەزراوەی هاینکین ئەنتەرناشناڵ سەبارەت بەبیروبۆچوونەکان دەربارەی تۆپی پێ دەرکەوتووە کاتێک پیاوان کۆدەبنەوە، قسەکردن لەسەر تۆپی پێ دەبێتە کەرەستەیەکی دانیشتنەکانیان نەک باسکردنی هاوسەرەکانیان یان هاوڕێکانیان تەنانەت کارەکانیان.

٩٠٪ی ئەو پیاوانەی لەسەرانسەری جیهاندا فۆرمەکانی ئەو راپرسییەیان پڕکردووەتەوە بەلایانەوە بۆیان گرنگ بووە لەکاتی کۆبوونەوەدا تەنیا باسی یاریزان و تیمەکانی تۆپی پێ بکەن.

لەکاتێکدا ئەو راپرسییە دەریخستووە کە باسکرنی ژنان لەپلەی دووهەمدا بەرێژەی ٤٥٪ هاتووەو باسکردنی کار بەرێژەی ٢٤٪ بەپلەی سێهەم هاتووە.

لەسایەی نەبوونی ئامارێکی دروست لەنێو کۆمەڵگای عەرەبیدا سەبارەت بەپێگەی ژن لەقسەوباسی پیاواندا، بەڵام لەکاتی دەستپێکردنی مۆندیال و جامی جیهانی تۆپی پێ ژنان پێگەیان لای پیاوان پاشەکشە دەکات، بەڵکو کاریگەری و رەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیش دەبێت لەنێوان ژن و پیاو، رکابەری دەکەوێتە نیوانیان لەسەر بەکارهێنانی ریمۆت کۆنترۆڵی تیڤییەکە.

پیاو چاوەروانی ئەو چوار ساڵە دەکەن بۆ ئەوەی یارییەکان ببینن، بەڵام هاوسەرەکەی حەزی لەزنجیرەیەکی عەرەبیە، چونکە لەدەستدانی یەک




ئەڵقەی ئەو دراماية خۆشییەکەی لەدەستدەدات.
کاتێک ژن ڕوودەکاتە مێردەکەی دەڵێ، ئەوە تەنیا گەمەکەیە، پیاوەکە دەڵێت:»نا ئازیزەکەم ئایا ناکۆکییەکانی میسرو جەزائیرت بیرچووەتەوە، لەکاتی پاکتاوی یارییەکان. ئاگادارت دەکەمەوە لەوەی کە من و تۆ لەسەر ئەم یارییانە ناخۆشی لەوە گەورەتر دەکەوێتە نێوانمانەوە ئەوە تەنیا گەمەیەکی ئاسایی نییە».
لەبەیانیدا نامەیەکی بۆ جێدەهێڵێت بۆ ئەوەی سنووری خۆی بزانێت تا ناوبژیوان فیکەی کۆتایی دوایین گەمەکانی مۆندیال لێدەدات. پیاوێک پێش دەستپێکی یارییەکانی مۆندیال، نامەیەکی تایبەتی بۆخێزانەکەی دەنووسێت پێویستە لەسەر هەموو ژنان پەیرەوی بکەن و باش لێی تێبگەن، پەندێکی کوردی دەڵێت بووکێ لەگەڵ تۆمە خەسوو گوێت لێ بێت.
نامەیەک بۆ هاوسەری ئازیزم: پاش سڵاو، بەو بڕوایەی بەپیرۆزی ژیانی هاوسەری هەمەو بەهەموو ئەو ڕەهەندانەی کە هەیەتی و ڕیزەکانی تێکدەدات، لەدڵەوە ئامۆژگارییەکەت پێشکەش دەکەم کە چۆن ژیانمان بەئاسوودەیی بەسەر بەرین لەکاتی بەڕێوەچوونی یارییەکانی جامی جیهانی، بۆ ئەوەی لەو ماوەیەدا بەکەمترین زیان دەرچین، ئەمانەی لای خوارەوە ئامۆژگارییەکانی مێردە خۆشەویستەکەتە:
١. لەماوەی نێوان ١١یۆنیۆ تاکو ١١ـی یۆلیۆ، تەنیا ڕێگەیەک کە بتوانێت گفتوگۆ لەنێوانماندا هەبێ ئەوەیە، ڕۆژانە بەدواداچوونی ڕۆژنامە وەرزشییەکان و هەواڵەکانی جامی جیهانی بکەیت، تەنیا بەم ڕێگەیە دەتوانیت گفتوگۆ لەنیوانمان هەبێت، هەر قسەیەک لەدەرەوەی ئەم چوارچێوەیە ناچارم وەڵامت نەدەمەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی نیگەرانی و هەراسانت دەکات.
٢. لەکاتی یارییەکانی مۆندیال تەلەڤزیۆنەکە دەبێتە موڵکی من لەهەمووکاتەکاندا، بێئەوەی هۆکارەکانت پیشانبدەم، ئەگەر ببینیم تەنیا تەماشای کۆنترۆڵەکە دەکەیت، ئەوا یەکێک لەچاوە جوانەکانت لەدەست دەدەیت.
٣. بەبەردەم تەلەڤزیۆنەکە بچی ئەگەر لە پێشەوە بچی یان لەدواوە، دەتوانیت بەمەرجێک بە سنگەخشێ بڕۆیت، وەک سەربازە کۆماندۆکانی جەنگی جیهانی.
٤. لەوکاتانەی سەیری یارییەکان دەکەم، دەبێ بزانیت لەوکاتەدا نە دەبیستم نە قسە دەکەم نە دەبینم، تەنیا ئەگەر پێویستم بەخواردن یان خواردنەوە بێت. هەروەها نامەوێت ئەم قسانەم گوێ لێبێت: وەڵامی تەلەفۆن بدەرەوە، خواردنمان پێویستە لەسوپەرمارکێت، دەرگاکە بکەرەوە، دەمەوێ بچمە ماڵی کەسووکارم ئەگینا هەتاهەتایە لێرە نامێنی.
٥. ئەگەر هەموو ئەوانەی لەسەرەوە بۆم دیاری کردوویت و جێبەجێتکرد، ئەوا دەتوانی لەدوای کاتژمێر ٢ـی پاش نیوەشەو تاکو شەشی بەیانی سەیری تەلەڤزیۆن بکەیت.
٦. تکات لێدەکەم و تکادەکەم بە زارتدا نەیەت و بڵێی: ئەوە تەنیا گەمەیەکە یان لە یاری داهاتوو دەیبەینەوە لەوکاتانەی بۆ دۆڕانی تیمەکەم لە مۆندیال خەمبار دەبم.
چونکە ئەوە یارمەتی من نادات و خەمەکانم کەم ناکاتەوە، بەڵکوو زیاتر تووڕەم دەکات»واتە هاندەرەکانت».
٧. ڕێگات لێناگرم ئەگەر لەگەڵم دانیشیت و تەماشای یارییەکانی مۆندیال بکەی و ڕێگات پیبدەم لەگەڵم قسە بکەی تەنیا لە کاتی پشووی یارییەکاندا بەمەرجێک یارییەکە لە بەرژەوەندی تیمەکەی مندا بێت، دەبێ هێڵێک بمێنێ بەژێر ڕستەی»تیمەکەی من»و باش باش تێبگەی من چی دەڵێم.
٨. دووبارەکردنەوەی گۆڵەکان زۆر بەلامەوە گرنگە، بەلامەوە گرنگ نییە ئەگەر.. بۆیە نابێت ناڕەزایی پیشانبدەیت.
٩. لەکاتی پیشاندانی ڕۆژانەی یارییەکانی جامی جیهانی نابێت بڵێی: تۆ یارییەکەت بینیوە بۆچی جارێکیتر تەماشای دەکەیت»چونکە وەڵامی من: بگەڕێوە بۆ خاڵی (٠)
١٠. لەکۆتایی یارییەکانی جامی جیهانی نابێ بلێی»الحمد لله جامی جیهانی چوار ساڵیتر ئەنجامدەدرێت». چونکە بەمقسانە زۆر بێتاقەت دەبم و دژی ئەو باسانەم.
چونکە دوای ئەوە خولی ئینگلیزی و ئیسپانی و ئیتالی و خولی پالەوانانی ئەوڕووپا جامی یەکێتی بەریتانیاو ئیسپانیا ئەنجامدەدرێ.
ژنە ئارامگرەکەم
سوپاسی هاوکاریکردنت دەکەم
مێردی دڵسۆزت
سەرۆکی پێشووی یانەی براد فوردسیتی»ستافۆرد هیجینبو سام»، دەڵێت: تۆپی پێ ئەو ئۆپەرایەیە کە هەموو مرۆڤایەتی بەشداری تێدەکات. لەوانەیە تۆپی پێ ئەو ئۆپرایە بێت کە ئەوانەی خەون بەدنیایەکی بێخەم دەبینین بەشداری لەژەنینی ئۆپراکە بکەن. یان ڕەنگە ئەو خۆشییە بێ کە هەموو خەڵکی لەم جیهانە پڕ لەنەهامەتی و هەژاری تێیدا بەشدار بن.
هەر شتێک ببێتە ئارەزوو مافی خەڵکانیتر زەوت بکات. دەبیێتە سیحرێک کە بەزیان بۆ ساحیرەکە کۆتایی بێت. لەم دواییەدا چەندین ڕووداو و بەسەرهات و چیرۆکی ئەو ژنانەمان بیست کە مێردەکانیان خستۆتە بەندیخانەو یان لەمێردەکانیان جیابوونەتەوەو هەندێکیتر یان لانەی خۆیان بەجێهێشتووە، بۆ ئەوەی مێردەکانیان بەئاسوودەیی تاموچێژ لە مۆندیال وەرگرن. ئێمە پرسیار دەکەین ئەو شێتە چی دەکات کاتێک یارییەکانی مۆندیال کۆتایی دێت. ئایا ئێوە لەگەڵ ئەوەدان و ئامۆژگاری ئەو ژنانە دەکەن تا بگەڕێنەوە لای مێردەکانیان یان با سزای ئەو مانگەی بدات کە فەرامۆشی کردووە، تۆپێ پێی لەو زیاتر خۆشویستووە.



**لاڤە خالید**



www.netewe.com



## «کریستیانۆ رۆناڵدۆ»

# جوانترین و سەرنجڕاکێشترین یاریزانی مۆندیالە

یاریزانی هەڵبژاردەی پورتوگال لە تۆپی پێ (کریستیانۆ رۆناڵدۆ) لە نێو لیستی سەرنجڕاکێشترین و جوانترین یاریزانی مۆندیال لە لایەن ژنانەوە، پلەی یەکەمی بەدەست هێنا، ئەمەش بە گوێرەی گۆڤاری US Weeklyـی ئەمەریکی.

پرۆگرامی تەلەڤزیۆنی The Insider ئەو هەواڵەی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند کە لە ئەنجامی ڕاپرسییەکی گۆڤاری US Weeklyـی ئەمەریکی، رۆناڵدۆ جوانترین یاریزانە بە لای ژنانەوە. گۆڤارەکە هۆکارەکانی سەرنجڕاکێشیی یاریزان رۆناڵدۆی بە لای ژنانەوە بڵاوکردووەتەوە، کە پێکهاتووە لە جوانی و رێکپۆشی ئەو یاریزانە، هەروەها زۆریی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئافرەتە شۆخ و شەنگە ناسراوەکانیش، تێڕوانێکی باشی لە لای زۆربەی ژنان دروست کردووە، بۆیە نازناوی جوانترین و سەرنجڕاکێشترین یاریزانیان پێ داوە.

گۆڤارەکە ئەوەی دووپات کردووەتەوە کە ژنان گرنگیی بە هونەر و بەهرەکانی تۆپی پێی رۆناڵدۆ نادەن، کە زیاتر سەرنجڕاکێشی کردووە و پێی ناسراوە.

هەروەها گۆڤارەکە ئەوەی خستووەتە ڕوو کە رۆناڵدۆ پەیوەندیی سۆزداری لەگەڵ هەریەکە کە هونەرمەند «پاریس هیلتۆن»، کچەنمایشکاری جلوبەرگ «کیمکارداشیان» و بێژەری تەلەڤزیۆنی پورتوگال «مێرش ڕۆمیرۆ» هەبووە، کە ئەمەی دوایی خۆی بوونی پەیوەندییەکەی ئاشکرا کردووە، لە بەرامبەردا رۆناڵدۆ ڕەتی ئەو قسانەی کردووەتەوە، بە هۆی بوونی پەیوەندیی دیکەی لەگەڵ سێ ئافرەتی دیکە، کە ئەوانیش «جۆردانا جاردێل»، خوشکی یاریزانی پێشووی بەڕازیلی ماریۆ جاردێل، کچەنمایشکاری جلوبەرگ «لۆرین ڤارین» و کچێکی دیکە بە ناوی «کرستینا کارلۆس».

ئەوەی کە زیاتریش وای کردووە رۆناڵدۆ سەرنجڕاکێش بێت لە لایەن ژنانەوە، ئەو دەرکەوتنە ئیعلامییەی ئەو یاریزانە و لێدوان و چالاکییەکانیەتی، لەگەڵ ئەو وێنە نیمچە ڕووتانەی، کە لە ڕیکلامی جلوبەرگی «ئارمانی» تێیدا دەرکەوتووە.

www.netewe.com

# خەڵاتێکی بەنرخ بەدەست بهێنە...

## پێشبڕکێی وارڤین بە بۆنەی مۆندیالی 2010

$ 300

$ 200

بۆ زیاتر نزیکبوونەوەی ((وارڤـیـن)) لە خوێنەرانی، بە تایبەت خوێنەرانی وەرزشدۆست و بەبۆنەی یارییەکانی مۆندیال ٢٠١٠، فایلی وەرزش پێشبڕکێیەک ڕێکدەخات و تێیدا ٢ پرسیار دەخاتە ڕوو، خاوەنی وەڵامی راستی هـەردوو پرسیار ناوی دەچێتە تیروپشک و براوەی (یەکەم و دووەم) خەڵاتی بەنرخیان پێشکەش دەکرێت، کە خەڵاتی یەکەم ٣٠٠ $ و خەڵاتی دوومیش ٢٠٠ $ـە.

تیروپشکەکەش لە دوای مۆندیال لە یەکێک لە کەناڵە تەلەڤزیۆنییە نێوخۆییەکان لە هەولێر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەنجام دەدرێت.



ئەو کلێشەیە بە مەقەستێک ببڕە و پڕی بکەوە، پاشان بۆ ئەو شوێنەی بگەڕێنەوە، کە گۆڤاری (وارڤین)ـت لێ کڕیوە.

## تەنیا یەك پرسیار:

ئەو هەڵبژاردەیەی دەبێتە پاڵەوانی مۆندیال (..............).

ناو: ...................

ناونیشان: .......................

ژمارەی تەلەفۆن: ........................

وارڤین

تێبینی: دواکات بۆ وەرگرتنی وەڵامەکان ڕۆژی ٢٠١٠/٧/٩.

خـاوەن وەڵامـە راسـتـەکـانی هــەردوو ژمـارە دەچـنـە ناو تیروپشکەوە.




www.netewe.com

لە ڕاپرسییەکی «وارڤین»دا و بە پێچەوانەوەی پێشبینییەکان

# زۆربەی ژنانی کوردستان هاندەری هەڵبژاردەی بەڕازیلن





تریفە


ڤیان


ئالان

به پێی ئەو ڕاپرسییەی وارڤین ئەنجامی داوە، بۆ زانینی لایەنگریی هەڵبژاردەکانی نێو مۆندیالی ٢٠١٠، تێیدا لە نێوان ١٠٠ ژنـدا، ٤٩ ژن لە نێو ڕاپرسییەکەدا هاندەری هەڵبژاردەی بەڕازیلن، ٢٧ ژنیش هاندەری هەڵبژاردەی ئیتاڵیان، ١١ ژنیش هاندەری هەڵبژاردەی ئەرژەنتینن، ٦ ژنیش هاندەری ئیسپانیا و ٤ـیش سویسرا و ٣ هۆڵەندا و ١ هاندەریش سوێد بوو.

لە ئەنجامی ڕاپرسییەکە و بە شێوەی ڕێژیی، ٤٩٪ ژنان هاندەری هەڵبژاردەی بەڕازیلن، ٢٧٪ـی ژنانیش هاندەری هەڵبژاردەی ئیتاڵیان، ١١٪ـی ژنانیش هاندەری هەڵبژاردەی ئەرژەنتینن، ٦٪ـی ژنانیش هاندەری ئیسپانیان، ٤٪ هاندەری سویسران، ٣٪ـ ژنانیش هاندەری هۆڵەندان، ١٪ ـی ژنانیش هاندەری سوێدن.

بە بڕوای بەرپرسی ڕاگەیاندنی یانەی وەرزشی هەولێر «سامان عەبدوڵڵا بریفکانی»، هۆکاری هاندانی ژنانی کوردستان بۆ هەڵبژاردەی بەڕازیل، بۆ توانای یاریزانەکانی بەڕازیل دەگەڕێتەوە، بە شێوەیەکی زۆر هونەرییانە یاریی دەکەن، بۆیە سەرسامیی بەو تیپە زۆرە. ئەو هەروەها پێی وایە هۆکاری بوونە هاندەری ئیتاڵیاش بۆ جوانیی یاریزانەکان ئیتاڵیا دەگەڕێتەوە. سامان ڕای وایە لە ئێستادا بە هۆی پێشکەوتنی هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە ژنان باشتر یاریزان و یانە و هەڵبژاردەکان دەناسن، کاتیش بۆ سەیرکردنی یارییەکان تەرخان دەکەن.

تریفە حەسەن، تەمەنی ١٩ ساڵ قوتابی دواقۆناغی ئامادەیی، ئاشکرای دەکات هاندەرێکی سەرسەختی هەڵبژاردەی بەڕازیلە، هۆکارەشی بۆ زیرەکیی یاریزانەکان دەگەڕێنێتەوە، تریفە بە پێکەنینەوە دەڵێت: «دڵنیام بەڕازیل جامەکە دەباتەوە».

ئالان کەریم، کچە قوتابی پەیمانگەی تەکنیکی بەشی ڕاگەیاندن، تەمەنی ٢٢ ساڵ، هاندەری هەڵبژاردەی ئیتاڵیایە، ئەو ڕوونی دەکاتەوە «یاریزانەکانی ئەو هەڵبژاردەیە زۆر لێهاتوون و زۆر بە باشی یاریی دەکەن، بە بەردەوامی بە دوای هەواڵی ئەو هەڵبژاردەیەدا دەگەڕێم».

خانێ عوسمانیش، کە تەمەنی ٣٢ ساڵە و ژنی ماڵەوەیە، هاندەری هەڵبژاردەی بەڕازیلە، ئەو لەبەر یاریزان کاکا ئەو هەڵبژاردەیەی خۆش دەوێت، حەزیش دەکات جامی مۆندیال بۆ ئەو هەڵبژاردەیە بێت.

کچەهونەرمەند (ڤینا فەرشید) تەمەن ١٣ ساڵ، هاندەری هەڵبژاردەی ئەرژەنتینە، ئەو دەڵێت: «زۆر سەرسامم بەو هەڵبژاردەیە، بە تایبەت لەبەر یاریزان مێسی، پڕ بە دڵ حەزدەکەم ئەو هەڵبژاردەیە سەرکەوتووی ئەو مۆندیالە بێت».

ئاوێزە مەحموود، تەمەن ٢٨ ساڵ، مامۆستای قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی هاوڕێی برایی، ئاشکرای دەکات، هاندەری هەڵبژاردەی بەڕازیلە. ئەو دەڵێت: «لەبەر هاوسەرەکەم ئەو هەڵبژاردەیەم خۆش دەوێت».

چوار ساڵ جارێک پاڵەوانیەتیی مۆندیال لە تۆپی پێ بە بەشداریی ٣٢ هەڵبژاردە لە وڵاتێکدا بەڕێوە دەچێت، تا ئێستایش بەڕازیل ٥ جار نازناوەکەی بەدەست هێناوە، ئەمەش ژمارەی پێوانەییە. مۆندیال جگە لە ڕکابەریی وەرزشی، گردبوونەوەیەکی جیهانی و تێکەڵاوبوونێکی کلتوری و ڕۆشنبیرییە و بەیەکگەیشتنی بیروڕا و ڕەنگە جیاوازەکانە.

www.netwe.com



# میوە تەندروستترین خواردنە

www.netewe.com



# ئامادەبوونی پیاوان لەهۆڵی منداڵبوون

## تەندروستە؟



ئاڤان فارس

»لەگەڵ هاوسەرەکەی لەهۆڵی نەخۆشخانەیەکی ئەهلیدا چاوەڕێی پزیشک بوو. لەکاتی چوونی بۆ هۆڵی منداڵبوون، دەستی هاوسەرەکەی گرتبوو و دەیگووت»ئامادەبوونی ئەو، هێز و توانام پێدەبەخشێت». ئەمە قسەی دڵخواز بوو کە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا لەنەخۆشخانەیەکی ئەهلی چاوەڕێی نەشتەرگەری منداڵبوون بوو، بەڵام بەپێچەوانەوە تائێستا لەهۆڵی نەشتەرگەری نەخۆشخانەی حکوومییەکاندا ڕێگە بەپیاوان نادرێت لەکاتی نەشتەرگەری منداڵبوونی هاوسەرەکەیاندا ئامادەبن.

هەولێر

ڕێناس کاروان، ٣١ساڵ، ژنە کوردێکی دانیشتووی ستۆکهۆڵمەو تائێستا دوو منداڵی بەڕێگەی نەشتەرگەری بووە. ئەم ژنە چەند زانیارییەکی دەربارەی بایەخدانی حکوومەتی سویدی بەهۆڵی منداڵبوون و کاتی دووگیانی ژنان، بۆ وارڤین خستەڕوو«لەکاتی منداڵبووندا، هەر ژنێک هۆڵێکی تایبەت و پزیشکێکی تایبەتی بۆ دابیندەکرێت. ڕۆژانە پزیشکی دەروونی، گفتووگۆ لەگەڵ ئەو ژنانەدا دەکات کە دووگیانن یان تازە منداڵیان بووە». هەروەها گوتیشی، تا باری دەرونی ژنەکە ئارام بێت، لەکاتی منداڵبووندا، ڕێگە بەهاوسەرەکەی دەدرێت لەهۆڵی نەشتەرگەریی ئامادەبێت«لەکاتی لەدایکبوونی هەر دوو منداڵەکەم، هاوسەرەکەم لەگەڵ بوو و ئارامی پێدەبەخشیم».
لەنەخۆشخانە فەرمییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێگە بەپیاوان نادرێت لەکاتی نەشتەرگەری منداڵبوونی هاوسەرەکانیاندا لە هۆڵەکە ئامادەبن. نەمام عوسمان، (٢٧) ژنێکی باڵابەرزی پێست سپییە لەگەڵ خوشکەکەیدا لەنەخۆشخانەی لەدایکبوون و منداڵانی هەولێر بوو. ئەو بەنیگەرانییەوە ئاماژەی بەوەکرد کە باش نییە ژن لەگەڵ ژندا لەکاتی منداڵبوون بچیتە هۆڵی نەشتەرگەری، چونکە باری دەروونی تێکدەچێت»دووجار لەگەڵ خوشکەکەم هاتوومەتە هۆڵی منداڵبوون، بەڵام زۆر ترساوم و باری دەروونیم شڵەژاوەو تووشی ڕاڕایی بووم کە ئایا ڕێگە بدەم لەداهاتوو منداڵم ببێت یان نا؟. هەروەها گوتی ئەگەر ڕێگە بەهاوسەری خوشکەکەم بدرێت، من ناچار نابم بێمە هۆڵی منداڵبوون.

بەرپرسی بەشی منداڵبوون لەنەخۆشخانەی لەدایکبوون و منداڵانی هەولێر د. سەبریە شێخ بزێنی ڕایگەیاند کە ئەوان ڕێگە نادەن پیاو لەگەڵ ژنەکەیدا لەهۆڵی نەشتەرگەری ئامادەبێت، چونکە نەخۆشخانەی لەدایکبوون یەک هۆڵی منداڵبوونی هەیە»ژنەکان، ئامادەنین پزیشکی پیاو، بچێتە هۆڵی منداڵبوون، ئیتر چۆن ڕێگە دەدەن پیاو بچێتە هۆڵی منداڵبوون». بەڵام لەنەخۆشخانە ئەهلیەکاندا پێچەوانەی نەخۆشخانە فەرمییەکانی حکوومەت، ڕێگە بەپیاو دەدرێت ئامادەی هۆڵی نەشتەرگەری منداڵبوون بێت.
دڵخواز کەریم، ژنێکی گەنم ڕەنگەو تەمەنی ٢٦ ساڵەو فەرمانبەری حکوومییە. لەگەڵ هاوسەرەکەی لەهۆڵی نەخۆشخانەیەی ئەهلی سەردەم چاوەڕێی دکتۆر بوو. لەکاتی چوونی بۆ هۆڵی منداڵبوون، دەستی هاوسەرەکەی گرتبوو و دەیگووت«ئامادەبوونی ئەو، هێزو توانام پێدەبەخشێت». ئەو ژنە گوتی، ئامادەبوونی پیاوان لەگەڵ ژنەکانیاندا، لەهۆڵی منداڵبوون داخوازی زۆربەی ژنانی سکپڕە،»چونکە

www.netewe.com



**ئامادەبوونی پیاوان پاڵپشتێکی بەهێزە بۆ ژنان**

لەئازارەکانمان کەم دەکاتەوە». لەوبارەیەوە پسپۆڕی بواری منداڵبوون و ژنان، د. فەزیلە کەمەرخان، باس لەو بارودۆخە دژوارە دەکات کە ژنان لەکاتی منداڵبووندا تووشی دێن، سەرەڕای ئەوەی ئازارو ماندووبوونێکی زۆر دەکێشن، باری دەروونیشیان ئاڵۆز دەبێت بۆیە«ئامادەبوونی هاوسەرانیان، لەهۆڵی منداڵبوون و نەشتەرگەری، گرنگەو کاریگەری ئەرێنی لەسەر باری دەروونی ژنەکە دەبێت». د.فەزیلە، کە بەرپرسی بەشی منداڵبوونە لەنەخۆشخانەی سەردەم روونیکردەوە»رێگە بەپیاوان دەدەین لەهۆڵی منداڵبوون لەگەڵ هاوسەرەکانیان ئامادەبن». هاوکات پزیشک و پسپۆڕانی بواری دەروونی و ژنانیش ئەوە پشتڕاستدەکەنەوە کە ئامادەبوونی پیاوان لەهۆڵی منداڵبوون ئارامی بە ژن دەبەخشێت و ئازارەکانیان کەم دەکاتەوە. توێژەری کۆمەڵایەتی روخۆش عەلی، ئامادەبوونی پیاوان لەهۆڵی منداڵبووندا، بەگرنگ دەزانێت«باپیاوانیش لەکاتی منداڵبووندا ئاگاداری ئازاری هاوسەرەکانییان بن، بزانن کە منداڵبوون هەروا ئاسان نییە». ئەو توێژەرە روونیدەکاتەوە کە لەگەڵ ئەوەی منداڵبوون سەختترین حاڵەتە بۆ ژنان، بەڵام لەکۆمەڵگای ئێمەدا بایەخ بەو حاڵەتە نادرێت. یەکێک لەهۆکارەکانی ئەوەش بۆ زۆربوونی رێژەی منداڵبوون دەگەڕێنێتەوە، چونکە بوونی زیاتر لەمنداڵێک، وا لەخێزان دەکات کە ئەوەندە بایەخ بەو پرسە نەدات. روخۆش، رەوشی لەدایکبوونی یەکەم منداڵ، بەبەڵگەی قسەکانی دەهێنێتەوە«لەکاتی لەدایکبوونی یەکەم منداڵدا، هەموو خێزانەکان بایەخی زۆر بەو حاڵەتە دەدەن. هەرلە ئامادەکردنی کەلوپەل و پێداویستییەکان و بردنە نەخۆشخانە، بەڵام لەگەڵ زیادبوونی منداڵ ئەو هەست وسۆزە کەم دەبێتەوە».

فەخریە بایز، (٣١) کە ٣ منداڵی هەیە باس لەوەدەکات هەر سێ منداڵەکەی لە نەخۆشخانە بووە، بەنیگەرانییەوە ئەوە دەخاتەڕوو لەکاتی بوونی یەکەم منداڵدا هاوسەرەکەی بایەخێکی زۆری پێداوە، بەڵام لەمنداڵی دووهەم و سێهەمدا هەر لەگەڵیشی نەرۆیشتووە بۆ نەخۆشخانە. فەخریە دەڵێ»ئەوەی لەکاتی منداڵبووندا زۆر ئازاری پێگەیاندم تەنیاییم بوو» هەروەها ئاشکرایکرد کە پزیشکان لەساتی منداڵبوون بایەخ بەنەخۆش نادەن و بەسەریدا دەقیژێنن. پسپۆڕانی بواری دەروونیش ئەوە دەخەنەڕوو کە ژنان لەساتی ماڵبوون پێویستیان بە رەوشێکی ئارام هەیە، نەوەک هاوارکردن و توندوتیژی. پسپۆڕی دەروونی لەنەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر د. بەیان قادر گەلاڵی، تیشکی خستەسەر لەبیرکردنی لایەنی دەروونی ژن لەکوردستان بەتایبەت لەکاتی منداڵبووندا، لەگەڵ ئەوەی لەوکاتەدا ژنان، پێویستییان بەدڵنیایی دەروونییە. هاوکات ئاماژە بەرەفتاری توندوتیژی پزیشکەکان دەکات«منداڵبوون حاڵەتێکی ئاڵۆزە بۆ ژنان. خودی ئەو پزیشکانە لەکاتی منداڵبوونی ژناندا بەسەریانەوەن دەبنە هۆی زیاتر شڵەژان و تێکچوونی رەوشی ژنەکە». بەتایبەت ئەزموونی منداڵبوونی یەکەم بە«زۆر تایبەت» دەخاتەڕوو، لەبەرئەوەی»ئەو ژنانە یەکەمجاریانە ئەو حاڵەتە ببینن، چونکە لەسەرەتای دووگیانییەوە، لەبارەی منداڵبوونەوە، دەوروبەر قسەی بێبنەما دەکەن و گوێبیستی شتی سەیر دەبن». بەڕای د. بەیان، رەخساندنی رەوشێکی ئارام بۆ دەروونی ژن لەکاتی منداڵبووندا، یەکێکە لەپێویستییە گرنگەکانی ئەو حاڵەتە. ئەوەش بەهاوکاری کەسانی نزیکی ژن، دەکرێت. بەتایبەت هاوسەر«ئامادەبوونی پیاو، وادەکات ژن زۆر بیر لەئازارەکانی نەکاتەوە. وێڕای ئەوەی بەرپرسیارێتی باوکایەتی دیار دەخات. پزیشکانی ئێمە، بایەخ بەئارامی دەروونی نەخۆش، نادەن و تەنیا بیر لەلایەنی جەستە دەکەنەوە. لەگەڵ ئەوەی تەندروستی دەروونی، بەقەد تەندروستی جەستە گرنگە».

www.netewe.com

# نەخۆشییەکانی کۆڵۆن مەترسی و چارەسەر

ئەو نەخۆشیانەی لەرێگەی کۆڵۆنەوە تووشی مرۆڤ دەبێت چەند جۆرێکە، لەوانەش گرێی کۆڵۆن یەکێکە لەو نەخۆشییانەی کە مەترسی لەسەر ژیانی نەخۆش دروستدەکات. لەو بارەیەوە پسپۆڕێکی گرێی کۆڵۆن، باس لەنیشانەو چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشییە دەکات.

## کۆڵۆن چییە؟

کۆلۆن،ئەندامێکە لەئەندامەکانی لەش، واتا بەپێی پێکهاتەکەی کاری سەرەکی هەڵمژینی خۆراک و ئاو و خوێیەکانە. هەروەها پاشەڕۆ و پاشماوەی هەرسنەکراو تێیدا فڕێدەدرێتە دەرەوە.

ئەو نەخۆشییانە چین کە تووشی کۆلۆن دێن؟ پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناو د. یوسف بەهائەدین دەڵێت:»کۆلۆن تووشی زۆر جۆری نەخۆشی دێت وەک هەوکردن، یان وروووژاندن ( هەڵچوونی کۆلۆن)یان هەبوونی گرێ و زیادە گۆشت، بەڵام لەهەموویان زیاتر بریتییەلە وروووژانـــی کۆلۆن کە ئـەوەش نەخۆشییەکی درێژخایەنەو تووشی نەخۆش دێت.

## نیشانەکانی وروووژانی کۆلۆن

د.نەرمین‌تەها مستەفا، پسپۆڕی‌نەخۆشییەکانی کۆلۆن و نەشتەرگەری گرێی کۆلۆن، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لەوڵاتی سودان و پسپۆڕی نەشتەرگەری گشتی لەنەخۆشخانەی فێرکاری هەولێر، دەڵێ کاری سەرەکی کۆڵۆن هەڵمژینی خۆراکە، کۆلۆن لەریخۆڵەئەستوورەو ریخۆڵە باریکە پێکدێت. ریخۆڵە باریکە بەزۆری کاری هەڵمژینی خۆراکەو ریخۆڵە ئەستوورە کاری هەڵمژینی ئاو و خوێییەکانەو پیسایی توند دەکاتەوە. ریخۆڵە باریکە خۆی نزیکەی شەش مەترەو ریخۆڵە ئەستوورە نزیکەی دوو مەتر دەبێت و لەمرۆڤێکەوە بۆ یەکێکیتریش جیاوازی هەیە. هەڵچوون یان وروووژانی کۆلۆن بریتییەلە تێکچوونی نیزامی خاووبوونەوەو کرژبوونی ماسوولکە لەریخۆڵە ئەستوورە، کە خۆی لەبنەڕەتدا بەشێوازێکی زۆر باش کارەکانی رادەپەڕێنێت، بەڵام کە نیزامەکەی تێکدەچێت پاڵنان بەخۆراک تێکدەچێت و بەمەش نەخۆش هەندێجار تووشی سکچوون دێت و هەندێکجاریش تووشی قەبزی دێت. هەندێکجاریش تووشی ژان و سک ئاوسان و غازات دێت.

## هۆکاری تووشبوون

بە گوتەی د. یوسف بەهائەددین هۆکارەکانی تـووشـبـوون زۆرن، بـەڵام هـۆکـارەکـان زۆر ئاشکراو دیاریش نین هۆکاری پێشنیازکراون وەک بـوونـی هـەوکـردن لەپێش تووشبوون بەنیشانەکانی نەخۆشی و وروووژانی کۆڵۆن یان جۆری خواردەمەنی کە زۆرجار رۆڵی هەیە وەک پاقلەمەنی و خواردەمەنی زۆر چەور و پیاز یان هۆکاری نالەباری باری دەروونـــی کە ئەوەیان واتا ناڕێکی باری دەروونی کە هۆکارێکی روونەو رۆڵێکی دیاری هەیە. ئامینە سەلیمی ٢٦ساڵ، مامۆستایەو خەڵکی شـاری هەولێرە. وەک باسیدەکات ماوەی دوو ساڵە تووشی وروووژانی کۆلۆن هاتووەو ئەم نەخۆشیە بێزاری کردووە. ئامینە کچەو شووی نەکردووە، رەتیدەکاتەوە کە باری دەروونی ناڕێک بێت و دەڵێ، من زۆر ئاسوودەم و نازانم لەچییەوە تووشی کۆلۆن هاتوون.

## رەگەزی تووشبوان

رێژەی تووشبوون لەهەردوو رەگەز بەدی دەکرێت، بەڵام لە ژنان زیاترە. د. یوسف هۆکارەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ژن لەکۆمەڵگای ئێمەدا زیاتر لەژێر گوشاردایەو باری دەروونی نارێکە.

## تەمەنی تووشبوان

د. یوسف دەڵێت: لە ١٧و١٨ ساڵی تا نزیکەی ٤٥ ساڵی وروووژانی کۆلۆن هەیە، بەڵام زیاتر لەو کەسانەیە کە لەنێوان ٢٠ تا ٣٠ ساڵی تەمەندان. هالە کەریم، ژنێکی تـرەو تەمەنی ٣١ ساڵەو دانیشتووی گەڕەکی موفتی شاری هەولێرە دەڵێ، من دوو مانگە تووشی هەوکردنی کۆلۆن هاتووم، دکتۆر چارەسەری بۆ نووسیووم. ناوە ناوە سکم ژان دەکـات و ئـازارم هەیەو تووشی نیگەرانی کردووم.

## گۆشتی سوور و کاریگەری کۆلۆن:

بەشێوەیەکی چەوری گشتی کاریگەری هەیە، چونکە وروووژانـــی کۆلۆن زیاد دەکـات، گۆشتی

www.netewe.com




سوور هۆکارەو رۆڵی هەیە، بۆیە گۆشتی ماسی و مریشک باشترە بخورێت.

### چارەسەر

د. یوسف، باس لـەوەدەکات کە ورووژاندنی کـۆڵـۆن، نەخۆشییەکی درێـژخـایـەنـە. بەڵام مەترسی نییەو تەنیا نیشانەکانی نەخۆشەکە بـێزار دەکـەن، بـۆیـە چارەسـەرکـردنـی بەو دەرمانانە دەبێت کەوا نیشانەکان لادەدەن و لەچارەسەرکردنیدا نەشتەرگەری هیچ رۆڵێکی نییە. زۆرجار چارەسەرکردن بەکەمکردنەوەی هۆکارەکان دەبێت وەک گۆڕینی شێوازی خۆراک و چاکترکردنی باری دەروونـی و چارەسەری هەوکردنی کۆڵۆن و پێدانی حەب.

کەلسوم ساڵح، (٥٣) ساڵ و دانیشتووی رانیە، بەهۆی بوونی گرێی کۆڵۆن بۆ سەردانی پزیشک هاتۆتە هەولێر. لەتۆرینگە دانیشتبوو چاوەڕێی دەکرد نۆرەی بێت. کەلسوم دەیگوت ژانێکی زۆرم هەیەو ناتوانم دابنیشم گرێیەکە زۆر ئازارم دەدات و دەمەوێت نەشتەرگەری بکەم و دکتۆر پێیگوتووم ئـەوەی تۆ زیادەگۆشتەو دەبێت فڕێبدرێت. د. نەرمین تەها موستەفا، دەڵێ: جگە لەورووژانی کۆڵۆن، چەندین نەخۆشی تر هەیە کە تووشی کۆڵۆن دێت، وەک سووڕانی کۆڵۆن یان گیرانی کۆڵۆن بەهەر هۆیەک بێت یان کوونبوونی کۆڵۆن کە ئەوانەش کتوپڕ روودەدەن و پێویستیان بەنەشتەرگەری هـەیـە. یان کرژبوونەوەو هەوکردنی کۆڵۆن و تەسکبوونەوەی کۆڵۆن یـان لەناکاو بەرینبوونی کە ئەوانە هەموویان لەناکاو روودەدەن و بەنەشتەرگەری چارەسەردەکرێن. بـەڵام لەهەموویان گرنگتر گـرێـی کـۆلـۆنـەو بـەسـەر دوو جـۆر دابـەش دەبێت: (حمیدە،خبیپە) واتا گرێی سەلامەت و گرێی ترسناک کە شێرپەنجەیە. گرێی سادە یاخود سەلامەت وەک هەبوونی زیادە گۆشت وایـەو هەیانە زکماکەو جۆرێکیتریشیان دواى پەنجا ساڵی تووشی کەسەکە دێت. کە تائێستا هۆکاری تووشبونیان نەزانراوە. لەبارەی گرێی پیس کە شێرپەنجەیە د. نەرمین دەڵێ، بوونی ئەو گرێیە ترسناکە، ئەو گرێیەش هەر لە گەدەوە تا کۆم بۆی هەیە دروست بێت، واتا لەهەموو بەشەکان ئەگەری تووشبوونی هەیە. ئەوەش بەنەشتەرگەری چارەسەر دەکرێت، بەڵام ئەگەر لەسەرەتادا بوو واتا گرێیەکە تەمەنی بچووک بوو تازە سەریهەڵدابوو ئەوە بەئاسانی چارەسەر دەکرێت و بەو نەشتەرگەرییە بنبڕ دەکرێت. بەڵام ئەگەر ماوەی گرێیەکە زۆر بوو ئەوە بەشێکی زۆری لەشی گرتووەتەوەو نەشتەرگەریشی بۆ بکرێت تازە خانەکانی شێرپەنجە بڵاو بوونەتەوەو بەکەڵک نایەت و ئەوەندە سوودی نییەو دەبێتە هۆی مردنی نەخۆش. ئەو گرێیەش بەزۆری لەکەسانی بەتەمەن و لەسەرووی پەنجا ساڵییەو کەمتر لەگەنجان روودەدات.

www.netewe.com

# چەند ڕێنماییەک بۆ ژنی دووگیان



د. جوان سوعاد موراد

**بەشی دووەم و کۆتایی**

ژنی دووگیان پێویستە ئاگاداری کاتی ژەمەکانی نانخواردن بێ، بەتایبەت سێ ژەمە ئاساییەکە. لەکاتی خۆیدا بیخوات و لەنێوان ژەمەکانیش ژەمی سووک بخوات بەتایبەت لەسێ مانگی یەکەمی دووگیانیدا، واتا سەرەتای سکپڕی. دەتوانێت لەبری سێ ژەم خۆراک، بیکات بەشەش ژەم و خواردنی کەم بخوات، چونکە گەدەی ژنی دووگیان زۆر هەستیارە بەتایبەت لەسێ مانگی یەکەمی سکپڕی. دەبێ ژنەکە لەم ماوەیەدا خۆراکی چەوری کەمکاتەوە، چونکە کار دەکاتە سەر قەڵەوبوونی، واباشە لەمانگی چوارەمی دووگیانییەوە، تامانگی هەشتەم ژەمەکانی فرەجۆرو دەوڵەمەند بێت. بەتایبەت ئەو خۆراکانەی کە بڕێکی زۆر پرۆتینی ئاژەڵ یان ڕووەکی تێدایە.

وەک پەنیر، هێلکە، پاقلەمەنی، شیر، نیسک، نۆک و فاسۆلیا، هەروەها میوەو سەوزەی تازە. ئاشکرایە لەسەرەتای دووگیانیدا جۆرێک لەنیگەرانی و خەمۆکی بۆ ژنەکە دروست دەبێت. ئەویش بەهۆی هۆرمۆنەکانی دووگیانییەوەیە کە کاریگەری لەسەر دەروونی ژنە دووگیانەکە دەبێت و وایلێدەکات زوو هەڵبچێت. لەوکاتەدا ژنەکە پێویستی بەپشووی زۆر و خواردنی دەوڵەمەند لەڕووی ڤیتامینات و پرۆتینەوە هەیە. چونکە ژنی دووگیان پێویستی بەخۆراکی باش هەیە بۆ گەشەی کۆرپەکەی. زۆرجار ژنی دوو گیان تووشی بارودۆخی ناخۆش دێت وەک ڕشانەوەی بەیانیان، لەمحاڵەتەشدا پێویستە ڕەچاوی ئەو خاڵانەی خوارەوە بکات.

١)پێویستە ژنی دووگیان گۆڕانکاری بەسەر ڕێژەی خواردنی خۆیدا نەهێنێت، چونکە نابێ خواردنی سوێر یان بێخوێ بخوات، واتا هەر وەک پێشتر ڕێژەی خواردنی خوێ ئاسایی بێت.

٢)ئەگەر زانرا کە بەخۆراکەکانیتر ڕشانەوەی هەیە باشترە بەیانیان شیر و بخوات.

٣)خواردنی ئاوی لیمۆ یان شووتی بۆ کەمکردنەوەی ئازاری ڕشانەوە.

٤)زۆر خواردنەوەی مادده شلەکان بۆ پاراستنی شلەمەنی نێو گەدە.

٥)دوورکەوتنەوە خواردنەوەی قاوە، چونکە دەبێتە هۆی ورووژاندنی ترشەلۆکی نێو گەدە.

٦)خواردنی پرۆتینی لەنێوان ژەمەکاندا، چونکە دەبێتە هۆی ڕاگرتنی شەکرەی خوێن.

٧)زەنجەفیلی تەر دەتوانرێت بکوڵێنرێت و وەک چا بخورێتەوە.

٨)دوورکەوتنەوە لەو خۆراکانەی کە هۆکارن بۆ ڕشانەوە.

٩)خۆپاراستن لەسەرمای شەوان بەتایبەت لەزستاندا.

جۆری ئەو خواردنانەی کە دەبێ ژنی دووگیان بیخوات:

١)ڤیتامین: سیC —

ئەو جۆرە ڤیتامینە دەبێ هەموو ڕۆژێک بخورێت، چونکە جەستەی مرۆڤ ئەو جۆرە ڤیتامینە هەڵنامژێت، ئەو ڤیتامینە بۆ ژنی دووگیان گرنگە. ئەو ڤیتامینە بۆ خانەی مرۆڤ زۆر باشەو کۆرپە بۆ گەشەکردنی ئێسکەکان و ددانەکانی زۆر پێویستی پێیەتی، نموونەش بۆ ئەو جۆرە ڤیتامینە بەتایبەتی میوە زەردەکانە وەک سێو، مۆز، لیمۆ، هەرمێ، خۆخ، قەیسی، هەنار، پرتەقاڵ، تەماتەو بیبەری شین. چونکە ئەوانیش هەمان ڤیتامینیان تێدایە. نابێت ئەو جۆرە میوانە بکوڵێن یان لەبەر گەرمای زۆر دابنرێن، چونکە دەبێتە هۆی لەنێوچوونی ڤیتامینەکەی.

٢)کالسیۆم:

کالسیۆم باشترین ژەمە خۆراکە بۆ دایکی دووگیان کە بۆ گەشەی کۆرپەلە زۆر باشەو ماسوولکەکانی جەستەی بەهێز دەکەن. دوورکەوتنەوەی نەخۆشییەکانی دڵ، پاراستنی ئەنزیمەکان و هەروەها دەبێتە هۆی زیادبوونی خوێن و ڕێگرتن لەبەرزبوونەوەو نزمبوونەوەی پەستانی خوێن. ئێسکەکانی کۆرپەلە بەهێز دەکات. پێویستە ژنی دووگیان ڕۆژی چوار پەرداخ شیر بخواتەوە، ئەگەر نەیتوانی شیر بخواتەوە، ئەوا دەتوانێت بەشێوەی ماستاو یان میوەی تازە بخوات.

٣)ڤیتامین بیB

ئەو جۆرە ڤیتامینەش دەبێتە هۆی زیادبوونی خوێنی دایکە دووگیانەکە. لەو خۆراکانەدایە شیر، هێلکە، ماسی، دانەوێڵە، گەنم و جۆ و برنج.

٤)پرۆتین:

پرۆتین یەکێکە لەو خۆراکانەی کە بۆ ژنی دووگیان زۆر بەکەڵکە پێویستە هەموو ڕۆژێک بخورێت، چونکە ماددەیەکی تێدایە پێیدەگوترێت ترشی ئەمینی، ئەو ترشە بۆ دروستبوونی خانەکانی مرۆڤ گرنگە، بەتایبەت بۆ کۆرپەی ژنی دووگیان. ڕۆژانە پێویستە بڕی (٦٠-٧٠) گم بخوات. پرۆتین لەو خۆراکانەدا هەیە هێلکە، گۆشتی مریشک، گۆشتی ئاژەڵ، جگەر، ماسی، فاسۆلیا، نۆک.

٥)ئاو:

یەکێک لەو شلەمەنییانەی پێویستە بۆ ژنی دووگیان ئاوە. دەبێ لەڕۆژێکدا هەشت پەرداخ ئاو بخواتەوە، ئەو ڕێژەیە دەتوانرێ بەشێوەی شەربەتیش بخورێتەوە.

٦)ئاسن:

ئاسن، مەگنیسیۆم، پۆتاسیۆم، ئەو جۆرە خۆراکانەی کە تێدایە لەجگەر، گۆشت، ماسی و میوەی تازەدا هەیە. لەگەڵ زەردێنەی هێلکە کە بۆ دروستبوونی خڕۆکە سوورەکانی خوێنی کۆرپەلە پێویستە.

٧)کالۆری:

ژنی دووگیان دەبێ کالۆری بخوات چونکە بۆ گەشەی کۆرپەلە گرنگە، کالۆری لە چەرەز، فستق، گوڵەبەڕۆژە، نۆک و شیر دا دەستدەکەوێت.

دەبێت ژنی دووگیان دووردەکەوێتەوە لەزۆرخواردنی چەوری، خوێی زۆر، شەکری زۆر، نەستەلەی زۆر و قاوە، چونکە ئەوانە بۆ زۆر بەرزبوونەوە یان نزمبوونەوەی پەستانی خوێن هۆکارن. هاوکات هۆکارن بۆ ڕشانەوەو لاوازبوون و دابەزینی کێشی دایک و کۆرپەلە.

*پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنان و منداڵبوون و نەزۆکی.

www.netewe.com



# ئەنجامی پشکنینەکان لەتاقیگەیەکەوە بۆ تاقیگەیەکی ترجیاوازە

گەندەڵی...

## «پزیشکان داوای ٥٠٪ی پارەی پلیتی نەخۆشەکان لە تاقیگەو دەرمانخانەکان دەکەن»



شیلان یاسین

بەهۆی جیاوازی پشکنین لەتاقیگەیەک بۆ تاقیگەیەکیتر، هاووڵاتییان نیگەران و خاوەن تاقیگەیەکیش ئەو جیاوازییە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە کارمەندەکانی هەندێ تاقیگە شارەزاییان لەکەرەستەو ئامێرەکان نییەو هەروەها کەرەستەو ئامێرەکانیش کۆنن.

هەولێر

### تاقیگەی تەندروستی

تاقیگەی تەندروستی یاخود نۆرینگەی پزیشکی، بەو شوێنە دەگوترێت کە کاری پشکنینی پەیوەست بەتەندروستی مرۆڤی تێدا ئەنجامدەدرێت کە لەژوورێک یاخود چەند ژوورێک پێکهاتووەو ئامێرو کەلوپەل و گیراوەی کیمیایی بۆ پشکنین تێدایە.

### جۆرەکانی تاقیگە

لەنێو نۆرینگە تایبەتییەکان و کۆمەڵگا پزیشکییەکان دوو جۆر تاقیگە هەن: یەکێکیان پێیدەگوترێت تاقیگەی تەریک کەلەژێر چاودێری پزیشکێکی پسپۆڕکارەکانی ئەنجامدەدات و تەنیا چەند پشکنینێکی دیاریکراوی تێدا ئەنجامدەدرێت، ئەوانیش زۆر سادەن وەک دیاریکردنی رێژەی خوێن و پشکنینی میزو پیسایی. جۆری دووهەم بریتییەلە تاقیگەی سەرەکی یاخود گەورە، ئەوە مافی ئەنجامدانی هەموو جۆرە پشکنینێکی هەیە، چونکە کەسانی شارەزا ئەو جۆرە تاقیگانە بەڕێودەبەن.

### جیاوازی لەئەنجامی پشکنین

ئەڤین حەمید، ژنێکە تەمەنی ٢٩ساڵەو دایکی سێ منداڵەو دانیشتووی شاری هەولێرە. ئەو دەڵێت هەموو ساڵێک لەوەرزی هاویندا تووشی گرانەتا دەبم و کاتێک پشکنین دەکەم ئەنجامەکەی وەک یەک نییە. لەبارەی ئەنجامدانی پشکنین و وەک یەکنەبوونی ئەنجامەکان، سەمیر میرخان ئەحمەد دەرچووی کۆلێژی زانست، بەشی بایۆلۆژی و خاوەنی تاقیگەی سارێژ لەشەقامی پزیشکان، باس لەوەدەکات کە ئەو پشکنینەی بۆ نەخۆش دەکرێ دەبێ بەبڕیاری پزیشک بێ و پاشان دکتۆرەکەش خۆی بەدواداچوونی بۆ بکات، تالەراستی پشکنینەکە دڵنیابێت. ئەگەر نا پێویستە پزیشکەکە لێی وردبێتەوە. سەمیر میرخان، ناڕێکی ئەنجامەکان بۆ کەمتەرخەمی و نەزانی کارمەندەکان دەگەڕێنێتەوە، یان بۆ ئەو کەرەستانەی کە کاری پشکنینی بۆ دەکەن، چونکە زیادبوون و کەمبوونی رێژەی بچووک، وەڵامی ئەنجامەکان دەگۆڕێت. هۆکارێکی دیکە بۆ کۆنی ئامێرەکانی تاقیگە دەگەڕێنێتەوە«هەندێک دەرئەنجام خۆی دیارە کە هەڵەیە یان دروستە، وەک پشکنین و دیارکەوتنی رێژەی تای ماڵتا یان



www.netewe.com

شەکرە. یان پشکنینی تەواوی خوێن کە هەوکردن و بەرزی و نزمی چەوری لەخوێن دەستنیشان دەکات». وەک سەمیر، ئاماژەیدا دەبێ چاودێری تاقیگەکان بکرێت ئەوەشی بەکاری فەرمانگەی تەندروستی سەر بەوەزەراتی تەندروستی زانی، بەڵام وەک زانیاریدا کە تائێستا فەرمانگەی تەندروستی بەمەبەستی چاودێری، سەردانی تاقیگەی ئەوانی نەکردووە.

هەروەها دەڵێت:«دەبێت ئەو کەسانەی لەتاقیگە کار دەکەن بڕوانامەیان هەبێت و مومارەسەیان لەسەر کارەکەیان هەبێت. لەلایەکیترەوە ڕێبوار زرار کە دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی شەقڵاوە بەشی پزیشکی شیکاری نەخۆشییەکانەو لەتاقیگەی شوکریە لەشەقامی پزیشکان کار دەکات، کارمەندانی تاقیگە بەکەمتەرخەم دەزانێت کاتێ پشکنین دەکەن لەوەی کە شارەزاییان لەکەرەستەی بەکارهاتووی وەک ئەنتیجین و گیراوەکان نییە.«دەبێ مانگانە ئەو کەرەستەو گیراوانە، بگۆڕدرێن، چونکە ماوەکەی بەسەر دەچێت، بەڵام ئەوان نایگۆڕن». عەبدولقادر سەمەد لەتاقیگەی نەخۆشخانەی نانەکەلی کە دەرچووی کۆلێژی زانست بەشی بایۆلۆژییە، پێیوابوو چەند هۆکارێک وادەکات ئەنجامی پشکنین لەتاقیگەیەکەوە بۆ یەکێکیتر جیاوازبێت:

١- هۆکاری کەسی واتا ئەنجامدەری کارەکە خۆی تاچەند شارەزایی لەئەنجامدانی کارەکەهەیەو لەبواری پراکتیکی چەند شارەزایی و زانیاری ڕاست و دروستی هەیە.

٢- ژینگەی نێو تاقیگەکە تاچەند لەبارە، ئایا پلەی گەرمی و هەواگۆڕکێ و ڕووناکی و ڕووبەری کارکردنی لەبارو شیاوە بۆ ئەنجامدانی پشکنینەکە.

٣- ئەو نموونەیەی کە پشکنینەکەی لەسەر ئەنجامدەدرێت، ئایا جۆری ڕێگای گواستنەوەو کاتەکەی دروست بووە تا گەیشتووەتە تاقیگە، ئایا زانیاری تەواوی نەخۆش و نەخۆشییەکەی لەسەرە.

٤- کەلوپەلەکانی تاقیگە لەگیراوەو ماددە کیمیایی و شووشەکان و بۆیە ڕەنگکەرەکان، ئایا لەڕووی تاقیگەییەوە لەبارو گونجاون بۆ بەکارهێنانیان.

٥- جۆری ئەو ڕێگایەی کە پشکنینی پێ ئەنجامدەدرێت، تاچەند متمانەی پێدەکرێت و ڕێگاکە کۆنە یاخوود نوێیە.

٦- ئامێرەکان لەڕووی جۆری و کارکردنیان تەواون و متمانەیان پێدەکرێت.

٧- ئەو پشکنینانەی کە بە مایکرۆسکۆپ سەیر دەکرێت، ئایا مافی تەواوی پێدراوە، یان بەپەلە ڕاپۆرتەکەی تەواوکردووەو ناردویەتی.

## گرانی نرخی تاقیگەکان

قادر ئەحمەد پیاوێکی کاسبەو تەمەنی ٣٥ ساڵە. دانیشتووی شاری هەولێرەو کاتێک لەتاقیگە لەبارەی نرخی پشکنینەکان لێمانپرسی، گوتی:«بەڕاستی نرخەکان بێسەروبەری پێوە دیارەو وەک یەک نین، نۆرینگەکان بەهەوەسی خۆیان بەگوێرەی قەرەباڵغیان نرخ دادەنێن». عەبدولسەمەد قادر، سەبارەت بەنرخی تاقیگە دەڵێ«لەفەرمانگەی تەندروستی نرخ بۆ هەر پشکنینێک دانراوە، بەڵام ئایا تاقیگەکان پابەندی ئەو نرخە دەبن، ئەوەش بۆدڵسۆزی و ویژدانی خاوەنی تاقیگەکە دەگەڕێتەوە». ڕێبوار زرار، لەتاقیگەی شوکریە لەشەقامی پزیشکان دەڵێ، ئێمە پشکنینمان بە ٦ هەزاردینار کردووە، هەمان پشکنین لەشوێنی دیکە بە ١٥ هەزار دینار کراوە. ئەو پشکنینەی کە تایبەت بەدیارکەوتنی نەخۆشی نەزۆکی لەپیاوانە ئێمە بەشەش هەزار دەیکەین لەلای پزیشکانی فەرەنسی کە بەسەردان هاتبوونە کوردستان بە ١٤٥ هەزار کراوە.

ڕێبوار زرار، ئاماژە بەوەدەکات کە هەندێ لەپزیشکان داوای پێدانی ٥٠٪ـی نرخی پشکنین لەو دەکەن کاتێ نەخۆشێک بۆ تاقیگاکەی دەنێرن، ئەگەر نا دەڵێن نەخۆش بۆ تاقیگەی ئێوە نانێرین»پزیشکەکان ڕێککەوتوون لەگەڵ تاقیگەو دەرمانخانەکان بەومەرجەی نەخۆش دەنێرنە تاقیگە کە ڕێژەیەک لەپارەکە بۆ ئەوان بێت. ئێمە ئەو پارەیە دەدەین کێشەمان نییە، بەڵام داوای سەدا پەنجا دەکەن واتا نیواو نیوو کە ئەو ڕێژەیەش زۆرە، چونکە کرێی بیناو کەرەستەکان دەدەین، جگە لەماندووبوونی خۆمان». سەرەڕای هەموو ئەوانەش ڕێبوار دەڵێ، زۆرجار فێڵ لە نەخۆشیش دەکرێت، تاقیگە هەیە خوێن وەردەگرێت و پشکنینی بۆ ناکات ڕاست دەڵێت:»پێڵ PELL —HB»ی کەمە. کە ئەوەش فێڵەو لەنەخۆش دەکرێت.

## جۆری خوێن و گۆڕانی

سەنگەر یاسین (٢٤) لەوبارەیەوە دەڵێ:«٣ساڵ لەمەوپێش پشکنینی خوێنم کرد گوتیان جۆری خوێنت O+ دوای ساڵێک پشکنینم کردەوە گوتیان خوێنەکەت O-، لەو کاتەوە خوێنی من O-». لەوبارەیەوە عەبدولسەمەد دەڵێ تائێستا توێژینەوەکان هیچ ئاماژەیەکیان بەوەنەکردووە کە بەتێپەڕبوونی کات جۆری خوێن لەکەسێک دەگۆڕێت، بەڵام ئەوانەی وادەڵێن کە خوێنیان لەتاقیگەیەک جۆرێک بووەو پاش ماوەیەکیتریش لەشوێنێکیتر جۆرێکیتر بووە، ئەوە یان بەهەڵە کراوە، یان بەهەڵە تێگەیشتووە، چونکە جۆری خوێن لەکەسێکدا ناگۆڕێت و وەک خۆی دەمێنێتەوە.

## سەندیکا ناتوانێت چاودێری تاقیگەکان بکات

بەرپرسی تاقیگەی فێرکاری هەولێر و ئەندامی دەستەی باڵا لەسەندیکای کیمیاگەران عوسمان حەسەن، باس لەوەدەکات کە سەندیکا ناتوانێت سەرپەرشتی پاک و خاوێنی تاقیگەکان بکات، چونکە وەزارەتی تەندروستی ڕێگەی پێنەداون. لەبارەی نرخی تاقیگەکانەوە دەڵێ»لیژنەیەک لەوەزارەتی تەندروستی هەیە، بەڵام ئەو لیژنەیە چالاک نییەو تائێستا کەسی سزا نەداوە». ئەو ئەندامەی باڵای سەندیکای کیمیاگەران ئاماژەیدا کە وەزارەتی تەندروستی هەموو ئەرکەکانی لەلای خۆی گلداوەتەوەو دەسەڵاتی بەسەندیکا نەداوە چاودێری تاقیگەکان بکات، کەچی لیژنەکەی وەزارەتیش ئەکتیڤ نییە. لەبارەی ڕێکنەبوونی ئەنجامەکان ئەویش وەک ئەوانیتر بۆ کەمتەرخەمی و نەزانینی کارمەندەکانی گەڕاندەوەو گوتیشی کە زۆر پشکنین هەیە ئاکامەکەی بەتێپەڕبوونی کات و هۆکاری دەروونی دەگۆڕێت، بەڵام هەندێک پشکنین هەیە کە نابێ ئەنجامی پشکنینەکەی بگۆڕێت وەک مەلاریا، تای ماڵتا و ڕۆماتیزم. عوسمان حەسەن، ئەوەشی خستەڕوو کە زۆرجۆری تری پشکنین هەیە کە بەتێپەڕبوونی کات ڕێژەیەکی کەم لەئاکامی پشکنینەکە دەگۆڕێت، ئەوا شتێکی ئاساییە، چونکە کۆمەڵێک هۆکار کاردەکەنەسەر ئەنجامی پشکنینەکە وەک نانخواردن و جووڵەو لایەنی دەروونی. عوسمان حەسەن، تاقیگەکانی فەرمانگە حکوومییەکان زۆر بەباش دەزانێت و ئامێرەکانی فەرمانگە بەپێشکەوتوو وەسف دەکات. خاڵێکی دیکە لای خەڵک جێگای پرسیارە ئەویش ماوەی دەرچوونی پشکنینە، لەوانەیە هەندێک خەڵک بپرسێت بۆ پشکنینەکەمان دواکەوت، لەوەڵامدا عەبدولسەمەد قادر دەڵێ:«جۆری پشکنینەکان و ئەو ڕێگایەی کە پشکنینەکەی پێ ئەنجامدەدرێت لەگەڵ چەند هۆکاری دیکەی لابەلا وەک تەواوی کارمەندو تێڕوانینی ئابووریانە بۆ پشکنینەکە، دەستنیشانکردنی کاتی خایەنراوی پشکنینەکە دەکەن، نەک تاقیکار».

www.metewe.com



# جوینی بنێشت دڵەڕاوکێ کەمدەکاتەوە

لێکۆڵینەوەکان دەریانخستوە، ڕۆژانە جوینی یەک پارچە بنێشت بۆ ماوەی ٤ ڕۆژ لە هەفتەیەکدا ئاستی ماندبوونی جەستەی مرۆڤ بە ڕێژەی ١٧٪ کەمدەکاتەوەو هاوکات تامی دەم خۆشتردەکات و هەناسەی مرۆڤ فێنک دەکاتەوە .

هەر لە لێکۆڵینەوەکەدا هاتووە، جوینی بنێشت ڕۆژانە ئاستی هۆرمۆنەکانی دڵەڕاوکێ لای مرۆڤ کەمتردەکاتەوە.



# چارەسەری سووتانی دەموچاو بەهۆی خۆرەتاو

گیایەکی وەرزییە و لە بەهاراندا لە ( مانگی: نیسان – ئایار ) دەردەکەوێ، هەرێمی ڕووانی ئەم گیایە ناوچەکوێستان و شاخاویەکانی کوردستانە. گوڵێکی، ڕەنگ مۆری درێژکۆڵە دەگرێت کە زۆر ناسک و بۆنخۆشە. ڕێژەیەکی زۆر لە زەیتی زوو بەهەڵم بووی تێدایە کە ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێ لە چارەسەری برین و سووتان بە تیشکی خۆر. 5 دڵۆپ لە زەیتەکە لەگەڵ 500mg لە قەدی ڕووەکی ئەلۆڤێرا Aloe Vera لێکدەدرێ تاوەکو کرێمی لێ دێ. شەوانە ناوچە سووتاوەکەی پێ چەور دەکرێ، بەیانیش بە ئاوی شلەتێن و سابوون دەشۆردرێ. ئەمە دووبارە دەکرێتەوە تاکو برینەکان بەتەواوی سارێژ دەبن. زەیتی گوڵە خوزامی زۆر بەکارهێنانی تریشی هەیە لەوانە: بۆ چارەسەری ئازاری گوێ، ئازاری پشت، ئازاری جومگەکان هەروەها سەر ئێشەو ئازاری دەمارەکان بەکاردێت.



**خوێنەری بەڕێز، بۆ وەڵامدانەوەی هەرپرسیارێکی تەندروستی لەسەرجەم بوارەکاندا، دەتوانیت پرسیاری تایبەت بۆ فایلی تەندروستی بنێریت. لەلایەن کۆمەڵێک پزیشکی پسپۆڕەوە وەڵامی شیاوت دەست دەکەوێت.**

# پزیشکی وارڤین

پ: هۆکاری ژانی ریخۆڵەکوێرە چییە؟

و: پسپۆری نەخۆشییەکانی هەناو د. عومەر سورچی: هۆکاری زۆرە لەوانە، هەوکردنی ریخۆڵەو برینی نێو ریخۆڵەو گیرانی ریخۆڵەکوێرە. دواتر هەریەکەو بەگوێرەی خۆی دەبێ چارەسەری بۆ بکرێت، بەڵام زۆربەی جار بریتییەلە هەوکردنی کتوپر لەئەنجامی ژەهراوی بوونی خۆراک. بۆ نموونە خۆراکی پیس لە چێشتخانەکان و هەبوونی میکرۆب تێیدا کە دەبێتە هۆی سکچوون و رشانەوەو ژانە سک کە ئەوەیان کاتییە زۆربەی جار دوای دوو رۆژ چاک دەبێتەوە. توشبوو دەبێ ئاو و شلەمەنی زۆربخوات و لەخواردنی چەوری دووربکەوێتەوە. ئەگەر هاتوو ریخۆڵەکوێرە زۆر بەئازار بوو دەبێ یەکسەر نەشتەرگەری بۆ بکرێت. لاببرێت (فرێبدرێت)، ئەگەر لێنەکرێتەوە دەتەقێت و دەبێتە هۆی مردنی کەسەکە.

پ: ژنێکی دووگیانم ئێستا سکم بەرەو پێنج مانگی دەڕوات، لەمانگی دووهەمەوە بەردەوام پشتم ژان دەکات و خوێن دەبینم ئایا ئەو خوێن بینینە ئاساییە؟

و: پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵبوون نەزۆکی د. نازە نین فائق فەرەج: نە. ئەوە ئاسایی نییە، تۆ کێشەیەکت هەیەو پزیشک دەبێ بتبینێ تا بزانرێت هۆکاری چییە. ئایا وێڵاشەکەی لەپێشەوە هاتووە ئایا ملی منداڵدانت هۆکارە بۆ بینینی خوێن و هەبوونی ژان، ئایا زێ بووەتە هۆکاری خوێنبەربوون. لەبارەی پشت ئێشانەکەشت ئەوە ئاساییە، بەڵام ئەگەر رێژەکەی زۆرە دەبێ لەهۆکارەکانی بکۆڵینەوە، چونکە ئەگەر وێڵاشەکە هاتبێتە پێشەوە ئەوە ترسناکە.

پ: مەبەست لەگەڕانەوەی کەوتنەسەر خوێنی بێنوێژی چییە؟

و: پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵبوون د.درەخت ئەرشەد حەوێزی: کەوتنەسەر خوێنی یەکەمە پاش منداڵبوون. ئەگەر دایک شیری بەمنداڵەکەی نەدا ئەوە کەوتنەسەر خوێن پاش شەش یان هەشت هەفتە لەدوای منداڵبوون دەگەڕێتەوە. بۆیە پێویستە دایک ئاگاداری بەکارهێنانی حەبەکانی دژی سکپری بێت و پێش کەوتنەسەر خوێن بەکاریان بێنێت. چونکە کەوتنەسەر خوێن مانای ئەوەیە کە هێلکەدانان پێش پازدە رۆژ روویداوە کە ئەوەش زۆربەی کەس نایزانێت. لەوکاتە ژنەکە ئامادەیی بۆ سکێکیتر و دروستبوونی منداڵێکیتر دەبێت.

پ: پیتاندن واتا منداڵی بلووری تا چەند باشە؟

و: پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنان و منداڵبوون د.جوان سوعاد موراد: لەهەندێک حاڵەتدا زۆر باشە، چونکە هیچ جۆرە بریتێک نییە. ژنەکە ناچارە روو لەمنداڵی بلووری بکات، رێژەی سەکەوتنی دەوەستێتەسەر تەمەنی ژن هەرچەند تەمەنی گەورە بێت ئەگەری سەرکەوتن کەمترە. واتا لەتەمەنی ٣٥ و ٣٦ساڵی بەسەرەوە رێژەی سەرکەوتن کەمتر دەبێتەوە.

**خوێنەرانی بەڕێز بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بەم ناونیشانەی خوارەوە بکەن:**

**ناونیشانی گۆڤار: هەولێر- شاری خەونەکان**

تەلەفۆن: 0662647813

ئیمێل: SHELAN_YASEN@YAHOO.COM



www.netewe.com

# پاقلاوەی زونوست



ئامادەکردنی:

شیرینی نازک

(وەستا سەنگەر یونس)

## پێداویستییەکان

ئارد

زەیت

هێلکە

مەحەلەبی

شیلە

نیشاستە

فستقی هاڕاو

## چۆنیەتی سازکردن

سەرەتا هەویرەکە جوان دەشێلرێت بۆ ماوەی بیست و پاشان بۆ ماوەی خولەک دادەپۆشرێت. دوای ئەو ماوەیە هەویرەکە بەشێوەی لولە خڕ دەکرێت و مەحەلەبی تێدەکرێت. ئینجا دەخرێتە ناو تاوەیەک زەیت و بۆ ماوەی ٢٥ خولەک دادەنرێت تا جوان سوور دەبێتەوە، پاش سووربوونەوەش دەخرێتەسەر سینییەک تا سارد بێتەوە، ئینجا دەخرێتە ناو شیلەو فستقە هاڕاوەکەی دەکرێت بەسەردا.



www.netewe.com

# ناساندنی ١٠٠ جۆر خواردنی بەسوود

بەرێزان و خولیایانی گیا دەرمانی، باری بژێویتان هەر جۆرێک بێت، گران نییە گەر هەندێک گۆڕانکاری سادە لەسیستەمی خواردەمەنییەکانتاندا ئەنجام بدەن، کە بۆ باشترکردنی باری تەندروستی خۆتان باشە. ڕەنگە ئێوە زیاتر مەیلتان بەلای خواردنە ئامادەکراوەکانەوە (Can Food) هەبێت و ئەوانەتان پێی باشتر و خێراتر بێت، بەڵام چاک بزانن هەرسکردن و بەکاربردنیان لەلایەن لەشەوە ئاسان نییە. چونکە ماددەی پارێزەر (Advocate Matters)ی ناو قوتووەکان، ئاویتەی کیمیایی ئاڵۆز و زیانبەخشن کە زۆر خواردنیان هۆکاری سەرەکی دروست بوونی شێرپەنجە جۆربەجۆرەکانە (Various Cancers). ئێمە هەمیشە وا ڕاهاتووین کە چ شتێک بەتام و خۆشە ئەوەیان باشە! جا ئەگەر پریش بێ لە سێ ژەهرە سپی یەکە. (مە بەستم خوێ و شەکر و چەورییە). تا نەخۆش نەکەوین نرخی لەشساغیمان نازانین. خۆپاراستن لە چارەسەر باشترە، ئەمە ئامۆژگاری پزیشکانی بەویژدانە. خوێنەری بەرێز ئەو کۆمەڵە خواردنەی بۆمان ئامادەکردوون ١٠٠ دانە لەوخواردنانەیە کەوا ئێمە ڕۆژانە دەیانبینین و دەیانخۆین، بەڵام نازانین چییان تێدایەو بۆچی باشن؟ دەکرێ وەک دەرمان بەکاربهێنرێن یا نە؟ بەهیوابن لەگەڵ هەر ژمارەیەکی وارڤیندا لەم خشتەیە سوود وەربگرن.

100

Cor Mîwey

Be Sud

| ناو: | گرنگترین مادده: | گرنگترین سوود: |
|---|---|---|
| ٤١- ماسی ئیسمەری  | ڤیتامین: E، کالیسیۆم CA++، سلینیوم SL، ترشی ئەمینی بنچینەیی Amino Acid Essential وەکو: Omega – ٣. | خواردنێکی نموونەییە بۆ تەندروستی کۆئەندامی سوڕان CVS، هەروەها هاوسەنگی هۆرمۆنەکانی گەشە Growth Hormones و ڕادەگرێت و چالاککارێکی بەهێزی بەرگری لەش Immunity. |
| ٤٢ -کاڵەک(گندۆرە)ی زەرد  | ڤیتامین: C، کالیسیۆم CA++، فسفۆر S، پۆتاسیۆم K+، مەگنیسیوم MG، بیتاکارۆتین. | سەرچاوەیەکی سەرەکی کانزا تواوە Solves Minerals پێویستییەکانی لەشی مرۆڤە، بۆیە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ڕاگرتنی هاوسەنگی خوێیەکانی لەش هەیە Electrolyte Balance. باشترین شێوە ئەوەیە بەتەنیا بخۆرێ تاکو سوودی تەواوی لێوەربگیرێ. |
| ٤٣- کولەکەی ببایا  | ڤیتامین: C، کالیسیۆم CA++، فسفۆر S، پۆتاسیۆم K+، مەگنیسیوم MG، بیتاکارۆتین. | کرداری هەرس Digestion چالاک دەکات، هەوکردنی گەدە Gastritis و قەبزی Constpation لادەبات، دژەمشەخۆر Anti Parasite و دژی شێرپەنجەیە Anti Cancer، هەروەها دژە ژەهراوییبوون Anti Poisoning ە. |
| ٤٤ -بادەم (باوی)ی سەوز  | ڤیتامین: B٢، E، B٢، کالیسیۆم Ca++، فسفۆر S، مەگنیسیۆم Mg، پۆتاسیۆم K+، ترشی فۆلیک (Folic Acid). | سەرچاوەیەکی سەرەکی پرۆتینی ڕووەکییە Alimal Protiens، خۆراکی بەهێزی گەشەی Growth منداڵە بەتایبەت تەمەنی سەروو سێ ساڵ. |



سەرچاوە:


1- Kurdish heritage – SMD; 2006.

2- www.academiainternational.com


سیراجەددین مەحمود

www.netewe.com



# ئەو هونەرمەندەی مـێـشـکـی بەرگدوورەکانی بردووە

حەزم لـ

www.netewe.com

## دڵسۆز ماوەتی ناسراو بە«خەپە گیان» بۆ وارڤین:

# ـە پیاوێکی لاواز و باڵابەرزە

دڵسۆز ماوەتی ژنێکی ئەسمەرو خوێن شیرینە، کەسایەتییەکی دیاری کۆمیدییەو ئەمەش لەهەڵسووکەوتیدا رەنگی داوەتەوە. ناوی راستەقینەی لاڤە مستەفا حوسێنەو خەڵکی شاری سلێمانییە. نازنازی«ماوەتی» لەباوکییەوە بۆ ماوەتەوە. لەو هەڤپەیڤینەی (وارڤین)دا باس لەکارە کۆمیدیەکانی دەکات و دەڵێ کە هاوسەرەکەی جێیهشتووەو ئەویش چەند کوڕێکی رەفزکردووە.

هەولێر
فۆتۆ: وارڤین

دڵسۆز ماوەتی، لەماڵەوە بەخرپن بانگ دەکرێت و لەدەرەوەش خەڵک پێیدەگوترێت خەپەگیان. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کێشی لەشی ١٨٠ کیلۆبووەو ئێستا بەهۆی وەرزشکردن کێشی بۆ١٥٤ کیلۆ دابەزیوە. دڵسۆز، هۆکاری کارکردنی لەفیلمی کۆمیدی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە بەهۆی زۆری کێشی لەشیەوە هیچ دەرهێنەرێک ئامادەنەبووە لەفیلمە کۆمەڵایەتی و بوارەکانیتردا بەشداری پێبکات. لەگەڵ ئەوەدا بەنیازە کاری کۆمیدی بەجێبهێڵێ، تائێستاش هەر خەریکی ئەو کارەیەو لەدەستپێکەوە تا ئەمڕۆ لە٦٠ فیلمی کۆمیدی دا بەشدار بووە.

سەرەتای کاری هونەری دڵسۆز بە بەشداربوون لەفلیمی(کەسێکی بێ گوناح) دا دەستی پێکردووە. هەروەها لەفیلمی(شەوی زاوایی)، رۆڵی بووکی گێڕاوەو لەو فیلمەدا وەک یەکەم ئەکتەری ژن توانی سنووری دابوونەریت بشکێنێت و لەنێو خەڵکدا بناسرێت. ناوەڕۆکی ئەو فیلمە باس لەدیاردەی«ژن بە ژنە» لەکۆمەڵگای کورستاندا دەکات کە تائێستاش لەهەندێ ناوچەی کوردستاندا ماوە. فیلمەکە وەها بوو کە لەکاتی هاوسەرگیری کوڕو کچێکدا بنەماڵەکان، مەرجی گۆڕینەوەی کچەکانیان دادەنێن و بەوهۆیەوە دەبێتە شەڕیان، دواتر ماڵی زاوا چاوەڕێی ئەوەن کەی زاواکەیان لەشەوی یەکەمدا دەتوانێت ببێتە زاوا، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەکتەری ئەو فیلمە دڵسۆز، حەزی بەهاوسەرەکەی نییە، ناهێڵێت زاوا لێی نزیک بێتەوە. وەک دڵسۆز گوتی، کاتێک باسی بیرۆکەی ئەم فلیمەیان بۆ کردووە رەزامەندی پیشانداوە کە تێیدا رۆڵی بووک بگێڕێت، بەڵام ئەم فیلمە دەبێتە هۆکارێک کە ئەو ئەکتەرە رووبەڕووی چەندین قسەوقسەلۆکی خەڵک ببێتەوە.«بەشداریکردن لەو فیلمەدا بەخزمەتکردن دەزانم و لەروانگەی هونەرییەوە، پەشیمان نیم کە بەشداریم لەم فلیمەدا کرد، بەڵام لەروانگەی دابوونەریتی کۆمەڵایەتییەوە زۆر پەشیمانم، چونکە تائێستاش خەڵک، لەو خزمەتە گەورەیەی من تێنەگەیشتووەو بەچاوێکی نائاسایی، سەیردەکرێم».

دڵسۆز، ئێستا لەگەڵ گروپی (تەبایی) گرێبەستی کردووەو بڕیارە مانگانە فیلمێکی کۆمیدی بڵاو بکەنەوە. خۆشترین کاتی دڵسۆز، وەک خۆی

www.netewe.com

گوتی ئەو فیلمە کۆمیدیانەبووە کە لەگەڵ ئەکتەری کۆمیدی ئەیام ئەکرەم(شەمۆ) بەشداری کردووە. چونکە لەکاتی وێنەگرتنی فلیمدا شەمۆ، بەرامبەری وەستاوە، تا پێبکەنی و بەوهۆیەشەوە دڵسۆز، هەڵەی کردووە. لەبارەی داهاتی ئەو فیلمانەی تێیدا بەشداربووە، دڵسۆز گوتی کە پێشتر لەهەر فیلمێک نزیکەی٣٠٠ تا٤٠٠ دۆلاری وەردەگرت، بەڵام ئێستا بازارەکەی بەو شێوەیە نەماوەو هەرکەسەو بۆ خۆی گرووپێکی دروستکردووەو هەموو هەفتەیەک فیلمێک دەکەوێتە بازار.«ئێستا نزیکەی(١٥٠تا٢٠٠) دۆلار لەهەر فلیمێک وەردەگرین». دڵسۆز ماوەتی جگە لەوەی ئەکتەرێکی کۆمیدییە، هاوسەرێتییەوە، هاوسەرەکەی بەجێیدەهێڵێت و روو لەهەندەران دەکات، بەوهۆیەوە لەچاوەڕوانیدا دەمێنێتەوە«ژیانی هاوسەریم بەخۆشەویستی پێکهێنا». دوای دوو ساڵ لەچاوەڕوانی هاوسەرەکەیدا لەجیاتی گەڕانەوە، هاوسەرەکەی تەڵاقنامەی بۆ دەنێرێتەوەو بەوشێوەیە دڵسۆز، لەهاوسەرەکەی جیا دەبێتەوە. لەبارەی دووبارە دەستپێکردنەوەی خۆشەویستی و پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی، دڵسۆز ماوەتی، دەڵێ کە تائێستا زۆر ڕەفزی بەکوڕ داوە»ئەوە نەبێت خۆم هەڵکێشم، بەڵام ڕەنگە کەسێکم خۆشویستبێت لەڕووم نەهاتووە پێیبڵێم خۆشمدەوێی، لەوانەیە پێشیبڵێم مەرج نییە ئەو ڕازی بێت. ئەگەر دەکات هەموو کارێکی ناوماڵی پێبکەن، تەنیا پێینەڵێن گسک هەڵگرەو ماڵ پاککەرەوە. بەهۆی بەشداریکردنی لەبەرنامەیەکی پێشبڕکێی کێشدابەزین لەزاگرۆس تیڤی، لەماوەی ٥ هەفتەدا کێشی لە ١٨٠ کیلۆ بۆ ١٥٤ کیلۆ دابەزیوە.«ئەگەر کێشی لەشم نۆرماڵ بوو، ئەوکات لەگەڵ کەناڵێک گرێبەست دەکەم، تا بەرنامەیەکی کۆمیدی پێشکەش بکەم. حەزدەکەم کێشی لەشم زۆر دابەزێت، تا بەو هۆیەوە واز لەکاری کۆمیدی بهێنم و بەشداری لەفیلمە کۆمەڵایەتییەکان بکەم». دڵسۆز ماوەتی، حەز بەخواردنی ماسی دەکات و زۆریش نان دەخوات و بەردەوام



**دڵسۆز لەگەڵ براکەی**

بەشداری لەکلیپی گۆرانی هونەرمەندانیش کردووە.«پێشتر بەشداریم لەکلیپی هونەرمەندان دانا عەبدولجەبار، شەهێن تاڵەبانی و دواتر بەشداریم لەکلیپی هونەرمەند کەمال محەمەد کرد». دڵسۆز، وەک باسیدەکات زۆر کەس پێیانگوتووە دەنگی خۆشە، تا ببێت بەگۆرانیبێژ، بەڵام ناتوانێت دوو کاری هونەری بەیەکەوە بەڕێوەبات«گۆرانیگوتن لەهونەری کۆمیدی سەختترە، ئەگەر من ساڵێک لەدرامایەک یان لەفلیمێکی کۆمیدی بەشداری بکەم خەڵک هەردەمناسێت، بەڵام ببم بەگۆرانیبێژ ئەگەر هەموو ساڵێک بەرهەمێکم نەبێت، خەڵک لێم دووردەکەوێتەوە».

دوای ئەوەی دڵسۆز، دەچێتە نێو ژیانی خۆشەویستی بکەم بۆ ژیان و منداڵ دەیکەم نە وەک بۆ ڕابواردن».

هەروەها ئارەزووی بەهەڵبژاردنی کوڕێکە کە قەڵەو نەبێت و لاوازبێت.«خۆم قەڵەوم چۆن دەبێ کەسێک هەڵبژێرم قەڵەوبێت، حەز دەکەم پیاوێکی باڵابەرز بێ و قەڵەو نەبێت، هەروەها یاریزان بێت و لەناخەوە جوان و تێگەیشتوو بێت». ئەگەر کەسێک درۆ لەگەڵ دڵسۆز بکات، یان شتێک بە بەرامبەرەکەی بڵێت و بۆی نەکات تووڕە دەبێت. ئەوکاتەش هەست بەخۆشی دەکات کە بەرامبەرەکەی گوێی لێبگرێت.«کاتێ دەچمە دەرەوە خەڵک وەک کەسێکی دڕەندە سەیرم دەکات، بەڵام من لەوە نەرمترم کە ئەوان وێنای دەکەن». دڵسۆز،حەز سەیری نێو بەفرگری ماڵ (سەلاجە) دەکات و هەرچی لەنێوبێ دەیخوات. براژنەکەی لەماڵەوە پێیدەڵێ خڕین و لەدەرەوەش خەڵک پێیدەڵێت خەپەگیان. بۆیە»زۆر حەز بەگۆرانی خەپەگیانی هونەرمەند ئاراس دەکەم». لەبارەی کڕینی جلوبەرگەوە دەڵێ»بەقوماش دەیکڕم و دواتر لەسەر ستایلی نوێ لای بەرگدوورێک دەیدوورم، چونکە جلی ئامادەم بۆ نابێت، لەڕاستیدا مێشکی بەرگدوورکەیشم بردووە». دڵسۆز، بۆ نێوماڵ و دەرەوە جلی سێ چارێگ لەبەردەکات و بۆ فیلمیش جلی کوردی لەبەر دەکات. دڵسۆز سەرسامی هونەرمەندی میسری عادل ئیمامەو وەک گوتیشی سەیری کارەکانی هەموو هونەرمەندانی کوردستان دەکات.

# ئەرێ ئەوەیە دۆبلاژی كوردی..؟!

حەمەسوار عەزیز

ڕەنگە سەرەتای دەركەوتنی كاری دۆبلاژكراوی كوردی لەهەرێمی كوردستان، بۆ ناوەڕاستی نەوەدەكانی سەدەی ڕابردوو بگەڕێتەوەو بەدەركەوتنی تیڤی و كۆمپانیا ئەهلییەكان دەروازەی كاری دۆبلاژكردن فراوانتر بوو. ئەوەبوو چەند كۆمپانیایەك كەوتنە وێزەی دۆبلاژكردنی دەیان فیلم و زنجیرەی تەلەفزیۆنی، لەپێشەنگی ئەم كۆمپانیایانەش لەهەولێر هەردوو كۆمپانیای (ڕەنگار و ئەیڤیلاین) دێن. لەهەنگاوە سەرەتاییەكاندا ڕەنگار و ئەیڤیلاین لەم بوارەدا توانیان تارادەیەك سەركەوتن بەدەسبیهنن و لەلایەن بینەرەوە بەگەرمی پێشوازی لەكارەكانیان بكرێت. بەتایبەت هەردوو زنجیرەی تەلەفزیۆنی (چیرۆكی خۆشەویستییەكی خەمناك) و (گەوهەری كۆشك). بێگومان هۆكاری سەركەوتنی ئەم دوو زنجیرە درامایەو ژمارەیەك زنجیرەی دواتریش كەلە تیڤییەكان نمایشكران، ڕەنگە زۆرینەیان پەیوەست نەبن بەئاستی هونەری خودی دۆبلاژكردنەكە، بەقەد ئەوەی پەیوەندی بەبوونی بۆشایی گەورە لەنێوەندی دراماو سینەما هەیە. لەگەڵ بوونی نەوەیەكی تازە لەبینەری تەلەفزیۆن كە جگە لەزمانی كوردی لە زمانیتر تێناگەن. یەكێك لەبنەما هەرە سەرەتاییەكانی كاری دۆبلاژكردن، دەستپاكی و ئەمانەتە، هەرچەندە ئێمە دەزانین زۆرینەی زۆری ئەو كارانەی كە لەكوردستان دۆبلاژ دەكرێن بەبێئاگاداری كۆمپانیای بەرهەمهێن دەكرێت، ئەمەش پێشێلكردنێكی دیاری یاسای خاوەندارێتی كاری هونەرییە، كە بەداخەوە لەكوردستان كاری پێناكرێت. ئەگەر كۆمپانیاكانی بەرهەمهێنانی دراما و فیلم بزانن كە بەرهەمەكانیان بەمشێوە سەرەتاییە لەكوردستان دۆبلاژ دەكرێت، هەڵوێستی یاسایی وەردەگرن و ڕەنگە داوای قەرەبووی زۆر گەورە لەو كەس و لایەنانە بكەن كە كارەكانیان دۆبلاژ دەكەنەوە. بەڵام كە ئەوان پێینازانن با بەلایەنی كەمەوە كۆمپانیاكانی خۆمان ڕێز لەكاری ئەوان بگرن و كارەكانیان بەدەستپاكی و ئەمانەتەوە دۆبلاژ بكەن، نەك كۆمپانیا بەئارەزووی خۆی بكەوێتە وێزەی كارەكتەر و دیالۆگەكانی بەرهەمە دۆبلاژكراوەكەو بیانگۆڕێت و چۆنی پێخۆشبێت ناویان لێبنێت و قسەكانیان بگۆڕێت، بەتایبەت ئەگەر كارەكە كۆمیدی بێت. ئەو برادەرانەی لای خۆمان چی قسەو قسەلۆك و ناو و ناتۆرەی سووك وچروك هەیە دەیخەنەسەر زاری ئەو كارەكتەرانە، تا بینەر ڕازیبێت و بەدیار كارەكانیانەوە پێبكەنێت. ئەوەتا درامایەكی میسری لەژێر ناوی (عەباس و شەش ژنەكە) دۆبلاژكراوە، كۆمپانیای ئەیڤیلاین بەئارەزووی خۆی بەنێو دیالۆگەكانی كەسەكان كەوتووەو زۆرینەی زۆری دیالۆگەكانی كردووەتە قسەی بازاڕی و فۆرمی كەسایەتییەكانی بەئارەزووی خۆی شێواندووە. یان فیلمێكی هونەرمەندی كۆمیدی عادل ئیمام، بەو شێوەیە ناشیرین دەكرێت، چەندین وشەی وەك (شاپاوە.. فەردە مكیاج..حەسەن كەچەڵ..سەركەستوور.. حەسەن سەر مەسینە..قوشتەپەو تەقتەق.. زرگوز..حاجی زولێخای داپیرم....ملدرێژ..گەمژە.. دەعوەتی فەلافل)دەخزرێنە فیلمەكە. جا نازانم ئەگەر ئەوە مەهزەلەو سنووربەزاندن نەبێت بۆسەر كۆمیدیاو هونەمەندێكی گەورەی وەك عادل ئیمام، چی ناودەنرێت؟

ئەلف و بێی كاری هونەری هاوتابوونی لۆكەیشن و زمانە، لەنێو لۆكەیشنێكی عەرەبی میسری باسی تاكی كورد دەكەن، ئەگەر وابزانن بەمشێوەیە ئەم بەرهەمانە دەكوردێنرێن، بەهەڵە لەوشەی كورداندن گەیشتوون. چونكە مافی ئەوەیان نییە بەرهەمەكان بكوردێنن، تەنانەت دۆبلاژكردنەكەشیان ناشەرعییەو بەكوردیكردنیش بەدوو قسەی ناشیاو دروست نابێت و ڕەنگە شایستەترین ناساندن بۆ دۆبلاژكردنی ئەم بەرهەمە كۆمیدیانە ئەوەبێ پێیبگوترێت (مەهزەلەی دۆبلاژی كوردی). لایەنێكیتری ئەم كارە دۆبلاژكراوانە دووبارەبوونەوەی دەنگەكانە. ئەو دەنگانە ئەوەندە دووبارە دەبنەوە كە هیچ میسداقیەتێكیان لای بینەر نەماوە، بۆ نموونە دەنگی خاتوو (ن) كە یەكێكە لە ئەكتەرە هەرە باشەكانی بواری دۆبلاژ بەسەلیقەوە ئەدای دەنگ دەكات. دەنگی ئەم خاتوونە ئەوەندە بەكارهاتووە، خەریكە ئێمە وەك بینەر باوەڕ بەگوێچكەی خۆمان نەكەین، ئەوەتا لەفیلمێكی كارتۆن بەكاردێت، چەند خولەكێكی تریش دوای ئەوە لەدرامایەك دەنگی كچێكی ئەمریكی ڕەشە، دواتر لەفیلمی شەو دەنگی كچێكی شۆخ و شەنگی هیندییە. من نازانم وەك بینەرێك تۆن و لەرەلەرەكانی ئەو دەنگە لەگوێچكەمدا بەچی لێكبدەمەوە بەكارەكتەرێكی كارتۆنی یان كچێكی ڕەشی ئەمریكی، یان كچێكی عاشقی هیندی، ئەمەیان پرسیارێكە با خاتوون و ئەكتەرە دۆبلێرەكان بەدوای وەڵامدانەوەیدا بگەڕێن. خاڵێكیتر نەگونجانی دەنگ و ڕەنگە لەڕووی سایكۆلۆژییەوە، زۆرجار پێویست دەكات كە پاڵەوانی فیلم دەنگێكی نەرم ومەقبووڵی هەبێت، تۆنی دەنگیشی لەگەڵ قەبارەی جەستەو ئەندازەی ڕوخساری تا ڕادەیەك گونجاو بێت، بەڵام بەداخەوە ئەم كارە دۆبلاژكراوانە ناتوانن ئەم ئاوێتەبوونە دروستبكەن. بۆ نموونە ئەو دەنگەی ئەدای عادل ئیمام دەكات لەفیلمی (مورجان ئەحمەد مورجان)، سەدو هەشتا پلە لەدەنگی عادل ئیمام دوورە، تۆ كە فیلمێكی عادل ئیمام دۆبلاژ دەكەیت، دەبێ ئەوە بزانێت كە بینەر عادل ئیمامی، دەرك كردووە، چ وەك شێوەو جوولە یان وەك دەنگ و شێوازی قسەكردن. تۆ ئەگەر نەتوانی هەر هیچ نەبێت كەسێك بدۆزیتەوە تۆنی دەنگ و شێوازی قسەكردنی تا ڕادەیەك لە عادل ئیمام، بچێت ئەم فیلمە دۆبلاژ نەكەیت باشترە. لایەنێكیتری ئەم كارە دۆبلاژكراوانە نەشارەزایی ئەو ئەكتەرانەیە لە ئەلف و بێی نواندن. چونكە دەنگ بەشێكی زۆری هەستی مرۆڤەكان هەڵدەگرێت و لەزۆرینەی كات تەواوكەری ئەو هەستەیە كە مرۆڤێك لە ڕێگەی ڕوخسارەوە دەیبەخشێت، چونكە هەستی ناوەوەی مرۆڤ بەشێوەیەكی كاریگەر كار دەكاتە سەر ماسوولكەكانی مرۆڤ و لەئاكامدا دەنگ و ڕەنگی هەمان ئەو هەستە دەبەخشن، كەچی جێگەی داخە لەبەشێكی زۆری ئەو كارە دۆبلاژكراوانە جیاوازی هەستی دەنگ و ڕەنگ هەیە. ڕەنگە دۆبلاژكردنی كارێكی هونەری بەتایبەت زنجیرەی دراماو فیلمی سینەمایی ئەگەر كۆمپانیای گەورەو تایبەتمەند نەیكات، بەشێكی زۆری خەسلەتە هونەرییەكانی لەدەستبدات، بەتایبەت لەبواری نواندن و بەكارهێنانی كارتێكەرە دەنگییەكان و هەستەكانی نێو فیلمەكە، بۆیە لەهەموو كاتێكدا ژێرنووسكردن كارێكی زۆر باشترەو هونەریترە بۆ كاری سینەماو دراما، تادەگاتە كاری دۆبلاژ. لەهەمانكاتدا دۆبلاژكردن زیانێكیتر لەبینەر دەدات ئەویش ئەوەیە كە بینەر لەفاكتەرێكی گرنگی فێربوون و ئاشنابوون بەزمانێكیتر بێبەش دەكات.

Hamaswar69@yahoo.com

www.netewe.com

# نازدار جـ
# هـ



1

راپرسی
وارڤین :

www.netewe.com









2 3 4 5

# ـوانترین و دەنگخۆشترین
# ـونەرمەندی ژنە

**لەراپرسییەکی گۆڤاری وارڤین دا هونەرمەند نـازدار، بەجوانترین و دەنگخۆشترین هونەرمەندی ئەمساڵ هەڵبژێردرا. نازدار، ئەنجامی ئەوراپرسییە بە سەرکە و تنێکی گەورە بۆ هونەرکەی دادەنێت.**

## خۆشترین دەنگ

وارڤین – تایبەت: ئەم راپرسیە هونەرییەی گۆڤـاری وارڤـین، بەمەبەستی دیاریکردنی جوانترین گۆرانیبێژی ژن، باشترین کلیپ، تێکست و ئاستی هونەرمەندانی ژنی کورد لەمساڵ بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو لەشاری هەولێر ئەنجامدرا. بۆ ئەو مەبەستە١٠٠ فۆرمی راپرسی بەسەر هاوولاتیاندا دابەشکرا. ٤٤٪ ی کۆی بەشداربووانی ئـەم راپرسیە رەگەزی نێربوون و ٥٦٪. رەگەزی مێ لەم راپرسییەدا بەشداربوون.

لەکۆی ١٠٠ کەس کە فۆرمەکەیان پڕکردووەتەوە بەرێژەی ٣٠٪، نازداریان وەک دەنگخۆشترین هونەرمەندی ژن دەستنیشان کردووە. لەدوای نازدار، هونەرمەند چۆپی فەتاح، بەرێژەی ٢٢٪ لەپلەی دووهـەم، لەیلا فەریقی بەرێژەی٢١٪ لەپلەی سێهەم، هانی بەرێژەی ١٣٪ لەپلەی چوارەم و دەشنێ بەرێژەی ١٢٪ پلەی پێنجەمیان بۆ دیاریکراوە. لەوبارەیەوە ئەندازیاری دەنگ ئاکۆ عومەر لەستۆدیۆی میلۆدی هەولێر، پێیوایە دەنگی هونەرمەندانی ژن لەرووی تەکنیکەوە لەچاو ساڵانی پێشوو زۆرباشترە. لەبارەی دەنگی هونەرمەند نازدار، ئاکۆ عومەر، دەڵێ»دەنگێکی زوڵاڵی کوردانەی هەیەو لەگەڵ شێوەکەی گونجاوە، چونکە گۆرانیبێژ دەبێ دەنگی خۆشبێت و شێوەشی بۆ گۆرانیگوتن گونجاوبێت». لەبارەی هونەرمەند چۆپی، ئەوەی خستەروو کە دەنگی زۆرباشەو هاووڵاتیان مافی تەواویان بەدەنگی ئەو هونەرمەندە داوە. بەرای ئاکۆ، هونەرمەند لەیلا مافی ئـەوەی هەبوو پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت، چونکە خاوەن دەنگێکی جیاوازەو دەتوانێ بەهەموو شێوەیەک گۆرانی بڵێت. ئاکۆ، گوتی:«هانی دەنگێکی خۆشی هەیە، وەک ئەوە وایە ئامێری کەمان بژەنێت و دەنگەکەی زیاتر رۆژهەڵاتییە». لەبارەی دەشنێ، دەڵێ:«ناتوانم بڵێم دەنگی بۆ گۆرانیگوتن باشە، بەڵام وەک بوێری لەهەموو گۆرانیبێژەکانی ژن، بوێترە».

## باشترین تێکست

لەرووی هەڵبژاردنی تێکستی گۆرانیبێژان نازدار، بەرێژەی ٢٤٪ـی نموونەکە لەپلەی یەکەمدا هاتووەو لەیلا فەریقی، بەرێژەی ٢٠٪ـی پلەی دووهەمی بەدەستهێناوە. هاوکات چۆپی فەتاح، بەرێژەی ١٨٪، پلەی سێهەم و هانی، بەرێژەی ١٥٪ پلەی چوارەم و دەشنێ، بەرێژەی ١٢٪، پلەی پێنجەمی بەدەستهێناوە. شاعیر و تێکستنووس عەبدولڕەحمان بێلاف، پێیوایە هونەرمەند چۆپی، لـەرووی تێکستەوە لەهونەرمەندانی دیکەی ژن باشترەو نەکەوتووەتەژێر ئەو بارەی کە هۆنراوەی کرچوکاڵ بۆ گۆرانی هەڵبژێرێت. وەک باسیکرد لـەرابـردوودا لەیلا فەریقی تێکستی باشی بۆ گۆرانی هەڵدەبژارد، بەڵام ئێستا چۆپی لەو باشترە. ئەو لەبارەی لاوازی

www.netewe.com

تێکستی گۆرانیگوتنەوە دەڵێ:»گۆرانی بەهێز چەند بنەمایەکی هەیە، ئاواز، دەنگ، موسیقاو ئەندازەی دەنگە. ئەوەی گرنگ بێ تێکستە، کورد لەچاو گەلانیتر مێژوویەکی دووری نییەو تێکستنووسانی کورد تائێستا لەدەستپێکدان». هەروەها دەڵێ»چەند تێکستنووسێک هەوڵی جیدیان داوە، بەڵام بەوشێوەیە نییە کە ئێمە ئاواتمانە، چونکە هەندێ لەو تێکستانە کاری هونەری هونەرمەندان سەقەت دەکەن. هۆنراوەی گۆرانی نابێت هەر قسەی رووتی بێبنەما بێت، بەڵکو دەبێ هەست، سۆز و چیرۆکێک بوروژێنێت. هۆنراوەی گۆرانی تایبەتمەندی خۆی هەیەو تەنیا بۆ توێژی رۆشنبیر نییە کاتێک دەکرێتە گۆرانی، نەخوێندەوار و خوێندەوار گوێی لێدەگرێت، ئێستاش بەحوکمی جیهانگیری خەڵک کاتی ئەوەی نییە بیر بکاتەوەو بزانێت شاعیر چی دەڵێت و باسی چیدەکات».

## جوانترین هونەرمەند

لەو راپرسییەدا نازدار، بەرێژەی ٤٠٪ وەک جوانترین گۆرانیبێژی کچ لەلایەن بەشداربووانەوە دەستنیشانکراوە. هاوکات چۆپی، بەرێژەی ٢٠٪ پلەی دووهەم و لەیلا بەرێژەی ١٦٪، پلەی سێهەم و هەریەک لەهانی و لۆکە، بەرێژەی ١٢٪ پلەی چوارەم و پێنجەمیان بەدەستهێناوە. هونەرمەند نازدار، لەوبارەیەوە بە (وارڤین) راگەیاند کە ئەنجامی راپرسییەکە بۆ ئەو سەرکەوتنێکی گەورەیەو ئەوە نیشاندەدات کەلە رێگەی گۆرانیەکانیەوە توانیویەتی بچێتە نێو دڵی خەڵکەوە.»زۆر دڵخۆشم، چونکە رای خەڵک زۆر گرنگە. ئەوە نیشانەی ئەوەیە کەلە رێگەی گۆرانیەکانمەوە توانیومە بچمەناو دڵی خەڵکەوە». نازدار، دەڵێ کە ئەو بەکاری هونەرییەوە زۆر ماندوو دەبێت و شەونخوونی زۆری کێشاوە تا بەو ئاستە گەیشتووە. نازدار دڵخۆشە بەوەی کە بەجوانترین گۆرانیبێژی ژن دیاریکراوە، بەڵام»دەنگەکەم لەجوانییەکەم پێ گرنگترە».

## باشترین کلیپ

لەبارەی ئەوەی کە کلیپی کام هونەرمەند هەڵدەبژێرن بۆ سەیرکردن، ٣٢٪ ی بەشداربووانی راپرسییەکە نازداریان بە یەکەم دیاری کردووە. هەروەها بەپێی ئەنجامەکان لەیلا، بەرێژەی ٢٣٪ پلەی دووهەم، چۆپی، بەرێژەی٢٠٪ پلەی سێهەم و لۆکە بەرێژەی ١٥٪ لەپلەی چوارەم و کانی بەرێژەی ١٠٪ پلەی پێنجەمیان بەدەستهێناوە. لەبارەی باشترین کلیپی گۆرانیبێژانەوە، دیسان نازدار بەرێژەی٣٦٪ پلەی یەکەم و هەروەها لەیلا بەرێژەی ٣٣٪ پلەی دووهەم و هانی بەرێژەی ٣١٪ پلەی سێهەمیان بەدەست هێناوە. لەوبارەیەوە دەرهێنەری کلیپ و مۆنتێر، بۆتان عەبدوڵڵا، دەڵێ کلیپکردن بەشێوەیەکی گشتی بەتایبەت کلیپی گۆرانیبێژانی ژن »لەئاستێکی زۆر بەرز دانییە، تا هەڵسەنگاندنیان لەسەر بکرێت، چونکە کورد تائێستا خاوەن کلیپی پرۆفیشناڵ نییەو زۆربەی گۆرانیبێژەکان کاتێک کلیپ دەکەن بیرلەوە ناکەنەوە کە کلیپەکەیان تاچەند سەرکەوتووە، تەنیا بیرلەوەدەکەنەوە رەنگ و شێوەو ناویان بەدەربکەوێت و خەڵک بیانناسێت». بۆتان، دەڵێ، کلیپە عەرەبی و تورکییەکان، جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ کلیپە کوردییەکاندا هەیەو ئەوان پارەیەکی زۆر لەکلیپەکانیان خەرج دەکەن کە ئێمە بەو پارەیە دەتوانین کەناڵێکی ئاسمانی دابمەزرێنین. ئەو دەڵێ»کلیپەکانی نازدار، تارادەیەک لەچاو کلیپەکانی لەیلا و چۆپی باشترە».

## ئاستی هونەرمەندانی ژن

سەبارەت بەئاستی گۆرانیبێژانی ژن بە بەراوورد لەگەڵ ساڵی پێشوو، بەشداربووانی راپرسییەکە بەرێژەی ٣٢٪ بەشداربووان پێیانوایە کە ئاستی هونەرمەندانی ژن بەبەراورد لەگەڵ ساڵی رابردوو زۆر باشە. هاوکات ٣٠٪ـی بەشداربووان پێیانوایە ئاستی گۆرانیبێژانی ژن باشە. رێژەی ٢٤٪ـیش بڕوایان وایە کە ئاستەکە ماماناوەندییەو رێژەی ١٤٪ش دەڵێن ئاستی گۆرانیبێژانی ژن خراپە.

ئاوازدانەر وریا ئەحمەد، لەوبارەیەوە دەڵێ»جاران هونەرمەندی دەنگخۆشی وەک دایکی جەمال و عەیشەشان و مریەم خان و هەندێکیتر هەبوون، بەڵام ئێستا خەمساردییەکی زۆر هەیە لەلایەن گۆرانیبێژانی ژن لەڕووی دەنگخۆشی و ئەداکردنەوە. چونکە ئێستا گۆرانیبێژ زۆر گرنگی بەگۆرانییەکە نادات ئەوەندەی گرنگی بەخۆدەرخستن و لاساییکردنەوە دەدات، بۆیە دەتوانم بڵێم ئاستی هونەرمەندانی ژن لەمساڵدا بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو ماماوەندە».

وریا، دەڵێ»کاتێک دەتوانین بڵێین ئاستیان باشە یان زۆر باشە کە کچان بەشێوەیەکی ئەکادیمی کاری هونەری بکەن و دەنگیان بۆ گۆرانیگوتن لەبار بێت، تابتوانن لەسەر رێچکەی کوردی برۆن».

پرسیارەکانی راپرسی وارڤین لەبەشداربووان

١. دەنگی کام گۆرانیبێژی ژنت پێخۆشە؟

٣٠٪ نازدار.

٢٢٪ چۆپی فەتاح.

٢١٪ لەیلا فەریقی.

١٣٪ هانی.

١٢٪ دەشنێ.

٢. تێکستی کام گۆرانیبێژت پێ باشە؟

٢٤٪ نازدار.

٢٠٪ لەیلا فەریقی.

١٨٪ چۆپی فەتاح.

١٥٪ هانی.

١٢٪ دەشنێ.

٣. بەڕای تۆ جوانترین گۆرانیبێژی ژن کێیە؟

٤٠٪ نازدار.

٢٠٪ چۆپی.

١٦٪ لەیلا فەریقی.

١٢٪ هانی

١٢٪ لۆکە

٤. کلیپی کام گۆرانیبێژت پێ باشە؟

٣٢٪ نازدار.

٢٣٪ لەیلا فەریقی.

٢٠٪ چۆپی.

١٥٪ لۆکە.

١٠٪ هانی.

٥. باشترین سێ کلیپی گۆرانیبێژانی ژن دەستنیشان بکە؟

١. ٣٦٪ نازدار.

٢. ٣٣٪ لەیلا فەریقی.

٣. ٣١٪ هانی.

٦. بەڕای تۆ ئاستی گۆرانیبێژانی ژن لەمساڵ بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو چۆنە؟

٣٢٪ زۆرباشە

٣٠٪ باشە.

٢٤٪ ماماوەندە.

١٤٪ خراپە.

**رۆشنە عومەر**

# ئەتەکێتی نووسینگە



کنێر عەبدوڵلا

ئەتەکێتی نووسینگە بەمانای ئەتەکێتی هەڵسووکەوت، لەشوێنی کارکردن دێت، بەڵام ئەمجارە مەبەست لێی ئەو ژوورەیە کە فەرمانبەر لێی دادەنیشێت و پێشوازی لە کارئاشناکانی دەکات. پێویستە ئەو رێسایانە بزانین کە لەنێو ئەو چواردیوارەدا پەیرەو دەکرێت؟

١- سڵاوکردن لەکاتی چوونە ژورەوەدا، فەرامۆشکردنی ئەوکەسایەتییانەی بۆ یەکەم جار دێنە نووسینگەکەت و سڵاولێنەکردنیان شتێکی ناشرین وناشایستەیە. هەرچەندە پۆستەکەت پۆستەچی یان لێپرسراو بێت. سەبارەت لێپرسراوی کار، یان بەرێوەبەری نووسینگە یاخود سکرتێرە، هەڵەیە گەر چاوەروانی لێپرسراوەکەیان بکەن، بۆ ئەوەی دەستبەجێ داوای جێبەجێکردنی کاری لێبکەن. بەڵکو پێویستە بە سڵاوکردن دەسپێشخەربن پاش چوونە ژوورەوەی بۆ نووسینگەکەی وپشودانی لە ماوەیەکی کەمدا.

٢- رەفتارکردن لە نووسینگەی کەسانی دیکە، لێرەدا مەسەلەکە لەمەر پەیوەندی میواندار بە میوانەکانییەوە زۆر ناگۆرێت. لەهەر شوێنێکدا بێت تەنانەت لەماڵەوەش. ئەو کاتەی رووەدەکەیتە کەسێک و تۆ میوانەکەیت و ئەویش میواندارەکە، ئەگەر کەسێکت بانگ کرد بۆ نوسینگەکەت تۆ میواندارو ئەویش میوانەکە واتە بە شێوەیەکی ریزبەندی رۆڵەکان ئاڵوگۆر دەکرێن .

٣- ئەرکەکانی میوان:

- پابەندبوون و مۆڵەت وەرگرتن پێش چوونە ژوورەوە بۆ نووسینگەی کەسانی دیکە.
- رەفتارکردن بەشێوەیەک نەبێتە، مایەی بێزاربوونی میواندار وەک ئەوەی لە نووسینگەی خۆتدا بیت.
- بڵاونەکردنەوەی کاغەزودانەنانی جانتا، لەسەر مێزەکەی.
- درێژەنەدان بەکاتی سەردان. واز لەمیواندارەکە بهێنە کاتەکە دیاری بکات لەبەر ئەوەی گەر ئەوەی دەیڵێت جێی بایەخی بوو ئەوهەستەت پێدەبەخشێ.

٤- ئەرکەکانی میواندار:

- بەخێرهاتنی میوان و پترکردنی حەوانەوە بۆی.
- ئەگەر سەرقاڵ بوویت دەکرێت داوای یارمەتی لە برادەرەکەت بکەیت لەکاتی نەبوونی بەرێوەبەرێک بۆپێشوازیکردن لە نووسینگەکەدا. کاتی چوونە ژورەوەی بۆ نووسینگەکە دەستبەجێ هەستەو بۆ پێشوازیکردنی بچۆ دەرەوەو تەوقەی لە گەڵدا بکە.
- ئاراستەکردنی بە ئاماژەکردن بۆ شوێنی دانیشتن.
- لەکاتی چوونە دەرەوەی میوانەکە لە نووسینگەکەت، مەهێڵە بەتەنیا بروات و پێویستە تا دەرگای سەرخەرەکە، یان پلیکانەکان هاورێیەتی بکەیت نەک تەنیا لەبەر پابەندبوونت بە رێساکانی ئەتەکێت، بەڵکو لەپێناوی زامنکردنی ئارامی بۆی.

www.netewe.com

# ئەستێرەکان

## کاوڕ



٣/٢١-٢٠-٤

ئەمڕۆ ڕۆژی بەختت نییەو ڕووبەڕووی چەندین ڕووداوی چاوەڕواننەکراو دەبیتەوەو چەندین کێشەت بۆ دروست دەبێت کە چارەسەریان ئاسان نییە، لەڕووی سۆزدارییەوە خۆشەویستەکەت هیلاک مەکە بەداواکارییە بێکۆتاییەکانت.

## گا



٤/٢١- ٢٠-٥

خۆت سەرقاڵ مەکە بەزیاتر لە پرۆژەیەک و هەوڵبدە سەرنجت بخەیتەسەر یەک ئامانج. بۆ ئەوەی بتوانیت تێیدا سەرکەوتوو بی. لەڕووی سۆزدارییەوە بەڵێنێک مەدە بەخۆشەویستەکەت کە ناتوانیت جێبەجێی بکەیت.

## دوانە



٥/٢١ - ٦/٢١

ئەمڕۆ بارودۆخەکە هێمن دەبێت و کارەکانت بەو شێوەیە بەڕێوەدەچێت کە خۆت پلانت بۆ داڕشتووەو هیچ شتێک لەئارادا نییە بۆ ئەوەی تووشی دڵەڕاوکێت بکات، لەڕووی سۆزدارییەوە هەوڵبدە متمانەت بەخۆشەویستەکەت هەبێت ئەو بەرژەوەندی تۆی بەلاوە گرنگە.

## قرژاڵ



٦/٢٢ - ٧/٢٢

ئەمڕۆ کۆمەڵێک کۆبوونەوەت دەبێت کە ناچارت دەکات هەندێک لەکارەکانت دوابخەیت بۆ سبەی، لەپەیوەندییە سۆزدارییەکەتدا خۆپەرست مەبەو مافی خۆشەویستەکەت جێبەجێبکە.

## شێر



٧/٢٣-٨/٢٢

پێویستە ئەمڕۆ زۆر ئاگاداری هەڵسووکەوتەکانت بیت. لەوانەیە کارێک ئەنجامبدەیت کە کاریگەری خراپ لەسەر ژیانت بەجێبهێڵێت. لەڕووی سۆزدارییەوە هەستدەکەیت خۆشەویستەکەت کۆمەڵێک هۆکاری ناواقعی دەخاتە بەردەمت بۆدواخستنی هاوسەرگیرییەکەتان.

## گوڵەگەنم



٨/٢٣-٩/٢٢

بەرەشبینی سەیری ئەم بارودۆخەی ئێستای ژیانت مەکەو هەوڵی گۆڕانکاری بدە بەرەو باشکردنی ژیانت، لەڕووی سۆزدارییەوە هەستدەکەیت خۆشەویستەکەت وەک رابردوو گرنگیت پێنادات و هەمیشە هەوڵی دوورکەوتنەوەت لێدەدات.

## تەرازوو



٩/٢٣-١٠/٢٣

ئەمڕۆ زۆر توند مەبە لەسەر بۆچوونەکانت و هەوڵبدە گۆڕانکارییەکان قبوول بکەیت چونکە ڕەنگە بەرژەوەندی تۆ لەوەدابێت، لەڕووی سۆزدارییەوە بیرت بلاو دەبێت بەهۆی کێشە جۆراوجۆرەکانت لەگەڵ خۆشەویستەکەت.

## دووپشک



١٠/٢٣-١١/٢١

پێویستە ئەمڕۆ هیچ سەرکێشییەک نەنوێنیت و لەهیچ پرۆژەیەکی وەبەرهێناندا بەشداری نەکەیت پێش ئەوەی زانیاری تەواوت لەسەر کۆ نەکردبێتەوە، لەڕووی سۆزدارییەوە کەمتەرخەمیت دەربارەی خۆشەویستەکەت و ئەوەی شایستەیەتی پێینابەخشیت

## کەوان



١١/٢٢-١٢-٢١

پێویستە هەموو هەوڵەکانت بخەیتە کار بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانت و ڕێگە نەدەیت هیچ کۆسپێک ببێتە ڕێگر لەبەردەم هێنانەدی سەرکەوتنەکانت، پێش دەستکردن بەکارە نوێیەکەت باشتروایە بیروبۆچونی خۆشەویستەکەت وەربگریت.

## گیسک



١٢/٢٢-١/١٩

کەسێک دەیەوێ لەبیرۆکەو بڕیارەکانت داتببڕێت هەوڵبدە پەشیمان نەبیتەوە، لەڕووی سۆزدارییەوە هەڵسووکەوتەکانی خۆشەویستەکەت ماندوو و بێزارت دەکات پێویستە خۆڕاگر بیت و کاردانەوەی خراپ نەنوێنیت.

## سەتڵ



١/٢٠-٢/١٨

لەبواری پیشەییدا پێشکەوتنێکی بەرچاوت هەیە. ئارامبگرە شتی باشتر بەدەستدەهێنیت، لەڕووی سۆزدارییەوە ئێستا کاتەکە گونجاو نییە بۆ باسکردنی هاوسەرگیری لەگەڵ خۆشەویستەکەت.

## نەهەنگ



نەهەنگ ٢/١٩-٣/٢٠

ئەمڕۆ بەخت بۆت پێدەکەنێت و سەرکەوتنی گەورە بەدەست دەهێنیت. پێویستە لەڕووی سۆزدارییەوە لەهەڵسووکەوت کردن لەگەڵ خۆشەویستەکەت هێمن بیت. کێشەکان بەتووڕەیی چارەسەر نابن.

www.netewe.com

# چیرۆکی گۆرانییەکان: قومریکێ وەز رۆمیمە

قومری ناوی باڵندەیەکی جوان و خۆشئاوازە کە لەناو باڵندەکاندا بەئاواز و تایبەتمەندییە بەدەوەکانی خۆی دەناسرێت. زۆرجار کاتێک دەنگێکی خۆش بەر گوێی مرۆڤەکان دەکەوێت. قسەیەکی وەک:« وەک قومری و چلچلەکان» دێتەسەر زمانی گوێگران. قومری باڵندەیەکی کەمەو وەک بیلدەرچینە. بەپێی رەوشی هەوا ساڵانە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر کۆچ دەکات؟ گردنێکی درێژی هەیە، پەڕێکی رەنگین و دەنووکێکی زراڤی هەیە. لەبەر ئەوەش لەناو باڵندەکاندا بەتایبەتمەندییە بەدەوەکانی خۆی وەک هێمایەک بۆ جوانی و رێکوپێکی دەناسرێت. بۆیە لەناو کورد دا«قومری» بووەتە ناوی کچانیش. ئەڵبەت لەناو فارسەکانیشدا قومری ناوێکی کچانەیە. لەهەرێمەکانی هەکاری و بەهدینان قومری بەناوگەلی تیڤیلک و تیلتیڤک دەناسرێت. لەئەدەبیات و گۆرانییە کلاسیکەکاندا وشەی«قومری» زۆر دەبیسترێت.«گەرووی لە هی قومری دەچێت/وەک قومری بەدەوە». هونەرمەند سەعید یوسف، لە گۆرانییەکی خۆیدا دەلالی و بەدەوی خۆشەویستەکەی وەها باس دەکات:

«چاڤێن تە خۆش چاڤێن خەزالە/ نە چاڤێن خەزالێ ل بەرییە

قریکا تە درێژە دەلالێ/ نە قریکا قازێ یا قومرییە

سنگا تە سپییە هەڤالێ/ نە بەرفا سەرێ چییە

لێڤێن تە شەربەتن کولمالێ/ نە ئاڤا کو دەهەرەکە ژێی کانیەیە»

ئەو گۆرانییە بەشێوەگەلی جۆربەجۆر دەگوترێتەوە. لە کوردستان گەلەک دەنگبێژ، سترانبێژ و هونەرمەندی هەرێمی و بەناوبانگ لەژێرناوی«قومری» گۆرانییان گوتووەو وەک ناو و سیفەتێک بەکاریان هێناوە.



کاکشار ئۆرەمار

هەر گۆرانییەک ناسنامەی خۆی هەیەو تێیدا دیارە کوا کەی و بۆچی و لەکوێ و چۆن دروستبووە یانیش گوتراوە.«قومریک» ناوی گۆرانییەکی فولکلۆریکە کە جاری یەکەم لەهەرێمی بۆتان دوای رووداوێکی ئەڤینداری دروست بووە. سەدەی حەڤدەهەم کاتێک کە عوسمانییەکان لە هەموو وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناڤین دەسەڵاتداری خۆیان بەرپێوە دەبرد. سەربازانی عوسمانی هاتبوونە بۆتان. کوردستانیش یەکێک لەو وڵاتانە بوو کە جگە لەبەشێکی خاکی رۆژهەڵاتی کوردستان (لەژێر دەسەڵاتی سەفەوی دا بوو) هەموو خاکی ئێستای باشوور، باکوور و رۆژئاوای کوردستان لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی دا بوو. لەکاتی سەربازی خۆیدا سەربازێکی رۆمی (عوسمانی) لەهەرێمێکی بۆتان عاشقی کچێکی کورد دەبێت. ناوی کچەکە«قومری»دەبێت. بەڵام لەبەر دەلالی و بەدەوییەتی لەناو خەڵکیدا بە«قومریک» ناوبانگی دەرکردبوو. لە گۆرانیدا ئەڤیندارەکەی«قومری» زۆر باسی دەلالی کچی کورد و رەوشی خۆی دەکات.

قومریکێ وەز رۆمیمە/ لێ دەلالێ وەز رۆمیمە

دە یار یار یار دە یار یار...

بێ تە سەبرا من نایە/ قۆمسۆر و ئەفەندیمە

لێخولامێن چاڤێن رەش- بەلەک/ عاشقێ کچەکا کەیفیمە

قومریکێ سێڤا تو جارا/ لێ دەلال سێڤا تو جارا

کەڤوک ل سەر مینارا/ لێ کەڤوک ل سەر مینارا

حەیفا چاڤێن رەش و بەلەک/ کەتی دەستێ نەیارا

بەپێی قسەی پیران و ئەو کەسانەی کە چیرۆکی ئەم گۆرانییە دەزانن، عەسکەری قۆمسۆری عوسمانی و قومریک نەگەیشتوونەتە یەک یانیش کچە کوردەکە نەیویستووە کە لەگەڵ سەربازێکدا زەواج بکات کە لە کوردستان ناژی و پاش ماوەیەک دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی. هەندێک کەسیش دەڵێن: باوک و برا و کەسووکاری قومریک لەدژی ئەو زەواجە بوون. لەبەر ئەوەش عەسکەرە رۆمییەکە دەڵێ:«حەیفا چاڤێن رەش و بەلەک/ کەتی دەستێ نەیارا

بەهەر شێوەیەک بێت ئەڤینەکەیان سەرینەگرتووە.

هونەرمەندی نەمر مەریەم خان(١٩٠٤-١٩٤٩) کە وەک سەرقافڵەی گۆرانیبێژانی ژن لەهەموو کوردستان دەناسرێت، لەکانی فولکلۆری هەرێمی ژیانی خۆی(بۆتان) سوودی وەرگرتووەو ساڵی ١٩٤٠ لەشاری بەغدا گۆرانی«قومریک»ی لە کۆمپانیای تۆمارکردنی قەوان تۆمار کردووە. جاری یەکەم ئەو سترانە بەدەنگی زەلالی مەریەم خان لە«کوردستانی گەورە»دا بڵاوبووەتەوە. ئەو سۆزەی کەلە دەنگەکەیدا هەیە باشتر مرۆڤ لەگەڵ هەستی ئەڤینداری ئەو سەردەمەدا ئاشنا دەکات. هونەرمەند ئەلماس خان لەگەڵ مریەم خان بەدووانە ئەو گۆرانیەیان گوتووە.

www.netewe.com




# قەرزداری گاروان عومەر

## 10

١-موعین ئیسفەهانی: عەشقی
٢- کازم ساهر: انسی
٣-عەدنان کەریم: پاییز
٤-زەکەریا: لەگەڵ تۆ
٥-گۆران سالح: دوا ماچ
٦-کیژان: دڵی من
٧-عەلی مەردان: غەریب
٨-شوانە شێخانی: ئەی بۆ واتکرد
٩-سبیلجان: کەنەسن
١٠-ابراهیم تاتلیساس: نێ فایدەس ڤار

### کاری ئێستات و پێناسەیەکی کورتی کارەکەت؟

پەیامنێرم لەسەتەلایتی کوردستان، نووسینگەی هەولێر. پێشتر پەیامنێری بەشی کۆمەڵایەتی گۆڤاری گوڵان بووم.

### نزیکترین یان خۆشەویستترین کەست؟

لە دوای دایکم هاوسەرەکەم، کاروان زامدار، خۆشەویسترین کەسە لەلام.

### چۆن بوو کاری بێژەریت هەڵبژارد؟

لە ١-٥-٢٠٠٨ لە راگەیاندن، کاردەکەم. خۆم بەقەرزاری هاورێی زۆر نزیک و بەرێزم، کامەران عومەر، بێژەری کوردستان tv دەزانم کە هاندەری سەرەکی من بوو. ئەو وایلێکردم لەراگەیاندن باشتر خۆم بناسم و خۆم بدۆزمەوە.

### پرۆفایل

**ناو**: ئەوین بەکر قادر
**رەگەزنامە**: کوردستانی
**باری خێزانی**: خێزاندار
**ئاستی خوێندەواری**: قوتابی کۆلێژی ئاداب، بەشی مێژوو.
**شوێنی نیشتەجێبوون**: هەولێر

www.netewe.com

# ئوسامە OSAMA

## شرۆڤەکردنی سیستەمی دەسەڵاتی تاڵیبان بەشێوەیەکی سادەو ڕەوان

**سیروان ڕەحیم**

ترس بەهەموو واتاکانیەوە لە سیمای ئەو کچەدا دەبینین.

ئوسامە هەستەکانی هەمووانی لەگەڵدایە، کاتێک دەبێت بەقوربانی دەستی سیستەمێکی توندڕەو، سیستەمێک دەیەوێ دەسەڵاتی ڕەهای هەبێت، ڕەهابوونێک لەئاستی هەرەباڵای ترسناکیدا..

ناوی فیلم: ئوسامە
ناوی ئۆرژینال: ئوسامە
سیناریۆ: سدیق بەرمەک
دەرهێنان: سدیق بەرمەک
وڵاتانی بەرهەمهێنەر: ئەفغانستان، ژاپۆن، ئیرلەندا.
شوێنی وێنەگرتن: ئەفغانستان
ساڵی پیشاندان: ٢٠٠٣
کامێرا: ئیبراهیم غەفوری
موزیک: محەمەد ڕەزا دەروێشی
مۆنتاژ: سدیق بەرمەک
جۆری فیلم: دراما
٨٣خولەک، ٣٥ ملیم، ڕەنگاوڕەنگ
زمان:پەشتو، داری
وەرگری خەڵاتی گۆڵدن گلۆب، ساڵی ٢٠٠٤ بۆ باشتری فیلمی بیانی.
وەرگری خەڵاتی ڤیستیفاڵی کان، ساڵی ٢٠٠٣، کامێرای زێری (لێژنەی دادوەری).

دەستپێک:

دەرهێنەری ئەفغانی سدیق بەرمەک (١٩٦٢) لە فیلمی ئوسامەدا بەشێوەیەکی سادە و ڕەوان سیستەمی دەسەڵاتداریێتی ئیسلامی توندڕەو شرۆڤە دەکات. توندڕەوی لەئاستی هەرە ترسناکی خۆیدا. دەرهێنەر کە هەر خۆیشی سیناریۆنووسی بەرهەمەکەیە، هاوکات فیلمێکی نایاب و کاریگەر دەخاتە بەر دیدەی بینەر. فیلمێک بەجۆرێک کاریگەرە کە لەگەڵ هەموو دیمەنێک و لەگەڵ هەموو چرکەیەکیدا بینەر ناچار دەکات دەوروبەری خۆی لەبیر بکات.

ئەو سیستەمێکی ئاڵۆزی پڕ لەگرێ بەشێوەیەکی سادەو لەڕوانگەو لەگۆشەی حەزەکانی منداڵێکەوە شرۆڤە دەکات. منداڵێک نەک تەنیا حەزەکانی، یارییەکانی و جوانی لەدەست دەدات. بەڵکو لەژێر ترسی بێئامانی تاڵیباندا منداڵی، کچێتی، ئارامی و سەرجەم ژیانی لەدەستدەدات. کەسیش ناتوانێ بپرسێ، بۆ؟

تاڵیبان، ئەو سیستەمە دەسەڵاتدارییەی نەک هەر گەورەکان دەکات بە کەرەستەی شەڕەنگێزییەکی بێهوودە، نەک هەر ئاواییەکان دەکات بەزەخیرەی شەڕێکی بێبڕانەوەو تا لوتکە وێرانکەر، بەڵکو شوێنێک بۆ منداڵانیش ناهێڵێتەوە تا منداڵێتی خۆیانی تێدا بژین. لەژێر ئەو ساباتەی ئەواندا ساتێک نییە منداڵەکان هەست بەمنداڵی خۆیان بکەن. سیستەمی ئەوان، سیستەمێکە هەموو شت دەکات بەکەرەستەی شەڕ، شەڕێک تەنیا لەپای ئەوەی گرووپەکە خۆی ببێت بەدەسەڵاتدارو«ئەمیرەکان»خۆیان تاکە فەرمانڕەوا بن. «ئەمیرەکان»ڕوح لەهەموو شتێک دەسەننەوەو هەموو شتەکان دەکەن بەخۆڵەمێش، خۆڵەمێشێک کە تەنیا خۆیان دەتوانن گەمەی پێبکەن و چییان ویست ئەوەی لێ چێبکەن.«ئەمیرە باوەڕدارەکان»مەبەستیانە شەڕ بکەن، ئەوان شەڕ بۆ«بەختەوەری مرۆڤ» دەکەن، بۆیە پێویستە هەموو مرۆڤەکان لەفەرمانیان»هەڵنەگەڕێنەوە»و ببن بەکەرەستەی ئەو شەڕەیان. شەڕێکی بێهوودە کە پێویستە بۆ ئەو شەڕەیان لەهەموو مرۆڤەکان، بەمنداڵ و گەورەوە، مێگەلێک دروست بکەن و چۆنیان ویست وایان لێبخۆن.

دەرهێنەر ئەو سیستەمە ترسناکەمان بەشێوەیەکی ڕەوان بۆ شرۆڤە دەکات، بێ زۆر لەخۆکردن و لەڕوانگەی بەسەرهاتی ئوسامەی نەونەمامەوە، نەونەمامێک کە لەبەر ڕەشەبای تاڵیباندا زوو دەشکێتەوە. دەرهێنەر هەمووان لەترسناکی سیستەمێک ئاگادار دەکاتەوە کە هیچ ڕێزێکی مرۆڤی لە کن نییە، تەنانەت هیچ میهر

www.netewe.com




و هیچ بەزەییەک شک نابات. دەرهێنەر بەفیلمی ئوسامە هەمووان لەو ترسە ئاگادار دەکاتەوە، لەترسی دروستبوونی سیستەمی دەسەڵاتدارێتی وەکو تاڵیبان. ئەو سیستەمەی کەلە رووبەری رۆشنبیری عەرەبی و میدیای عەرەبیدا کەسانێک، ژمارەیان کەم نییە، بەردەوام بەهەوێنی هیواو خەوبینینی دەزانن و هەمیشە دەیپارێزن. مایەی ئازار و هاوکات ترسێکی گەورەیە رۆشنبیر و میدیاکار هەبن شیوەن بۆ نەمانی تاڵیبان و سەرانی ئەو گرووپە ترسناکە بکەن.

سەبارەت بە فیلمەکە:

فیلمەکە بەخۆپیێشاندانی ژنانی کابول دەست پێدەکات. خۆپیێشاندانێکی گەورەی ژنانی کابول لەنیگای کامێرای پیاوێکی (رۆژئاوایی)ەوە. لە ئەفغانستانی سەردەمی تاڵیباندا ئەو ژنانەی بێوەژن دەکەوتن، کێشەی گەورەو ئاڵۆزی نان پەیداکردنیان دەبوو. ئەوان نیمچە مەحاڵ بوو کار بدۆزنەوە. ئەگەر کاریشیان دەستگیر بوایە، نەیاندەتوانی بەتەنیا بچنە دەرەوەی ماڵ. هەموو ژنێک کاتی دەرچوون دەبوو هاودەمێکی هەبێت. بۆیە ئەو ژنانە لەو رۆژەدا کە رژاونەتەسەر شەقام و کۆڵانەکانی کابول کێشەی ئاڵۆزی کار یان راستنەبوونی نانیان هەیە. کاتێکیش کابرای رۆژئـاوایـی بەکامێراکەی ئەو دیمەنانە تۆمار دەکات و ئاشکرا دەبێت. هەموو کەس بێگومانە لەوەی چارەنووسی ئەو پیاوە بەرەوکوێ دەڕوات. پاشتر لەدادگایەکی موفتییەکانی تاڵیباندا سزای مەرگ بەسەر ئەو پیاوە رۆژئاواییەدا دەسەپێنن و دەستبەجێ گوللەبارانی دەکەن.

بەڵام ئەمە سەرەتایەکە بۆ پێشاندانی چیرۆکی راستەقینە لەبەرهەمەکەدا. چیرۆکی مەبەست ئەمەیە:

بێوەژنێک کە مێردەکەی لەشەڕی رووسەکاندا کـوژراوە، پیرەدایکێک و کەنیشکێکی دوازدە ساڵانەی هەیە. ژنەکە پەرستارە، بەڵام ئەویش وەکو خانمانی تر ناتوانێ بێ پیاو بچێتەسەر کـار. پیاویشی نییە. کەواتە ناچار دەکرێت دەستبەرداری کارەکەی بێت. کەسیش شک نابەن سەرچاوەیەکی نـان یـان بژێوییان بۆ مەیسەر بکات. بۆیە بڕیاردەدەن، بەمەبەستی ناردنی بۆ کـارکـردن، قـژی کەنیشکە دوازدە ساڵانەکەیان هەڵپاچن و بەرگی کوڕانەی لەبەر بکەن. چەند دیمەنێکی کاریگەرە کاتێک بۆ رۆژی دواتر کەنیشکەکە پرچە بڕدراوەکانی دەخاتە نێو ئینجانەوە.

رۆژی دواتر ژنەکە کەنیشکی خۆی (کەلە ئیمڕۆوە ئوسامەی کوڕە) دەباتە لای پیاوێکی دوکاندار کە هاوڕێی باوکی کچەکە بووە. کابرایش دوکانێکی بچووکی هەیەو شیری گەرم دەفرۆشێت. چەند رۆژێـک کەنیشکی دوازدە ساڵە کـە ناویان ناوە »ئوسامە«لەوێ کار دەکات و ئێواران شتێکی سادە لە کابرای دوکاندار وەردەگرێ بۆ خواردنی دایک و نەنکی و لەگەڵ خۆی دەیهێنێتەوە، بەڵام پۆلیس و سیخوڕەکانی تاڵیبان کە بەردەوام شار کۆنترۆل دەکەن لەوە مێملترن ئوسامەی بچووک بشێ خۆی لەوان بشارێتەوە. لە دوکان، لەچوونەوەی بۆ ماڵ و لەنوێژی جەماعەتدا دەیخەنە ژێرچاودێرییەوە. تا ئەو رۆژەی ناچاری دەکەن دوکان بەجێبهێڵێت و بچێتە حوجرەی فێربوونی قورئان.

بێگومان ئوسامە لەناو دەیـان مێردمنداڵی دیکەدا، تاکە (مێردمنداڵە!) ناتوانێ وەکو کوڕێک هەڵسووکەوت یان یاری بکات. کێشەکە ئەوەیە کە ئەویش وەکو ئەوانی دیکە (کوڕە!) بەڵام ناتوانێ کوڕێنی خۆی بەرجەستە بکات. بۆیە بەردەوام ئەم کاراکتەرە ناسکە دەبێت بە مایەی سەرزەنشتی هاوڕێکانی حوجرە. تاکە کەسێک لەو شوێنە هەقیقەتی ئوسامە بزانێ»ئەسفەندی»یە. ئەو کوڕە بەردەوام دەیەوێ و هەوڵدەدات»ئوسامە» بپارێزێت، بەڵام تواناکانی ئەو کوڕە بۆ پاراستنی ئەو کەنیشکە (کەنیشکی خۆحەشارداو لەبەرگی ئوسامەدا) سنووردارە. بۆیە لە گەمەیەکی بەدار سەرکەوتندا ئوسامە (نیو) ئاشکرا دەبێت. کاتێکیش پیاوانی تاڵیبان، بەڕێوەبەرانی حوجرە، ئوسامە سزا دەدەن و سەربەرەوخوار لەبیرێکدا هەڵیدەواسن، لەکاتی دەرکردنیدا تەماشا دەکەن خوێن بە لاقەکانیدا هاتۆتە خوارێ، پیرەمەلایەک، کە پێشتر هەناسەی بۆ جوانی لەشولاری ئوسامەی نەونەمام هەڵدەکێشا، تەماشای دەکات و دەڵێت:»کچە»!.

هەمان ئـەو پیرەمەلایەی لەکاتی فێرکردنی لەشپیسی دەرکردندا لەسەرشۆرگەی حوجرە، بۆ یەکەمجار لەشولاری ئەو منداڵە نازدارەی بینی و تەماحی تێکرد.

ئیتر لەو چرکەیەوە هەموو شت روونەو ئوسامە رووبەڕووی دادگا دەبێتەوە. دادگـای تاڵیبان. کچێکی هێشتا پێنەگەیشتوو دەدرێت بە دادگا. تاوان خۆگۆڕینی لە کچەوە بۆ کوڕ.

خۆگۆڕینی ئەو کەنیشکە، لە کچەوە بۆ کوڕ،



www.netewe.com





تاوانێکی گەورەیە. پاش ئەوەی لەسۆنگەی ئەو تاوانە گەورەیەدا ئوسامە دەدرێتە دادگا. دادگاکەی لەهەمانشوێن و هەمانکات دایە لەگەڵ کابرای کامێرابەدەستی رۆژئاوایی دا. ئەو گوێی لەو تەقانە دەبێت کاتێک کابرای رۆژئاوایی پێدەکوژن. یان ئەو دیمەنە دەبینێت چۆن ژنێک بەردباران دەکەن و زیندەبەچاڵی دەکەن. ئەو دیمەنانەی بوونەتە بەشێکی زیندووی ژیانی رۆژانە لەسایەی دەسەڵاتی تاڵیباندا.

لەدیمەنێکی سەرنجڕاکێشدا ئەو دادگایە ساز کراوە. دادگا لە«هەوای ئازاد» دا، لەبەر سایەی یەکێک لە کەلاوە هەرە گەورەکانی کابول دایەو خەڵکێکی زۆریش لەوێ بەچینچکانەوە چاودێری بەڕێوەبردنی دۆزەکە دەکەن و کابرای«دادوەر!»یش لەسەر تەختەیەک لێی راکشاوە.

ئەو دەمەی پیرەمەلا لە سەرشۆرگەی حوجرە، منداڵانی فێری دەرکردنی لەشپیسی دەکرد، پیرە مەلا ئوسامە بەنیمچە رووتی دەبینێ و لەبەرخۆوە دەڵێ:»خودایە ئەوە بەچکە پەرییە. چەندێ جوانە. وەرە، رۆڵە، وەرە نزیک بەوە». هەر لەو رۆژەوە پیرەمەلا مەیلی لەدەستبەسەرداگرتنی ئەم«غەنیمە»یە بوو. بۆیە کاتێک دەزانێ دەدرێتە دادگا بە پەلە فریای دادگاکە دەکەوێت و خۆی لە«دادوەر!»چ دادوەرێک، نیزک دەکاتەوەو بەگوێیدا دەچرپێنێت کە بۆچی هاتووە. دادوەر یەکسەر بڕیاردەدات ئەو کەنیشکە رادەستی پیرەمەلا بکرێت. کەنیشکی دوازدە ساڵە لەدەستی مەرگ دەترازێت، بەڵام بەرەورووی دۆزەخێک دەبێتەوە کۆتایی دیار نییە. هەر لەوێدا دادوەر غەنیمە پێشکەش بە پیرەمەلا دەکات و مارەی دێت. مەلای پیر کەنیشکەکە بەسواری کەر و عەرەبانە دەباتەوە ماڵێ، چ ماڵێک! چەندین ژن و منداڵی دیکەی مەلای لێیە. مەلا دەستوور بە یەکێک لە ژنەکانی دەدات کچەکەی بۆ بکەن بە بووک و کاتێک ئێوارە دێتەوەو بۆی بخەنە پەردەوە، ژنی گەورە دەبێ کچە ئامادە بکات، یان بووک ئامادە بکات، خەنەی لەدەست بدات و چاوی بڕێژێت، پیرەمەلا ئێوارە دێتەوە. هەموو دەبێ لە ژوورەکانی خۆیان بن، راستییەکەی ماڵەکە لە زیندان دەچێت نەک ماڵ و ئاوەدانی، نموونەیەکی بچووک و بەرجەستەی وڵاتەکەیە لەژێر سایەی تاڵیباندا.

کارەسات:

پیرەمەلا دەچێتە ژوورێ، دەچێتە لای ئەو کەنیشکە دوازدە ساڵانەیە، تاڵانی هۆش بەسەر نووزەی لێنایەت. ترس هەناوی تەنیوە. پیرەمەلا کاری خۆی دەکات، دێتەدەرێ و چۆن لەحوجرە منداڵانی فێرە دەرکردنی لەشپیسی دەکرد، سەرباری لاقەکردنی ئەو کەنیشکە بێتاوان و گوڵ ئاسایە، هێشتا، ئەو لەشپیسی خۆی دەردەکات و خۆی دەخاتە حەوزێکی تەنوورئاسای ئاوی گەرمەوە.

هونەر لەم بەرهەمەدا:

مارینا گوڵبەهاری، ئەو کچەی رۆڵی ئوسامەی لەفیلمەکەدا بینیوە، رۆڵێکی بەرجەستە کردووە سەرسامکار. رۆڵێک بەنیگای پڕ ترس و لەرزی، بەسیمای پڕ لەپاڕانەوەو بەزەییخواز، چیرۆکێکی دڵتەزێن دەگێڕێتەوە. ترسێکی ئاشکرا بەروخسارییەوە دیارەو هەرگیز لێی نابێتەوە. ئەوە ترسێکە، دەرهێنەر پێشانیدەدات چۆن بووە بە بەشێکی دانەبڕوا لە ژیانی مرۆڤەکانی ئەو رۆژگارە، بەتایبەتیش ژیانی ژنان لە رۆژگارێکدا تاڵیبان دەسەڵاتدارن.

لەسیمای ئەو کچەدا ترس دەبینین، ترس بەهەموو واتاکانیەوە. لەهەنگاوەکانیدا بەرەو ماڵ، بەرەو کار و لەیاریکردن و تەنانەت لەخەوتنیشیدا ترس گەمەکەری سەرەکییە.

«ئوسامە» هەستەکانی هەموومانی لەگەڵدایەو بەردەوام دەبێت بەقوربانی دەستی سیستەمێکی توندڕەو، سیستەمێک دەیەوێ دەسەڵاتی رەهای هەبێت، رەهابوونێک لەئاستی هەرەباڵای ترسناکیدا. بەڵام هەموو ئەمانە چۆن پێشاندراون، چۆن بەرجەستە کراون؟ لەئاستێکی باڵادا، ئاستێک کە دەرهێنەر بەم بەرهەمەی دەناسرێت، هەر بەم بەرهەمەیشی خەڵاتی گرنگ و بەنێوبانگی وەکو گۆڵدن گلۆب، ساڵی ٢٠٠٤ بۆ باشترین فیلمی بیانی وەردەگرێت. هەروەها ساڵی ٢٠٠٣ فیلمەکە خەڵاتی کامێرای زۆری (لێژنەی دادوەری) ڤێستیفاڵی کان وەردەگرێت.

پۆستەری فیلمەکە

خۆپێشاندانی ژنان لە کابول

منداڵان لە مزگەوتەکانی تاڵیبان لەشپیسی دەردەکەن.

ئوسامەی کوڕ

ئوسامەی کچ

بەرەو حوجرەی تاڵیبان بۆ فێربوون و خوێندنی قورئان

www.netewe.com

# چما لڤین؟



تەنیا کوردی

مەنووسە..!بەڵام ئەگەر نووسیت دەبێ لەنووکی راستییەوە پڕگاڵی وشەکانت چەقی بابەتەکە تەواو بکات. ئەگەر نووسیت نابێ وشەکانت وەک گڕی ئاگرێک بۆ دارستانێک بێ کە داری تەڕ و وشک بەیەکەوە بسووتێنێت. چونکە ئەگەر «دارستان سووتا داری بێلایەن کامەیە». رۆژنامەنووس ئەگەر بۆ رووناککردنەوەی راستییەکان پیشەکەی وەک مۆم بۆ خەڵک داگیرسێنیت، ئەی ئەوکاتەی رووناکی ئەو مۆمە بەتەنیا بۆ بەرژەوەندی لایەنێک بێت و لەحەقیقەتدا لەتاریکی نادروستەوە فووکرابێت...!! پیشەکەی چی؟ ئەو دڵسۆزییەی بەو ناوە دەناسرێت ناوی بنێین چی؟ ئەوەی کاری رۆژنامەنووسی دەکات و هەرێمێک لەنێو فەزای نووسیندا بەفەوزا ناودەبات و گۆڤارەکەی خۆیشی لەنێو ئەو بازنەیەدا بێلایەن دەردەخات، دەبێ متمانەی ئەو قسەیە سنووری باوەڕی خوێنەر تاکەی بڕبکات؟ ئەگەر نووکی خامەکەت تەنیا بۆ فڕێدانی چەند وشەیەک بوو کە لەناخدا سەرچاوەی لەراستییەوە نەبێت و بۆ ئەوەبێ کە بڵێن لەنێو فەزای نووسیندا تۆ هەیت، وەک ئەوە وایە کە پێنووسەکەت خستبێتە نێو تابووتێکەوەو دوای بەئاگاهاتنەوە هەواڵی لەدەستدانی وشەکانت زانیبێت، چونکە دەبێ وشە سەمای ئازادی لەنێو شانۆی راستگۆییدا نمایش بکات. ئەگەریش وشەکان لەپێناو مەرامێکی دیاریکراو بۆ بەدەستهێنانی دەستخۆشی کەسێکی دەمامکپۆش بێت، ئەوا رابردووی ئەو کەسەش بەدوای تۆ دەکەوێت. چونکە هێزی وشەیەکی راستەقینە، دەسەڵاتی بەسەر لەشکرێکی تەواوی دەسەڵاتدار هەیە، بەڵام ئەگەر وشە بەر لەمەیدانی جەنگ فرۆشرابێت؟ ئەوکاتە جەنگاوەری راستەقینە دەبێ لەکامە پێگەی سوپا ناونیشانی هەبێت. وشە لەو شوێنەی کە توانیویەتی راستگۆیی بەجبهێڵێت، ئەوکاتەیە کە خاوەن پێنووس جەنگاوەری راستەقینەی نێو پەڕاوێکە کە بە ئەمانەتەوە براوەی جەنگی بێلایەنییەو شایستەی مەدالیای نووسینە.

گۆڤاری لڤین، بەرلەوەی ئەو سوپایەی نووسین بێ کە وشەکانی پاککەرەوەی ئەو فەزایە بێت کە بەگوتەی ئەوان راگەیاندنی کوردی تێیکەوتووە دەبێ ئەو راستییە بزانرێت کە ئەوانیش لەمەیدانی ئەو فەزایەدا بەشێکن. تەمەنی گۆڤاری وارڤین، هێشتا ساڵێکی پڕنەکردووەتەوە، بەڵام ساڵێک لەبێلایەنی پیشەیی سەربەخۆیی کار و دوور لەو فەوزایەی کە ئەوان ناوی دەبەن. لەو بابەتەی کە لەدوو ژمارەی لڤین ناوی وارڤینی تێدا هاتووە نە وەک نووسینەکەی لڤین سەرچاوەی لەراستییەوە نەگرتووە، بەڵکو بەشێوەیەکی وا وشەکان نمایشکراون کە جگە لەنادروستی هیچ ئاکامێکیتری لێ شین نەبووە. لڤین، لەدوا ژمارەیدا نووسیویەتی گۆڤاری وارڤین ٢٥ ملیۆن دیناری چاپی نوێ لەحکوومەت وەردەگرێت؟ بەڵام ئێمە دەڵێین وارڤین، بودجەی لەوە زیاترە. ئەو گوتوویەتی وارڤین میدیای سێبەرە، بەڵام ئەوەتا ئێمە گەیشتووینەتە ٢٢ ژمارە، بەبێ ئەوەی تەنیا یەک وشەمان گوزارشت لە لایەنگیری یەک حزبی کوردی کردبێت. ئێمە کاردەکەین و بە کاریش وەڵام دەدەینەوە. شوێنی ئێمە لەنێو ئەو یارییەدا نییە کە هەر جارەو بە ئەمری میرێک کەسێک کشومات بکرێت؟ ئێمە لەو فەزایەی کە لڤین، لەبارەی راگەیاندنەوە لەهەرێمی کوردستان باسی لێوەدەکات نووسینەکانمان نەهاتووەتە گۆ؟ بەڵام ئەگەر پرسیار بکەین لڤین، لەکامە کەشدا خولقاوە؟ بودجەکەی ئەوان چەندە؟ کێ پاڵپشتییان دەکات؟ ئەوان کاری رۆژنامەنووسی دەکەن، یان بەمەبەستی دیاریکراو و تەوقیتکراو هێرش دەکەن؟ وەڵامەکان لەنێو ئەو دارستانەیە کەلە سەرەتا ئاماژەمان پێدا کە داری بێلایەن کێیە؟ بۆ سەلماندنی راستییەکانیش دادگا خاڵی یەکلاکەرەوەی راستییەکان دەبێت.

www.netewe.com

# نازدار جـــوانترین
# و دەنگخۆشترین
# هـــــونەرمەندی ژنە



www.netewe.com